دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٤٢
یەکشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٥
٦ی ئووتی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## بەرەو شێست‌ویەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب

لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دەنێتە شێست‌ویەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی‌و، ساڵێکی نوێ لە خەبات‌و تێکۆشان لەپێناوی ئازادیی ئێران‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لەو وڵاتەدا، دەست پێ‌دەکا. هەر لە ئێستاوە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو تێکۆشەران، ئەندامان‌و لایەنگران‌و ئۆگرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین‌و سەرکەوتنی ئەوان لەهەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەم یادەو چالاکی ڕێورسمەکانی تایبەت بەم بۆنەیەوە بەئاوات دەخوازین.

"کوردستان"

# گیانی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئێران لەگەڵ مەترسیی چارەنووسێکی وەك ئەکبەری محەممەدی بەرەوڕوویە!

کۆنفرانسی چاپەمەنیی سکرتێری گشتیی حیزب ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
حەماسەی ٢٢ی پووشپەڕی ٨٥ ٤
٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دەسپێکی خەباتی مودێرن لە کوردستان ٥
ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەردەم دووڕیانێکی دژواردا ٨
باسێك لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون ... ٩
پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ١٠

## هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨٥/٥/١١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٠٦/٨/٢ی زایینی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد، کە لەلایەن بەڕێزان کاك کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی‌و هەڤاڵانی‌یەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا لەسەر مەسایلی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەیرانی شەڕی لوبنان‌و وەزعییەتی سیاسیی عێراق، ئێران‌و کوردستان بەگشتی باس‌و گۆڕینەوەی بیروڕا کرا.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەو پێوەندییەدا دوای باس لەسەر وەزعییەتی گشتیی ئێران‌و قەیرانە ناوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیشارەی بەوە کرد کە ڕێژیم هیچ ڕێگاچارەیەکی دێموکراتیکی بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانانە نیە. هەر لەو راستایەدا باسی تێکۆشانە دیپلوماتی‌و تەشکیلاتی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بەتایبەت هەوڵدانی ئەوحیزبەی بۆ نزیك کردنەوەی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی کرد.


بەڕێز کاك کۆسرەت‌و باقی هاوڕێیانی یەکیەتیی نیشتمانی بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە پێشکەوتنەکانی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەیئەتی میوان باس کردو، داهاتووی کوردستانیان لە سایەی ئەو هەنگاوە مەزنەدا زۆر ڕوونترو گەشاوەتر پێش بینی کرد.

هەیئەتی میوان وێڕای پیرۆزبایی دووبارە بۆ یەکگرتنەوەی حکوومەت‌و ئەو سەرکەوتنانەی براکانیان، ئامادەیی حیزبی دێموکراتیان بۆ خزمەتی ئەو سەرکەوتنانە ڕاگەیاند.

بەشێکی دیکە لە باسەکانی ئەو دیدارە لەسەر پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانەی نێوان یەکیەتیی نیشتمانی‌و حیزبی دێموکرات بوو کە هەردوولا تەئکیدیان لەسەر کردەوەو لەو باوەڕە دابوون کە لە هەلومەرجی ئێستادا کە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی زۆر لە ناوچەدا دەکرێ هاوپشتی‌و هاریکاری هێزەکانی کوردی لە ناوچە بەگشتی‌و حیزبی دێموکرات‌و هێزە سەرەکی‌یەکانی کوردستانی ئێراق زیاتر لە ڕابردوو پێویستە.

کۆبوونەوەکە دوای نزیك بە ٣ سەعات وتووێژ لە فەزایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات‌و هەیئەتی حیزبی دێموکرات بەگەرمی‌یەوە لەلایەن هەیئەتی میواندار بەڕێ کران.





ئەکبەری موحەممەدی کە لەژێر شکەنجەی کۆماری ئیسلامی‌دا گیانی لەدەست دا

## شوورای ئەمنییەت بڕیارنامەیەکی لە دژی ئێران دەرکرد

بەپێی هەواڵی ڕادیۆ فەردا ڕۆژی دووشەممە، شوورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ١٤ دەنگی ئەرێنی‌و ١ دەنگی نەرێنی بڕیارنامەیەکی پەسندکرد کە تیایدا چاوەڕوان کراوە کە مل نەدانی کۆماری ئیسلامی پێی تەحریمگەلێکی لەوانە قەدەغەکردنی هێنانە ناوەی کەرەسەو تێکنۆلۆژی پێویست بۆ چالاکییە ناوکییەکان‌و سنووردارکردنی سەفەری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە. ئەم بڕیارنامەیە پاش وەڵام نەدانەوەی ئێران بە پێشنیارەکانی وڵاتانی ١+٥ دەرکرا.

وەزراەتی دەرەوەی ڕێژیم ڕایگەیاند دەرکردنی هەر جۆرە بڕیارنامەیەك لە دژی کۆماری ئیسلامی، تاوتوێکردنی بەستەی هاندەرە پێشنیارکراوەکانی وڵاتانی ١+٥ بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانیۆم لە دەستووری کار دەباتە دەرەوە.

کوردستان میدیا

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی

## کوشتنی ئەکبەر محەممەدی مەحکوم دەکەین

هاونیشتمانانی بەڕێز!
ئازادیخوازانی ئێران!

ئەکبەری محەممەدی ئازادیخوازی ناسراوی ئێرانی‌و چالاکی بزووتنەوەی خویندکاری لە ئێران کە بەدوای حەرەکەتە ئێعترازی‌یەکەی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی لە تاران دەستگیرو زیندانی کرا، پاش چەند ساڵ تەحەمولی ئەشکەنجە ساڵێك لەوەپێش بەهۆی خەراپیی باری تەندروستی‌و لەمەترسی‌دا بوونی سلامەتیی کە ئاکامی ئەشکەنجەو هەلومەرجی ناو زیندان بوو و پێویستیی بە موعالیجەو لەژێر چاوەدێریی پزیشکدا بوو، مورەخەسیی ئێستیعلاجیی پێ‌درا.

ناوبراو لە حاڵێکدا کە پێویستیی زیاتری بە درێژەی موعالیجە هەبوو لەم دوایانەدا سەرلەنوێ دەستگیرو ڕەوانەی زیندان کرایەوەو بۆ ئێعتیراز بەم دەستگیری‌و زیندانی‌کردنەوەیە بڕیاری مانگرتن‌و خۆبواردن لە خواردنی دا. بەداخەوە لە حەینی ئەم مانگرتنەدا بە گوێرەی هەواڵ لە حەمامی زیندانی ئەویندا دڵی لە لێدان کەوتوەو، بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست داوە.

ئەوە کە بەپێی ئەم دەنگۆیانە بڵاو بوونەوە کە ئەکبەری محەممەدی لە لایەن جەللادەکانی ڕێژیمەوە بە شێوەیەك گیانی لێ‌ئەستێندراوە، یان بەهۆی مانگرتنە ئێعتیرازی‌یەکەی‌و تەشەنەکردنی نەخۆشی‌یەکەی گیانی لەدەست دابێ هیچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ کە بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتە لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و دەزگا ئیتلاعاتی‌و ئەشکەنجەگەرەکانیەتی. بەتایبەت کە ڕۆژێ پێش گیان لەدەستدانی‌و لەکاتی سەردانی هەیئەتی مەجلیس لە زیندان، دیتراوە کە ئەکبەری محەممەدی لە وەتاغێکدا بە دەستوپێ زەنجیرکراوی‌و دەمبەستراوی، بە تەختی زیندان بەستراوەتەوەو شوێنی شکەنجەو لێدان بە سەر لەشیەوە بیندراوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ خولقاندنی ئەم جینایەتەو ڕەفتاری دژی ئینسانی لەگەڵ زیندانییە سیاسی‌یەکان، پەژارەی خۆی بۆ لەدەستچوونی ئەکبەری محەممەدی ئازادیخوازو هەڵسووڕی بزووتنەوەی خوێندکاری دەردەبڕێ‌و سەرەخۆشی لە هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی‌و خوێندکاران بەگشتی‌و لە بنەماڵە بەڕێزەکەی بەتایبەتی دەکاو هیوادارە خەباتی یەکگرتووانەو هاوبەشی گەلانی ئێران بە ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیك لە ئێرانێکی فیدراڵدا، ئاواتی ئەو شەهیدەو هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی بێنێتەدی.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆمان لە چارەنووسی باقی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، داوا لە کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکا کە بەبێ‌تەفاوەتی‌یەوە بە پەنا ئەو جینایەتخولقێنیانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تێ‌نەپەڕن‌و لە بەرانبەریاندا بێدەنگ نەبن. بێدەنگی لە بەرانبەر ڕەفتاری دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو ڕێژیمە لە درێژەدان بە جینایەت‌و بەربڵاوتر کردنی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ هارترو دەستئاواڵەتر دەکا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**2006/8/1**
**١٣٨٥/٥/١٠**

## بەشداریی سکرتێری‌گشتیی حیزب لە کۆنفرانسی چاپەمەنیی میدیاکانی حیزب دا

بەدوای گەڕانەوەی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەفەری دەرەوەی وڵات، ڕۆژی پێنج شەممە، ٥ی گەلاوێژ میدیاکانی حیزب لە سکرتاریای حیزب دا کۆنفرانسێکی چاپەمەنییان بۆ پێك هێنا.

لەم کۆنفرانسەدا کە هەواڵنێرەکانی تیشك tv، کوردستان میدیا، ڕۆژنامەی کوردستان، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی ئاگری‌و گۆڤارەکانی لاوان‌و ژنان بەشدار بوون، سکرتێری گشتی حیسزب ئاکامەکانی سەردانەکەی بۆ دەرەوەی ولات، چالاکییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، سیاسەتەکانی حیزب‌و بارودۆخی کوردستان‌و ناوچەی تاوتوێ کرد.

لە درێژەی ئەم کۆنفرانسەدا کە سەعات‌ونیوێکی خایاند بەڕێزهیجری وڵامی پرسیاری هەواڵنێرانی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دایەوە.

## هەڕەشەی مانگرتنی ٣٥٠ مامۆستای کوردستانی

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی ڕێکخراوی RMMK زیاتر لە ٣٥٠ مامۆستای قوتابخانەکانی شارەکانی مەریوان‌و بانە لە داخوازینامەی جیاوازدا داوای داواکارییە پشتگوێ خراوەکان‌و مافە لەبەرچاو نەگیراوەکانی چەندین ساڵەی خۆیان لە وەزارەتی ئامووزش‌و پەروەرش کرد.

نوێنەرانی مامۆستایانی مەریوان‌و بانە وێڕای چوون بۆ تاران‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ جێگری وەزیردا، هەڕەشەی مامۆستایانی کوردستانیان بە مانگرتنی بەکۆمەڵ‌و بەرین لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی داخوازییەکانیان دا پێ‌ڕاگەیاند. دەوترێ ئەم مامۆستایانە زۆرتر لە دێهاتەکان دا کار دەکەن‌و لە ڕەچاونەکرانی پێشینەی کاری‌و دەستەبەر (تضمین) نەبوونی پیشەکەیان‌و لە خوارەوەبوونی داهات‌و... ناڕازین.

کوردستان میدیا

## ئێران پشتیوانیی خۆی لە هێرشی تورکیە بۆ ناو خاکی کوردستان ڕاگەیاند

فیرووز دەوڵەت ئابادی، باڵوێزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئانکارا ڕایگەیاند: ئەوان پشتگیرییەکی تەواوی تورکیە دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ نێو خاکی "باکووری عێراق" لە دژی PKK کە لە ڕۆژهەڵات‌و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە شەڕ لە دژی تورکیە دەکەن.

بەڵام ڕۆس ولسن، باڵوێزی ئامریکا لە ئانکارا ڕایگەیاند: ئەو بە ئۆپەراسیۆنێکی وەها ڕازی نیەو وتی: "ئەوە هەنگاوێکی عاقڵانە نیە کە تورکیە یەکلایەنە هێرشێکی وابکات".

هەروەها بەپێی هێندێ لە هەواڵەکان سوپای تورکیە ١٢ کیلۆمیتر چۆتە نێو خاکی ئێران‌و لە ناوچەکانی خۆی‌و سەلماس‌و مەرگەوەر، هێزەکانی تورکیە بە جلوبەرگی پاسدارانی ئێرانەوە دەچنە ناوچە سنوورییەکان.

pukmedia

# ڕێزدار هیجری:

## ـ ئێمە وەك کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، پرۆژەو پێشنیارمان بۆ ئامریکاو ئورووپا هەبوو

## ـ لە لایەن ئێمەوە هیچ کۆسپ و ئاستەنگێك لە بەردەم پێکهاتنی بەرەی کوردستانیدا نیە

### وتووێژی چاپەمەنیی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، دوای گەڕانەوەیان لە ئورووپا

**ئاماژە: بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نیوەی دووهەمی مانگی بانەمەڕدا، بە مەبەستی هێندێك چالاکیی دیپلۆماسیو تەشکیلاتی، سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد. لەم سەفەرەدا، بەڕێزیان لە ئامریکاو ئورووپا لەگەڵ لێپرسراوانی دەوڵەتیو نوێنەری حیزبە سیاسییەکانی وڵاتانی ئامریکا، فەرانسە، بریتانیا، ئاڵمانو ...و هەروەها نوێنەرانو لێپرسراوانی زۆر ڕێکخراوو دامەزراوە، دیدارو چاوپێکەوتنی بووە.**

**سکرتێری گشتیی حیزب هەر لەو سەفەرەدا سەردانی زۆربەی کومیتەکانی حیزبی لە ئورووپاو ئامریکای کردو کارو چالاکییەکانی کومیتەکانی حیزبی لە نزیکەوە هەڵسەنگاند.**

**تاوتوێکردنی وەزعییەتی ئێرانو کوردستان، پرسی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران، سەرکوتی نەتەوە بندەستەکان، پێخۆستی ئازادییە سیاسیو مەدەنییەکان، تەوەرەی ئەم پرسو باسانە بوون کە سکرتێری گشتیی حیزب لە لێدوانو چاوپێکەوتنەکانیدا تیشکی دەخستە سەریانو لەمبارەوە هەڵوێستو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەخستە ڕوو.**

**دوای گەڕانەوەی بەڕێزیان لە سەفەری دەرەوە، سکرتاریای حیزبی دێموکرات کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیی بۆ بەڕێزیان لە سکرتاریای حیزب پێك هێنا. لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەڤانییەدا کە ڕۆژی ٥ شەممە ٨٥/٥/٥ی هەتاوی بەڕێوە چوو، هەواڵنێری ڕاگەیەنەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، "ئاگری"، "لاوان"، "ژنان"و "تیشك تیڤی" بەشدارییان کردبوو. لێرەدا دەقی پرسیارەکانی عەلی بداغی، هەواڵنێری "کوردستان"و "کوردستان مێدیا"و وەڵامی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بەو پرسیارانە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی "کوردستان":**

**بەڕێز کاك مستەفا! بەڕێزتان وێڕای وەفدێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانو بە هاوڕێیەتیی چەند کەسایەتییەکی سیاسیو چالاك لە بواری مافی مرۆڤدا لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە یەکێك لە سالۆنەکانی کۆنگرەی ئەمریکاو هەروەها سەنا بەشداریتان کردو گوتارتان پێشکەش کرد. فەرموون ئەو دیدارو بەشداربوونەتان لە سەر بانگهێشتنی چ کەسو لایەنێك بوو، بەڕێزتان وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەشداریتان کردبووو یان وەك نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ؟ لە لێپرسراوانی ئەمریکایی چ کەسانێك بەشدار بوون لەم کۆبوونەوەو دیدارو چاوپێکەوتنانەدا؟**

دەعوەتێك کە لە ئێمە کرابوو لە لایەن ڕێکخراوەکانی کوردیی ئەمریکاوە بوو، ئەوان تەرتیبی ئەو کۆبوونەوانەیان بە موافقەتی کۆنگرەو سەنا پێك هێنابوو، ئەمن وەکوو نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا، بەشدار بوومو وەك سوخەنگوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەزەراتو بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم لەو کۆنفرانسەدا ڕاگەیاندووەو لە ڕاستیدا هەمووومان وەکوو نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، یەك پرۆژەو پێشنهادمان هەبووە، بۆ ڕاگەیاندراوە گشتییەکانی جیهانو لە ئەمریکاو ئورووپا، ئەویش ئەوە بوو، کە ئێمە پێشنهادی ئاڵوگۆڕمان بۆ ئەو حکوومەتە کردوە. پێشنهادمان کردوە کە کۆماری ئیسلامی بە حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵیی بگۆڕدرێ. فیدرالیزمێك کە لەوێدا نەتەوەکانی بندەستی ئێرانی بتوانن حکوومەتی نێوخۆی خۆیان هەبێو لە بەڕێوەبەریی حکوومەتی گشتیی ئێراندا بە شێوەی یەکسان بەشداری بکەن. مەبەستی ئێمە وەکوو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵو هەروەها وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوە بوو کە هەموو نەتەوەکانی ئێران داوتەڵەبانەو بە مەیلی خۆیان لە ئێراندا بمێننەوەو بە شێوەی یەکسان بەشدار بن لە حکوومەتی ئێراندا. پێمان وایە کە ئەو شێوە حکوومەتە دەتوانێ یەکپارچەیی ئێران بپارێزێ بە پێچەوانەی ئەو پڕۆپاگەندانەی کە زۆرجار نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یا هێندێك لایەنی شوڤێنیست پێیان وایە کە مەسەلەی فیدراڵیو مافی نەتەوەکان دەبێتە هۆی لەتبوونی ئێران. ئێمە پێمان وایە کە درێژەی ستەمو نابەرابەریی لە ئێراندا دەبێتە هۆی جیابوونەوەو گەرایش بۆ جیاییو لەت لەت بوونی ئێران فەراهەم دەکا، بەڵام ئەگەر نەتەوەکانی ئێرانی بە شێوەیەکی یەکسان بەشداری بکەن لە بەڕێوەبردنی ئێراندا، ئەو گەرایشە زۆر زۆر زەعیف دەبێ.

**بەڕێز کاك مستەفا، بەڕێزتان لە ئامریکا جگە لە بەشداریتان لە کۆبوونەوەی کۆنگرەو سەنای ئەمریکا دیدارو چاوپێکەوتنی دیکەتان لەگەڵ لێپسراوانی دەوڵەتی یا شەخسیەتەکان یان دامەزراوەکان بووە یان نەبووە؟ یان بە ڕوویەکی دیکەدا ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ئەم موئەسەساتو دامەزراوانە لەگەڵ ئەم بەرپرسە حیزبیانە، چەندە دەتوانێ لەسەر بڕیاری سیاسیی ئەم وڵاتانە چ لە ئەمریکاو چ لە ئورووپا کاریگەر بێ، لە هەڵوێستی ئەوان لە ڕوانکەی ئەوان بەنیسبەتی کێشەکان؟**

زۆرتر ئێمە لە ئەمریکا لەگەڵ مەجموعەیەکی زۆر لە دامودەزگاکانی حکوومەتیو موئەسەساتی دێموکراتیك کە لە ئەمریکا دا زۆرن ـ ئەمریکا بە وڵاتی موئەسەساتی دێموکراتیك ناسراوە ـ لەگەڵ ئەوان چاو پێکەوتنمان بووە کە ئەوانە مەعمولەن، بێجگە لە ڕێکخراوە حکوومییەکان یا دامودەزگا حکووومییەکان تەئسیراتیان هەیە لە مەراکیزی بڕیاردا. ئێمە لەو شوێنانەدا ویستو داخوازەکانی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان لە رابیتە لەگەڵ مەسەلەی کورد، لەسەر جووڵانەوەی کوردو ئەو ستەمانەی لەسەریەتی هەروەها لەسەر داهاتووی ئێران بەو مەرکەزانە ڕاگەیاندوە. ئەوەی کە تەئسیراتی ئەو ڕاگەیاندراوانە تا چ ڕادەیەکە تەبیعییە ئەوە دەبێ چاوەڕوان بین، لە داهاتوودا ئەو تەئسیرانە ببینین. بەڵام بێگومان مەلاقاتی، سیاسییو تەوزیحو بەیانی مەتالیب بەشێوەیەکی موستەدەل کە بتوانێ تەرەف قانیع بکا بۆ خۆیشی دەتوانێ تەئسیراتێکی موفیدی هەبێ لە مەرکەزی بڕیاردا. ڕەنگە ئێمە هیچ کەسێکمان وەکو ئۆپوزیسیونی ئێرانی نەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا، مەرکەزی بڕیار بێنینە سەر ئەو قەناعەتەی کە سیاسەتی خۆیان بە نیسبەتی وڵاتێك یا بە نیسبەتی پڕۆژەیەك بگۆڕن، بەڵام بێگومان تەوزیحاتی زۆرتر و ئیستدلال کردن لە پێوەندی لەگەڵ مەسائیلێکدا کە بۆ ئێمە موهیمەو بۆ ئەوان دەتوانی ئیتلاعەتیکی تازەی تێدا هەبێ، ئەوە دەتوانێ لە داهاتوودا تەئسیردابنێ لەسەر مەراکزی بڕیارداو ئوسوولەن وەزیفەی کاری دیپلوماسی ئەوەیە. ئەوە نەك هەر لە بینینی ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو دامودەزگاکانی حکوومەتی لە ئورووپاو ئەمریکا بەڵکووو لە بینینی خودی دەوڵەتەکانیشدا وەختێك کە دیداری سیاسی پێك دێ بە مەعنای ئەوە نیە حەتمەن لەودیدارەدا لایەنێك نەزەری لایەنێکی دیکە قبوول دەکا، بەڵکوو مەسەلەکە بەحسو دیالۆگە بۆ دیتنەوەی ڕێگاحەلهایەکی کە بە قازانجو بەرژەوەندیی هەرو دوولادا دەشکێنەوە. ئێمە لەو پێوەندییەدا نەزەراتو بۆچوونەکانی خۆمان بەو مەراکزە ڕاگەیاندوەو ئیستدلالمان کردوە کە چۆن دەتوانرێ کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئێران بتوانێ لەژێر ستەم ڕزگاری بێ. بۆ ئەوەی کە دنیا لە چنگی مەرکەزی ئاژاوە کە ئێستا ئێرانەو بەتایبەتی لە خاوەرمیانەدا، ڕزگاری بێ بۆ ئەوەی چۆن خاوەرمیانە بتوانێ لە پرۆسەی دێموکراسیدا بچێتە پێشی، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەلایلێك کە ئیرائەمان داوەو خەڵکی دنیا زۆر لەسەری شارەزایە، مەرکەزی ئاژاوەو شەڕو کێشەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پشتیوانی تیرۆریزمەو ئێمە دەبێ چ بکەین و چ ڕێگاهایێك بگرێنە پێش بۆ ئەوەی کە ئەو کۆسپە گەورەیە لەسەر ڕێگا لابەرین. بۆ ئەوەی کە هەموو لایەك بتوانن سوودی لێوەرگرن، لەو بارەوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە بەحسەکانی ئێمەو ئەو ئیستدلالاتەی کە کردومانن زۆر بە دیققەت سەرنجیان دراوەتێو لە زۆربەی ئەوانەدا قەولیان داوە کە ئەو بەحسانە لە مەرکزی قەرارو بڕیاردا بێننە گۆڕێ، موتالیعەیان بکەنو بەحسیان لەسەر بکەنو بۆ ئەوەی کە بتوانن بە نەتایجێك بگەن کە هیوادارم بە قازانجی هەموو لایەك تەواو بەبێ.

**بەڕێز کاك مستەفا! بەڕێز کاك عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەك لەگەڵ حەوتوونامەی "ئاسۆ" چاپی سلێمانی، دەڵێ: حیزبی دێموکرات بووە هۆی ئەوەی ئێمە کەمترین دەسکەوتمان لە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتو ئامریکا هەبێ، جیاوازیی بۆچوونی ئێوە لەگەل بەڕێزیان لەدەرەوە لەسەر چی بوو؟ هەر لەم پێوەندییەدا پێم خۆشە سەبارەت بە پرسێکی ڕۆژەڤی کوردستان واتە بەرەی کوردستانی پرسیارێکتان لێ بکەم. هەر بەڕێزیان کاك عەبدوڵڵا لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنی لەگەڵ rojhelat دا هەموو ئاستەنگو کۆسپەکانی بەردەم ڕێی بەرەی کوردستانی لەسەر کۆمەڵە دادەماڵێو بە ئەستۆی حیزبی دێموکراتی دادەبڕێ، دوایین بۆچوونی حیزب لەبارەی بەرەی کوردستانی چیە؟**

لە پێوەندی لەگەڵ سەفەری ئامریکا، دیارە ئێمە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە قەرار بوو پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵەو باقیی ئەندامەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بیکەین، کردوومانن. بێجگە لەوە کۆمەڵە بۆ خۆیو ئێمەش وەك حیزبی دێموکرات هێندێك چاوپێکەوتنی تایبەوتیمان هەبوون. لەگەڵ هێندێك دامودەزگاکانی حکومەتو شوێنی دیکە. من لەو باوەڕەدا نیمو نازانم دیدارە خسوسییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کوێو چ جێگایەك بوون، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی چاوپێکەوتنەکانی خۆم، من لەو باوەڕەدا نیم کە کەمترین دەسکەوتمان بووە، پێم وابێ لەو سەفەرەو لەو چاوپێکەوتنانەدا دەسکەوتی باشمان هەبوو.

لە پێوەندی لەگەڵ بەرەی کوردستانیش دا، ئێمە لەمێژە گوتومانەو ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ بەرە یا پێکهێنانی ئێتیلافێك لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لەنێو گەلی کورددا رابردووی موباریزاتییان هەیەو ناسراون بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێرانداو ئەحزابێکی سەربەخۆنو لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون، ئێمە هیچ مانێعێکمان نیە بۆ دانیشتن لەگەل یەك یەکی ئەوان یا لە جەمعی ئەوان دا بۆ باسکردن لە بەرنامەیەك بۆ دانانی هەر جۆرە ئێتیلافێك پێکەوە، بۆیە لەو پێوەندییەدا هیچ کۆسپو ئاستەنگێك بە نیسبەتی ئێمەوە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان وجوودی نیەو، دوایین نەتیجەی دانیشتنو قسەی ئێمەش لە پاییزی رابردوودا بوو کە هەموو ئەو ڕێکخراوانە ڕێککەوتین بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانیشەوەو قەرارمان دا لە شوێنێك کۆببینەوەو بەڵام ئەوەی نەهاتە سەر قەرارو خۆیان لە دانیشتنەکە پاراست، نوێنەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بوونو، تاکوو ئێستاش وەڵامی ئەوەیان نەداوەتەوە کە بۆچی بەشدار نەبوون لەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هاتبوو. بەڵام ئەوە شتێك نیە کە داخرابێ. ئێمە لەمبارەوە ئامادەین قسە بکەین، وتووێژ بکەینو لەم ڕێگەیە ئاستەنگێك لەلای ئێمەوە نیە.

**کاك مستەفا، بەڕێزتان لەم سەفەرەی دووهەمجارتان بۆ دەرەوەی وڵات لەگەڵ نوێنەرانی ئەحزاب و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی ئێرانیش بێگومان، دیدارو چاوپێکەوتنتان هەبوو، پێمان خۆش بوو بزانین ئایا پاش گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕوانگە و بۆچوونی ئەو حیزب و ڕێکخراوە، سەرانسەرییانە بە نیسبەتی کورد و کێشەی کورد، بەتایبەت حیزبی دێموکرات گۆڕانی بە خۆیەوە بینیوە یا نە؟ لەم پێوەندییەدا پێم خۆشە ئەم پرسیارەم لە ژێر تیشکی ئەم بۆچوونەدا بکەم کە دەبینم پاش یەك ساڵ و نیو لە دامەزراندنی کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، هیچکام لەو ئەحزاب و سازمانە سیاسییە سەرتاسەرییانە ئیعترافیان پێی نەکردوە و بە ڕەسمییان نەناسیوە، و لەگەڵ ئەو قەوارەیەی نەکەوتوونەتە وتووێژێکی ڕاستەوخۆ ئێوە تەقابول و بەرەورووو بوونەوەی ئەو دوو گوتارە، گوتاری نەتەوە بندەستەکان کە خوازیاری دابینکردنی مافی چارەی خۆ نووسین لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدان لەگەڵ گوتاری ئەم هێزانە بە ناسیونالیستەکانەوە بە شوڤێنیستەکانەوە بە ئیسلامییەکانەوە بە چەپە توندرەوەکانەوە کە کاتێك باس لە نەتەوەکان دەکرێ دەکەونە یەك بەرەی هاوبەشەوە لە ژێر چەتری پاراستنی تەمامییەتی ئەرزیی ئێوە ئاکامی ئەو بەرەوروو بوونەوە چۆن دەبینن؟**

پرسیارێکی جوان بوو، بەتایبەتی لەو جیهەتەوە کە مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان، مەسەلەی فیدراڵیزم، مەوزووعێکە کە بۆتە مەوزووعی ڕۆژو لە واقیعدا شتێك نیە کە هیچ لایەنێك بتوانێ خۆی لێ بپارێزێ. وەکوو پێشتر باسمان کرد کە مەسەلەی فیدراڵیزم لەو شکڵەیدا کە مەترەح کراوە لەلایەن ئێمە و کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵەوە مەسەلەیەکە کە دەسەڵات دەدا بە نەتەوەکانی بندەست، بێگومان لە دەسەڵاتی مەرکەزییەت کەم دەکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە بەحس و دیالوگی هێناوەتە پێشێ. بە نەزەری من دوو بۆچوون لەو دیالوگەدا هاتۆتە ئاراوە، لایەنێك هەیە کە هەر وەك رابردوو بیردەکاتەوە، پێی وایە کە مەسەلەی ماف خوازی، دەتوانن وەکو، رابردوو بە سەرکوت و زەبروزەنگ و توندوتیژی و زیندان کردن و کوشتن و بڕین و ئیتهام لێدان لە پرۆسەی ئازادیخوازیی نەتەوەکانی ئێرانی هەر وەك رابردوو سەرکوت کەن و بە حکوومەتی زوڵموزۆر درێژە بدەن. ئەوە بیرێکی کۆن و فکرێکی لەکارکەوتوە کە بێجگە لە ڕێگا حەللەکانی رابردوو کە تاکوئێستا نەك هەر لە ئێران بەڵکو لە وڵاتانی دەوروبەر و لە سەرانسەری دنیادا بە شکست ڕووبەڕوو بووە، بێجگە لەوە فکرێکی دیکە، ڕێگا چارەیەکی دیکە بە نەزەریان ناگا. لە مەسەلەی دابەشبوونی ئێران تۆقیون بەڵام لەجیاتیی ئەوەی کە بیر لەوەی بکەنەوە چ کارێك بکەن، چ ڕێگاحەللێك پێشنەهاد بکەن بۆ ئەوەی کە ئێران تووشی دابەشبوون نەبێ ڕاست دەگەڕێنەوە سەر رابردوو، یەعنی بۆ سەردەمی ئێستا هیچ ڕێگا حەللێکیان نیە ئەو شێوە بیرکردنانەوە بێگومان هەم لە ئێراندا هەم لە هەموو جێگایەکی دیکەدا لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو دەبێ، بە دەلیلی ئەوە لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو دەبێ، چوونکە دنیا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە ئەگەر لە رابردوودا خەڵك بەسەرکوتو زەبروزەنگ تەسلیم دەبوو، دەنگی لەبەرەوە نەدەهات بەشێك لە خەڵك وشیاریی نەتەوەییان لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو و کۆماری ئیسلامیی ئێران و حکوومەتەکانی رابردوو دەیان توانی بەزۆر شیعارو بە قسە فریویان بدەن، ئێستا دەورانەکە گۆڕاوە دەورانی ئیرتباتاتی سەریعە هەموو ئاڵوگۆڕەکان خەڵکی دنیا لێیان ئاگادارن، کە خەڵکی ئێرانیش لەگەڵ ئەوانن بەتایبەتی گەلی

بۆ لاپەڕەی ٤

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی



**هەموو ئەو ڕێکخراوانە ڕێك کەوتین بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانیشەوەو قەرارمان دا لە شوێنێك کۆببینەوە، بەڵام ئەوەی نەهاتە سەر قەرارو خۆیان لە دانیشتنەکە پاراست، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون، تاکوو ئێستاش وەڵامی ئەوەیان نەداوەتەوە کە بۆچی بەشدار نەبوون**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## لە شارە کوردنشینەکانی خوراسان دا
## رێز لە ١٧هەمین ساڵی تیرۆری دوکتور قاسملوو گیرا

ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار لە ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان دا بەبۆنەی ١٧هەمین ساڵیادی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملووەوە، خەڵکی شاری شیروان و ناوچە کوردنشینەکانی تری خوراسان بەشێوەی جۆراوجۆر رێزیان لە یادو گەورەیی ئەو رێبەرە شەهیدە گرت. ئەمە لە کاتێک دا بوو کە ئەحمەدی‌نژاد دەیویست لە ناوەڕاستی مانگی پووشپەڕدا سەردانی ئەو ناوچانە بکا، بەڵام بەهۆی ترس و دڵەراوکێی هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم لە پێکهاتنی ئاڵۆزی و پشێوی لە ناوچە کوردنشینەکان بە تایبەت پاش گرتنی دوو کەس لە رۆژی ٢٣ی پووشپەڕ، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەحمەدی‌نژاد ناچار بوو سەفەرەکەی بۆ ماوەی دوو حەوتوو دوابخا.

پاش ئەم بارودۆخە رێژیم دەستی کردوە بە گرتنی تێکۆشەرانی کورد بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داو لە شاری "ئاشخانە" ٤٠ کەس گیراون و تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هیچ ئاگادارییەك لە چارەنووسیان نیە.

## کوشتنی دوو کەس و بریندارکردنی ٥ کەسی دیکە لەلایەن بەکرێگیراوێکی رێژیم لە دێگولان

رۆژی هەینی، ١٣٨٥/٤/٣٠، کەسێکی چەکدار بەناوی عەلی ئەکبەر عەباسی، ئەندامی سووپای پاسداران و بەسیجی دێگولان، هێرشی کردە سەر بنەماڵەی موهەندیس ئەمیر زەندی، کوڕی حەبیب و چالاکی فەرهەنگی و مەدەنی لە شاری دێگولان و ناوبراوی لەگەڵ خوشکەزاکەی، سیروس زەندی بە گوللە کوشت و ٥ کەسی دیکەی بە ناوەکانی ئەمین، فەریبورز و شەهرام زەندی، ئەمیر کوڕی خالید و کەسێکی دیکەی بە توندی بریندار کرد. بریندارکراوەکان بەرێی نەخۆشخانەکانی سنە و تاران کراون. تا ئێستا هۆی ئەم کردەوەیە روون نەبۆتەوە.

## هەڕەشەی مانگرتنی ٣٥٠ مامۆستای کوردستانی

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێرانی رێکخراوی RMMK زیاتر لە ٣٥٠ مامۆستای قوتابخانەکانی شارەکانی مەریوان و بانە لە داخوازینامەگەلێکی جیاوازدا داوای داواکارییە پشت سەر خراوەکان و مافە لەبەرچاو نەگیراوەکانی چەندین ساڵەی خۆیان لە وەزارەتی ئامووزش و پەروەرش کرد.

نوێنەرانی مامۆستایانی مەریوان و بانە وێڕای چوون بۆ تاران و چاوپێکەوتن لەگەڵ جێگری وەزیردا، هەڕەشەی مامۆستایانی کوردستانیان بە مانگرتنی بەکۆمەڵ و بەرین لە ئەگەری جێبەجێ‌نەکردنی داخوازییەکانیان دا پێی راگەیاند. دەوترێ ئەم مامۆستایانە زۆرتر لە دێهاتەکان دا کار دەکەن و لەبەرچاو نەگرتنی پێشینەی کاری و دەستەبەر (تضمین) نەبوونی پیشەکەیان و لە خوارەوەبوونی داهات و... نارازین.

## بەردبارانکردنی هێلیکۆپتەرێکی تورکیە لەلایەن منداڵانی شنۆوە

رۆژی دووشەممە، ١٣٨٥/٥/٩، هێلیکۆپتەرێکی تورکیە لە "ستادی پشتیوانیی جەنگ" هەڵکەوتوو لەنێوان شاکرئاوا و میراوی شاری شنۆدا دەنیشێتەوە. بەڵام منداڵانی گەڕەکەکانی دەوروبەری ستاد بە بەرد هێرش دەکەنە سەر هێلیکۆپتەرەکەو ناچار بە هەڵفڕینی دەکەنەوە. لە ئاکامی ئەم کردەوەدا سەری گرووهبانێکی ئێرانی کە گوایە خەڵکی کرماشان بووە، شکاوە. بەڵام ناوبراو وێڕای شکانی سەری، خۆشحاڵیی خۆی لەم کردەوەیەی منداڵانی شنۆ دەربڕیوە.

## کوژرانی دوو هاووڵاتیی لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە لە ناوچەی سەڵماس دا

رۆژی ١٣٨٥/٤/٢٦، لاوێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بەناوی بەهمەن خالیدی، کوڕی ئیسماعیل، خەڵکی گوندی سیلوانا لە ناوچەی شپیرانی سەڵماس لە سنووری "خۆناوین"دا کەوتە بەر دەستڕێژی هێزە دژی‌گەلییەکانی رێژیم و گیانی لەدەست دا.

هەروەها چەند رۆژ لەمەوبەر هاووڵاتییەك بەناوی ئیسماعیل شوجاعی، کوڕی مەلا حەمید، خەڵکی گوندی قوتور لە کاتێك دا بۆ گوندەکەی خۆی دەگەڕایەوە لە نزیك گوندی دیوەلی کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی رێژیم و گیانی لەدەست دا. ناوبراو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی باکووری کوردستانی ئێران بوو کە بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە چەند ساڵ بەندکرابوو.

**تێبینی:**

**ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب!**

**دۆستان و خوێنەرانی خۆشەویستی رۆژنامەی کوردستان!**

**بۆ خوێندنەوەی چالاکییە تەبلیغاتییەکان سەردانی ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن.**

## هەواڵنێرانی RMMK

### بەندکردنی لاوێکی ١٧ ساڵەی سەقزی

لاوێکی ١٧ ساڵەی سەقزی بە ناوی "شاهۆ مەلەکی"، کوڕی وەستا محەممەدی نەققاش و لە دەستبەسەرکراوەکانی هاوینی ١٣٨٤ی سەقز کە پێشتر بە دانانی بارمتەی چوار میلیۆن تمەنی ئازاد کرابوو، رۆژی ٣١ی پووشپەڕ لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی‌دا بێ هەبوونی پارێزەر دادگایی کرا. پاشان دادگا ناوبراوی بەرێی بەندیخانە کرد. دەوترێ شاهۆ لە بەندیخانەدا ئازارو ئەشکەنجە دراوەو ئەو کەسانەی کە مەلاقاتیان کردوە شوێنەواری ئەشکەنجەیان لەسەر دەم و چاوی دیوە.

### حوکمی ٥ ساڵ زیندان و ٢ ساڵ دوورخستنەوە بۆ هاووڵاتییەکی بانەیی

لقی یەکی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی سەقز، لاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵی بانەیی بە ناوی خالید قاسمی بە ٥ ساڵ زیندان و ٢ ساڵ دوورخستنەوە بۆ شاری قوروە مەحکووم کرد. ناوبراو کە بە هەنگاونان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی لە رێگەی هاندانی خەڵك بۆ پێکهێنانی ئاڵۆزی و بەشداری لە جەژنی راگەیاندنی فیدراڵی کوردستانی عێراق دا تۆمەتبار کرابوو، بێ هەبونی پارێزەر دادگایی کراوە. ناوبراو پێشتریش گیراوەو ماوەیەك دەستبەسەر کراوە.

## یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە بەیانیەیەك دا کوشتنی ئەکبەر محەممەدیی مەحکووم کرد

بەدوای مەرگی گومانـاویی ئەکبەر محەممەدی لە چالاکانی خوێندکاری کە لە راپەرینی خوێندکاران لە ساڵی ١٣٧٨ گیراو خرایە بەندیخانە، یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە بەیانیەیەك دا لە رۆژی ١٣٨٥/٥/٩ دەرکراوە وێڕای ئاماژەکردن بە دەوری خوێندکارو کەسایەتیی ئەکبەر محەممەدی و خەباتی لە دژی رێژیم و بێبەش بەندکراوە سیاسییەکان لە سەرەتایی‌ترین مافەکانیان و رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی دادوەری، مەرگی گومانـاویی ناوبراوی مەحکووم کرد.

یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد هەروەها وێڕای سەرەخۆشی بە بۆنەی ئەم کارەساتەوە لە خوێندکاران، رووناکبیران، چالاکانی مەدەنی و بنەماڵەی بەڕێزی ئەکبەر محەممەدی، خوازیاری وڵامدانەوەی خێراو ئاشکرای کاربەدەستانی پێوەندیدار لە رێڕەوی روونکردنەوەی هۆی مەرگی ناوبراودا بوو.

## سەرکۆماری ئامریکا داوای لە تورکیە کرد لە چالاکی لە دژی هێزەکانی PKK خۆی ببوێرێ

لە کاتێك دا تورکیە دەیان هەزار سەربازی بۆ نواندنی چالاکی لەنێو خاکی عێراق دا لە سنووری ئەو وڵاتە لە حاڵی ئامادەباش دا راگرتووە، نارەزایەتیی ئامریکاو کاردانەوەی ئێعترازیی سەرکۆماری عێراق لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەدا بەرپرسانی تورکیەی لە دەرکردنی فەرمانی هێرشی سووپا بۆ سەرکوتکردنی رێبەرانی حیزبی کرێکارانی کوردستان دوودڵ کردوە. بەپێی راپۆرتی راگەیەنەکانی تورکیە جۆرج بووش لە پێوەندییە تەلەفونییە پشت سەر یەکەکانی سێ رۆژی رابردووی خۆی لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان دا داوای لێ‌کردوە کە لە ناردنی هێز بۆ نێو خاکی عێراق خۆی بوێرێ و ئەوەی بە هۆکاری تێکدانی سەقامگیری و تەناهی لە کوردستانی عێراق دا زانی. لە لایەکی دیکەوە بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق گوتی: مۆڵەتی بەڕێوەبردنی چالاکی لە خاکی عێراق دا بە تورکیە نادرێ. ناوبراو هەروەها حەسەن کازمی قومی، باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە بەغدادی بانگ کردو نارەزایەتیی خۆی لە بۆمبارانکردنی بەرزاییەکانی قەندیل لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەربڕی.

**سەرچاوە: رادیۆ فەردا**

## بڵاوبوونەوەی رەشنووسی بڕیارنامەی نوێ لە دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران

پێنج ئەندامی هەمیشەیی شووڕای ئەمنییەت لەسەر رەشنووسی بڕیارنامەیەك رێککەوتن کە مۆڵەت بە ئێران دەدا تا کۆتایی مانگی ئوت چالاکییەکانی پیتاندنی ئورانیۆم کۆتایی پێ‌بێنێ.

دەقی بڕیارنامەکە لەنێوان ١٥ وڵاتی ئەندامی شووڕای ئەمنییەت دا بڵاوکراوەتەوە تا لە حەوتووی داهاتوودا لەسەری دەنگ بدرێ.

جان بۆڵتەن، نوێنەری ئامریکا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا گوتی ئەگەر دەوڵەتی ئێران داخوازیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جێبەجێ نەکا، شووڕای ئەمنییەت لەسەر رێوشوێنەکانی سزادان وتووێژ دەکا. لە لایەکی ترەوە ویتالی چورکین، نوێنەری رووسیە لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گوتی رەشنووسی بڕیارنامەکە هەڕەشەی سزادانی ئێران ناکا، بەڵکوو ئەم وڵاتە بۆ پێکهێنانی وتووێژ هان دەدا.

رەشنووسی بڕیارنامەکە بەپێی فەسڵی حەوتی مەنشووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئێران ناچار دەکا کە لە هەر چەشنە چالاکییەکی پیتاندنی ئورانیۆم و بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم تەنانەت لە رادەی توێژینەوەش دا تا کۆتایی مانگی ئوت واتە ٩ی گەلاوێژ راگرێ.


ئەم بەڵگە هەروەها لە وڵاتانی دیکە داوا دەکا کە پێش لە بەرێکردنی مەوادو شت‌ومەك و ئەو تیکنۆلۆژییانەی کە دەتوانن ببنە هۆی بەرهەم هێنانی سووتەمەنیی ناوکی لە ئێران داو یارمەتی بە بەرنامەی مووشەکە بالستیکەکانی ئەم وڵاتە بدەن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی bbcpersian.com**

## ٥ ساڵ زیندانی بۆ هاووڵاتییەك بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزب دا

رێکەوتی ١٣٨٥/٣/٢٠، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیمەوە لە شارستانی سنە هاووڵاتییەك بەناوی سۆران مێهرشاد لە گوندی شوێشەدا گیرا. ناوبراو پاش مانگێك ئازارو ئەشکەنجەکێشان بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاو ئێستا لە بەندیخانەی ناوەندیی سنەدایە.

## بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێن پێشمەرگەیەکی حیزب گیانی لەدەست دا



ئێوارەی رۆژی هەینی (١٣٨٥/٤/٣٠)، پێشمەرگەیەکی حیزب بەناوی رەحمەت سەیفی، کوڕی حەبیبوڵڵا، خەڵکی گوندی قاملو، سەر بە شارستانی قوروە لە کاتی مەلەکردن دا گیانی لەدەست داو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.

کاك رەحمەت سەیفی لە رێکەوتی ١٣٨٣/١/٢٩دا، هاتە ریزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پاش تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بە ریزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە پێوەست بوو.

کاك رەحمەت پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین و ژیرو وریا بوو وەك بۆ خۆی لە ژیاننامەکەی‌دا دەنووسێ "بەهۆی زەخت و زۆرو ناعەداڵەتیی رێژیم بڕیارم دا بێمە ریزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات تا دژی چەوسانەوەو بێ‌عەداڵەتی خەبات بکەم". شەهید رەحمەت دواتر وەك پێشمەرگەی پارێزەری نەخۆشخانە دیاری کراو بەهۆی باش بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی بە جێگری پەل و پاشان بە فەرماندەی پەلی پێشمەرگەکانی پارێزەری نەخۆشخانەی ئازادیی دیاری کرا. ناوبراو بەهۆی هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبییەکانی لەلایەن نەخۆشخانەوە تەشویق کراوە. کاك رەحمەت پێشمەرگەیەکی رووخۆش و لەسەرەخۆ بوو. جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوڕێیانی‌دا کردبۆوە. بە شەهید بوونی کاك رەحمەت هاوڕێیان و دۆستانی خەمبارو حیزبی دێموکرات پێشمەرگەیەکی بەوەجی لەدەست دا.

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ناوەندی یەکی کوردستان، پرسەو سەرەخۆشی لە کەس و کارو بنەماڵەکەی دەکا.

شایانی باسە هەر بەو بۆنەوە لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و رێبەری و کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی بەڕێوەچوو.

## بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی خوارەوە چاو لە ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن

- کۆچی دوایی دایکێکی کوردپەروەر، دایکی شەهید رامین شەریفی لە شاری سەقز
- روونکردنەوەیەك لەلایەن نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا
- کۆبوونەوەی ٥٠ کەس لە شۆفێرەکانی مەهاباد لە بەردەم فەرمانداری‌دا بەهۆی کەمیی بەنزینەوە
- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئیعترازیی کوردەکانی ئامریکا
- بریندار بوونی دوو کاسبکار لە مەهاباد بەهۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمەوە
- کوژران و بریندار بوونی دوو هاووڵاتی بەهۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی بانە
- کوژرانی هاووڵاتییەکی نەغەدەیی لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە
- بەڕێوە چوونی رێورەسمی تایبەتی بە بۆنەی ساڵ رۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە بلژیك
- کۆکردنەوەی دەزگا ماهوارەییەکان لە ناوچەی سەلاس باوەجانی
- رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیانیەیەك دا خوازیاری روون بوونەوەی هۆی مەرگی ئەکبەر محەممەدیی بوو
- گوشاری هێزەکانی رێژیم بۆ سەر کوردەکانی شاری دەماوەند
- بەیانیەی فیدراسیۆنی خوێندکارانی پارێزەری ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ
- سەبارەت بە مەرگی گومانـاویی ئەکبەر محەممەدی
- شووڕای ئەمنییەت بە ١٤ دەنگی ئەرێنی بڕیارنامەیەکی لە دژی ئێران دەرکرد
- ئێران بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەتی رەتکردەوە
- هاووڵاتییەك بەهۆی تەقینەوەی مینەوە پاش ساڵ و نیوێك گیانی لەدەست دا
- گیان لەدەست دانی هاووڵاتییەك لە ناوچەی ورمێ بەهۆی پێکدادانی ماشینەوە
- ئەشکەنجەدانی دڕندانەی دوو بەندکراو لە بەندیخانەی مەریوان دا
- گرتنی دوو کەس لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە لە گوندی سەڵوات ئاوای سنە
- کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ رزگارکردنی شەمامە (مەلەك) قوربانی
- کوشتنی ژنێك لە سەقز بەناوی گوڵاڵە
- چاوپێکەوتنی کومیتەی حیزب لەگەڵ ئەندامێکی پارلمانی کانادا
- بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنفرانسی چاپەمەنیی میدیاکانی حیزب دا
- خۆکوژیی کچێك لە ناوچەی مەهاباد
- کێشەی بێ‌ئاوی و نەبوونی بەنزین لە شاری مەهاباد
- فریودانی لاوان و دەستدرێژی‌کردنەسەریان لەلایەن بەکرێگیراوانی رێژیمەوە لە مەهاباد
- کوشتنی هاووڵاتییەکی سەردەشتی بە شێوەیەکی دڕندانە
- پەیامی شووڕای کاتیی ئیدارەی‌یەکەی شنۆی RMMK بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی رووداوە خوێناوییەکانی ئەو شارەوە
- نوێترین بارودۆخی چالاکانی خوێندکاری لە کوردستان دا لە وتووێژی خوسرەو کوردپوور لەگەڵ بەشی فارسیی دەنگی ئامریکادا
- سپاس و پێزانینی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات لە بەشداربووانی خۆپیشاندانی ویەن
- بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەی عێراق لە شاری ستۆکهۆڵم ٨/٢١ رۆژی دادگایی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال
- کوژرانی هاووڵاتییەکی سەقزی لەلایەن هێزی ئینتیزامییەوە
- بارودۆخی نائاسایی سەقز بەبۆنەی ساڵڕۆژی خۆپیشاندانی جەماوەریی خەڵکەوە
- کۆکردنەوەی دەزگا ماهوارەیی‌یەکان لە سنەدا
- بەڕێوەچوونی پیشانگای پیشەی دەستی و سەوغاتی ئوستانەکانی ئێران لە مەریوان
- ئامریکا دوو کۆمپانیای چەك و تەقەمەنیی دەوڵەتی رووسیەی تەحریم کرد
- بانگەوازو بانگهێشت، بۆ گشت پارت و رێکخراوو کۆمەڵ و کەسایەتییە کودرستانییەکانی فینلاند
- یادێك لە قوربانیانیی چەکی شیمیایی لە ئاوایی زەردە
- ئێران پشتیوانیی خۆی لە هێرشی تورکیە بۆ ناو خاکی کوردستان راگەیاند
- جان بولتۆن: ئێران دەبێ لەنێوان هەڵپەساردنی پیتاندنی ئورانیۆم و تەحریم دا یەکێکیان هەڵبژێرێ
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا: مەرگی ئەکبەر محەممەدیی لە بەندیخانەدا بە نیشانەی هەڵسوکەوتی توندوتیژی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دژبەرانی خۆی‌دا زانی
- رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی: مەرگی ئەکبەر محەممەدی لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی‌دا دەرخەری پێویستیی ریفۆرمگەلی خێرا لە سیستمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی دایە

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزب لە ناوەندی ٣ی کوردستان

رۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/٥/١٠، پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەری حیزب، مام ئیسماییل ئەحمەدی، خەڵکی گوندی قەرەگوڵی بۆکان کۆچی دوایی کرد.

مام ئیسماعیل لە ساڵی ١٣٢١ تا ١٣٢٤، ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ ك بووەو لە ساڵی ١٣٢٤ تا رووخانی کۆماری کوردستان پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

ناوبراو پاش شۆڕشی ١٣٥٧ دووبارە بۆتە پێشمەرگەو لە هێزی مەلائاوارەدا دەستی بە خەبات کردوەو تا ساڵی ١٣٧٧ لە هێزی مەلائاوارەو مەڵبەندی سپی‌سەنگ دا تێ‌کۆشاوەو لەوە بەدواوە تا کاتی ماڵئاوایی لە ژیان لە ناوەندی ٣ی کوردستان دا پێشمەرگە بووە. مام ئیسماعیل لە ماوەی خزمەتی لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا لە رادەکانی سەرپەل و جێگرپەلیش دا خزمەتی کردوە.

بەم بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەو کەس و کاری مام ئیسماعیل رادەگەیەنین و ئاواتەخوازین رۆحی شادو رێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕێبوار بێ.

# حەماسەی ٢٢ی پووشپەڕی ٨٥

ڕەزا فەتحوڵڵانەژاد

٢٢ی پووشپەڕ، هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری تێکۆشەری ڕێگای ئاشتی، دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەنی ئۆتریش، بە دەستی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی ئێران دەنگێکی بەرز دژ بە تیرۆریستان و یەکگرتوویەکی دوژمن بەزێن بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی دوکتور قاسملوو بوو. کوردانی ئەمەگناس لە باکورەوە تا باشوری کوردستان لەو ڕۆژەدا، شانیان دایە ژێر خەمی نیشتمانو بکوژانی ئەهریمەن سیفەتیان بە روناکی ڕێبازی هەرمانی مامۆستاو ڕێبەریان، دوکتور قاسملوو، رسوا کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراوی ڕۆژی ١٣٨٥/٤/٢٥ خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو حەرەکەتە ئیعترازییەدا نووسی: لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کەسایەتیی ناسراوو ناوبەدەرەوەی کورددا، ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەسەرتاسەری کوردستان بۆ بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی مەحکوومکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە وەك دەستووردەرو گەلاڵەداڕێژەری ئەم تیرۆرەو نەفرەتو بێزاری دەربڕین لە ڕێژیم، جارێکی دیکە پانۆرامایەکی دیکەیان لە هاتنە مەیدانو هەڵوێستگرتن هێنایە کایەوە.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، خەڵکی کوردستان بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراو بە داخستنی دووکانو بازاڕەکانو دەست لە کار کێشانەوەو کوژانەوەی بەرقی ماڵەکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، حەرەکەتی ئیعتازیو شوڕشگێڕانەی خۆیان بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو بەڕێوە برد. حەرەکەتی جەماوەری ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵی کوردستان، لە ڕەهەندگەلی جۆراوجۆرەوە شایانی تاوتوێ کردنو لێکۆڵینەوەیە کە ئەم وتارە تێدەکۆشێ ئەوەندەی لێرەدا، بگونجێ تیشك بخاتە سەر چەند ڕەهەندی حەرەکەتەکە.



**ئامانجەکان:**

"قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"، مەشخەڵی ڕێبوارانی شێلگیرو ڕاوەستاوی دێموکراتەو دروشمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی پەوشپەڕی ئەمساڵ بوو. ڕێبازی دوکتور قاسملوو، ڕێگای گەیشتن بە ئاواتی شەهیدانو ئازادیی نیشتمانەو روخێنەری کۆشکی بێدادیو تیرۆریست پەروەری ئاخوندە تاریك پەرستەکانە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، خرۆشانو ڕاپەڕین لە کوردستانی ئێراندا نەبووە کە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"ی تێدا نەگوازرابێتەوە. یەکێك لەو خرۆشانەی جەماوەرییانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە دروشمی "قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" مەشخەڵی خەڵکی خرۆشاو بوو، خۆپیشاندانی هاوینی ٨٤ بوو. خرۆشانی هاوینی ٨٤ی خەڵکی کوردستان کە بە کوشتنی دڕندانەی شوانە سەیدقادر لە ١٨ی پووشپەڕو داخرانی دووکانو بازاڕەکان لە پێتەختی مێژوویی کۆماری کوردستان، مەهاباد، لە ٢٢ی پووشپەڕ واتە ١٦هەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا دەستی پێکردو چەندین شاری کوردستانی گرتەوە، دەنگی بەرزی ئەمەکناسانو ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملووو حیزبی دوکتور قاسملوو لێیدەبیسرا، بەڵام دوژمنانی نەتەوەی کوردهەوڵیان داوەو دەیدەن لە ڕێگای پڕوپاگەندەی ناڕاستو لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا چەواشەی بکەن. کۆماری ئیسلامی لە خۆپیشاندانی هاوینی ٨٤دا بە بەرەو توندوتیژی بردنی حەرەکەتەکە، تێکۆشا لە ڕێگای تەمومژاویکردنی ئامانجو مەبەستەکانی خەڵك دەرەتان بۆ چەواشەکاری بڕەخسێنێ. ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، دەرەتانی چەواشەکاری بە دوژمنانی نەتەوەی کورد نەداو لە ئاکامدا روونبوونو حاشاهەڵنەگر بوونی ئامانجەکانی بووە، خاڵێکی سەرەکیو بە هێزی ئەو حەرەکەتە.

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، نیشانەی گەشەکردنی بڕوا بەخۆبوونو پێداگری لە سەر ویستو داخوازەکانو دەربڕینی ناڕەزایەتیی دژی کردەوە دڕندانەکانی ڕێژیم بوو کە خەڵك بە هاوهەڵوێستییەوە ئامانجە روونەکانی خۆیان دەهێننە گۆڕێ. جیاوازی هەنگاوگەلی پێوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕی ٨٥ لە باری پانتایی بەڕیوە چوونەوە لەگەڵ ساڵانی پێشوو، زۆربەرچاوو حاشاهەڵنەگرە. گەر لە باری پانتاییەوە حەرەکەتی٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ کە بە نوختە وەچەرخانێکی مەزنو شوێندارانە لەسەر خەباتی جەماوەری نەتەوەی کورد لەقەڵەم دەدرێ لەگەڵ حەرەکەتەکانی پێشووتر لەو پێوەندییەدا بەراورد بکەین مەزنی زیاتری حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵمان بۆ دەردەکەوێ.

**ڕەهەندی تەبلیغاتی:**

ڕەهەندی تەبلیغاتیی حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، لە دوو لایەنی تەبلیغات بۆ کاری ڕێکخستنی حەرەکەتەکەو ڕادەی ڕاگوێزانەوەی ئەم هەواڵانە لە لایەن ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە، تاوتوێ دەکرێ.

گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی کوردستانی ئێران بە کردەوە سەلماندوویانە کە لایەنگرو خەمخۆری ح.د.ك.ئێرانن، بەڵام سەرەڕای ئەو ڕاستییەش، پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە چەشنی هاوئاهەنگی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ پێویستی بە تەبلیغاتی بەربڵاوو خاوەن برەو جێی متمانەی خەڵکە. جیاوازی باری تەبلیغاتی حەرەکەتی ئەمساڵ لەگەڵ حەرەکەتەکانی پێشووی خەڵکدا لەوەدا بوو کە ئەگەر تەبلیغات هەروەك ساڵانی پێشوو لە ڕێگاکانی پەیوەندییە نێوان تاکەکەسییەکان، بڵاوکردنەوەی تراکتو ڕاگەیەندراو لە نێو خەڵکداو هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی وەك چاپەمەنی، ڕادیۆو ئینترنێتەوە بەڕێوە برا، ڕێگای کەڵوەرگرتن لە تلوێزیونیشی پێ زیاد ببو. پسپۆڕانی بواری پێوەندییەکان بەو بەرەنجامە گەیشتوون کە: خەڵك دەتوانن لە نێوان ئەو وێنەی کە تەلویزیون لە جیهانی "ڕاستین" پێشکەشی دەکاو ئەوەی ئەوان بە ڕاستی جیهان لە قەڵەمی دەدەن جیاوازی دابنێن"[١]. ئەم ئارگۆمێنتە لەسەر ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکەش، چاپەمەنیو ڕادیۆ وەڕاست دەگەڕێ. بە دەربڕینێکی دیکە، ڕاگەیەنە گشتییەکان کاتێك برەویان دەبێ کە ئەو وێنەگەلەی وەکوو ڕاستی پیشانی دەدەن لەگەڵ وێنە زەینییەکانی خەڵکدا هاوتا بن.

کەوابوو، هەبوونی ڕاگەیەنی گشتی لە مەڕ ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵك پێویستە، بەڵام حەرەکەتێك روو نادا مەگەر لە ناخی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵابێ. بە دەربڕینێکی دیکە، سەرکەوتنی حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕ لە هەڵقوڵانی لە ناخی کۆمەڵگاوە. سەرچاوە دەگرێ.

لایەنێکی دیکەی باری تەبلیغاتی حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، دەنگدانەوەو گواستنەوەی هەواڵگەلی ئەم حەرەکەتە لە لایەن ڕاگەیەنە گشتییەکانی کوردستانی، ئێرانیو جیهانییەوە بوو. هەرچەند چەندین کاناڵی ماهوارەیی، لەوانەش Voaو Tishkو چەندین ڕادیۆ، لەوانەش "ڕادیۆدەنگی کوردستانی ئێران" و "فردا" و هەروەها چەندین چاپەمەنی جیاواز، هەواڵی ئەم حەرەکەتەیان گواستەوە، بەڵام ڕەنگدانەوەو گواستنەوەی هەواڵی ئەم حەرەکەتە لە ئاستی پێویستو شایانی خۆیدا نەبوو. بێگومان هاوکاتبوونی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ لەگەڵ ڕووداوگەلێکی گرینگی وەك شەڕی ئەم دواییانەی حیزبوڵڵای لوبنان ـ ئیسرائیلو کێشەی ناوکیی ئێرانو کۆبوونەوەی سەرانی G8 لە ڕووسیە ڕۆڵی سەرەکیی لە کاڵبوونی گوازرانەوەی هەواڵی حەرەکەتەکەدا گێڕا. روونە کە حەرەکەتی بێوێنەی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ڕووداوێکی رووت نەبوو کە باسکردنی بە ڕاپۆرتێکی هەواڵی لە گەرماوگەرمیدا کۆتایی پێ بێ، بەڵکوو چاوپۆشیکردن لێیو بازدان بەسەریدا لە داهاتوودا نەلواوە.

**بەرەنجامەکان:**

گرینگترین بەرەنجامی حەرەکەتی ئیعترازی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، سەلماندنو نیشاندانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی سوورتربوونو شێلگیرتربوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەر درێژەپێدانی خەباتو تێکۆشان بە دژی کۆماری ئیسلامی لە ژێر تیشکی "قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە"یە.

خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم لە هەمو بوارەکانو یەك لەوانیش لە شێوازی خەباتدا بۆ بزووتنەوەکانو ڕێبەرایەتیی جوڵانەوەکان پێویسیتییەکی حاشاهەڵنەگرە کە حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕ، خۆگونجاندنی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کوردو ڕێبەرییەکەی لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەمدا سەلماند.

بەرئەنجامێکی دیکەی حەرەکەتەکە سەرنەکەوتنی سیاسەتی ناکۆکی خوڵقاندن لە نێو نەتەوەی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەو نیشاندانی ناسیونالیزمی گەشەکردوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری داوە لە نێو نەتەوەی کورددا ناکۆکی جۆراوجۆرو لەوانەش ناکۆکی ئێتنیکیو مەزهەبی ساز بکا کە حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ پووچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتە چەوتانەی ڕێژیمی دەرخست.

یەکێکی دیکە لە بەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی حەرەکەتی ٢٢ی پووشپەڕ، پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی سەرکوتی توندوتیژانەی خەڵکە کە لە لایەن ڕێژیمەوە بەڕێوەچووە. سەرکوتی توندوتیژو خوێناویی خرۆشانی جەماوەری هاوینی ٨٤ لە لایەن کۆماری ئسلامییەوە کە شەهیدکردنی دەیان کەسو بەندکردنی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی گەلەکەمانی لێکەوتەوە، بێدەنگکردنو لەگەڕخستنی خەباتی نەتەوەی کوردی ئامانج بوو. خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا بەوپەڕی هێزەوە بە دوژمنانیان سەلماند کە چاونەترسانەترو بوێرانەتر لە جاران لە گۆڕەپانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیانو شێلگیرانە درێژەدەری ڕێگای شەهیدانن.

هەروەها جێگای ئاماژەیە کە حەرەکەتی جەماوەری خەڵك لە هەفدەهەمین ساڵیادی شەهیدکردنی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانیدا، کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خوێندنەوەی دروستی ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتووی کوردستان دادەنێ کە ئەمەش پێویستی بە تاوتوێی تایبەتییە.



سەرچاوەکان:

١ــ سایمون بێرتۆن، رسانەها و نگرشهای گوناگون به خشونت سیاسی در آفریقای جنوبی، دەیوید . ل. پالتێز، "ارتباطات سیاسی در عمل، ترجمە: مێهدی شەفەقی، چاپ اول، ١٣٨٠، انتشارات سروش، ل ٣١٥

---

**درێژەی**

# وتووێژی چاپەمەنیی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری

کورد کوردستانی ئێراندا. خەڵکی کورد دەزانن کە چ ستەمێکیان لێدەکرێ دەزانن دۆستانیان کێن دەزانن دۆژمنانیان کێن، بۆیە بە وەزعییەتی مەوجوود رازی نین و ئەوە قابیلی ئیدامەدان نیە. لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، عەرزم کردن کە کوردی ئێران نیشیانیان داوە کە لە موقابیلی زەبروزەنگو ستەمدا بە چۆکدا نایەن بەڵکو موبارێزەی خۆیان درێژە دەدەن.

لە موقابیلی ئەو دەستەیەدا دەستەیەکی دیکەش هەن لە گەڵ ئەوەی کە بڵێین کە دەغدەغەی یەکپارچەیی ئێرانیان هەیە، نیگەرانن لەوەی کە ئێران دابەش بکرێ دەستێوەردانی خاریجیو زۆر مەسەلەی دیکە وەك وشیاریی نەتەوەییو بەگشتی دەزانن کە خەڵکەکە ئەو وەزعییەتە قبووڵ ناکا، لە فکری ئەوەدان کە ڕێگەحەللی دیکە ببیننەوە، ئەوانە لە نێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی، نەتەوەکانی ئێرانی، تەنانەت لە نێو خودی ئێران و لە بەشێك لە دامودەزگاکانی حکوومەتیشدا هەن، بەڵام واقیعییەتەکەی ئەوەیە، ئەوانە بەشێکیان تاکو ئێستا ناوێرن ئەو مەسەلانە مەترەح بکەن، لە ئێراندا ئەوەندەی کە من ئاگادارم لانیکەم دوو ساڵە مەسەلەی فیدرالیزم مەترەحە، دووساڵ لەوە پێش کە ئەگەر ئیشتیبا نەکەم لە دانیشگای زەنجان بوو بۆ ئەوەڵ جار نوێنەری نەتەوەکانی ئێران لە کوردەکان، ئازەرییەکان و هێندێك لە نەتەوەکانی دیکە لەوێدا کۆبوونەوەو لە میزیگردێکی ئاشکرایاندا، بەحسیان لە مەسەلەی فیدراڵیزم و مافی نەتەوەکان کرد. دوایی هێندێك لە ڕووناکبیرانی ئێران، ئێستا ئەو مەسەلەیە مەترەح دەکەن و وەکو ڕێگا حەللێك بۆ ئەوەی کە بتوانن ئێران بە شێوەیەکی یەکپارچە ڕابگرن و بتوانن ئێران لە ژێر ئەو وەزعییەتە کە تێیدایە، رزگار بکەن. لەو پێوەندییەدا ئەوەی کە ئیشارەتان پێکرد دروستە فکری نوێ و نوێخوازی، فکری سەردەم بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەی بوحران و قەیران کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تێکەوتوە، بۆ رزگار بوون لەو وەزعییەتە فکری نوێ ڕێگا چارەی نوێی هەیە و ئەوەش قبووڵ کردنی مافی نەتەوەکانی ئێرانە لە سیستمێکی دێموکراتیك دا، بەڵام لایەنی کۆنەپەرست، فیکر لە شەڕو سەرکوتی زیاتر دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران چەپی ئیفراتی و ئیسلامی ئیفراتی لەو چوار چێوەیەدا قەرار دەگرن، من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کە فکری کۆن مەحکوم بە فەنایە و لە بەین دەچێ و تەجروبەی وڵاتانی دەوروبەریش لانیکەم بە شێوەیەکی زۆر بە ئاشکرا ئەوەی بە ئێمە نیشان دەداو ئوسووڵەن کۆنەپەرستەکان لە ئێراندا دەبوایە لانیکەم لەو وەزعییەتە نەتیجەیەکیان وەر بگرتبا، زیندووترین نەتیجەکەی ئەو وەزعییەتەیە کە کوردی عێراق تێیدا بوون، هەموومان دەزانین ئەوانیش دەزانن کە لە ساڵانی ڕابردوودا چۆن دووچاری ئەنفال و ژینوساید و شیمیایی باران و ئەشکەنجە و کاولکردنی دێهات و شارەکانیان کرا و هەزاران نەفەر لە ئینسانە تێکۆشەرەکانیان لە زینداندا دارزان، کوژران و لە بەین چوون، بەڵام، نەتیجەکەی بوو بە لەبەینچوونی خۆیان، لە ئەفغانستاندا ئەوەی دەبینین و لە سەرانسەری مەنتەقەدا دەیبینن تەنانەت لە وڵاتانی مەنتەقەی خەلیجدا دەبینین کە چۆن فکری نوێ وردەوردە دێ جێگیر دەبێ لە وڵاتەکانی دیکەی مەنتەقەی خەلیجدا خەریکە کە ژنان مەسەلەن ئیجازەیان دەدرێ بێن، دەنگ بدەن، بەشدار بن لە ئینتخاباتدا، هێندێك مافیان پێ دەدرێ، ڕەنگە ئەو حەرەکەتە، حەرەکەتێکی لەسەرەخۆ بێ، بەڵام نیشان دەدا کە فیکری نوێ وەردە وەردە دێ و جێ بە فیکری کۆن لێژ دەکا، بەڵام بەداخەوە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە هیچ جۆر ئامادە نین، ئەو واقیعییەتانە ببیسن و بۆیە من پێم وابێ ئەو پرۆسەیەی کە ئەوان پیشنەهادی دەکەن، ئەوە مەحکوم بە شکستە. خەڵکی ئێران سەرکەوتن بەدەست دێنێ، حکوومەتی داخوازی خۆی پێك دێنێ و حەتمەن کۆنەپرستی وەکوو حوکمی تاریخ مەحکوم بە فەنان، چوونکە سەردەمەکە گۆڕاوە، ئینسانەکان گۆڕاون، نیازەکان گۆڕاون، لە نەتیجەدا ڕێگاحەللەکانیش ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتوە، ناکرێ بە فکرێکی کۆنی سەد ساڵ لەوە پێش، بێنی چارەسەری ویست و داخوازییە ئەو ڕۆییەکانی خەڵك بکەی، ئەگەر ئەو کارە بکەی نەتیجەکەی دەبێتە وەزعییەتێك کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا پێك هاتوە، لانیکەم کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خۆی باش دەزانێ کە لەگەڵ ئەو قەیرانە رووبەروو بووە بۆیشی چارەسەر نابێ.

# ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤

## دەسپێکی خەباتی مودێرن لە کوردستان

جەمیل کولاهی

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا رۆژانێك بەرچاو دەکەون کە لەو رۆژانەدا، رووداوگەلێك کە بوونەتە، هۆی پێکهاتنی گورانکاریگەلێکی قوولی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگیو کۆمەلایەتی، لە نێو ئەو کۆمەلگانەدا کە ئەو نەتەوەانەی تێدا دەژین، روویان داوە، ئەو رۆژانە بوونەتە نوختە گورانێك لە مێژووی ئەو نەتەوانەدا بە چەشنێك کە ئەو نەتەوانە وەرزێکی نوێیان لە ژیانو کارو تێکوشانی خۆیان دا دەست پێ کردوە. بۆیە رەنگە بەرهەمی ساڵەهای ساڵی خەباتو تێکوشانی ئەو نەتەوانە لەورۆژانەدا هاتبێتە بەر، یان رەنگە ئەو رۆژانە دەسپێکی رۆژانی سەختو دژواری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئەو نەتەوانە بووبێ، هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەو رۆژانە لەنێو مێژووی ئەو نەتەوانەدا وەك رۆژانێکی گرینگ تۆمارکراونو بۆ هەتاهەتایە لەبیر ناکرێن. بۆ دەرکەوتنی گرینگی ٢٥ی گەلاوێژ، وەك رۆژێکی گرینگو مێژوویی لە خەباتی نەتەوایەتیی کورددا، پێویستە بە کورتی ئاماژە بە هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتی ئێران بکرێ.

پاش ئەوەی کە دیکتاتۆری رەزاشا، کە بۆ ماوەی بیست ساڵ بە توندترین شێوە ئازادیخوازانو نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی سەرکوت کردبووو قولی بۆ تواندنەوەی زۆرەملێی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە نێو نەتەوەی دەسەلاتدار دا هەلمالیبوو، تێکچوو، تا رادەیەك کەشو هەوای سیاسیی ئێران کرایەوەو حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوەو پەرەیان گرت. کوردستانیش وەك بەشەکانی دیکەی ئێران لەم هەلومەرجە کەلکی وەرگرت. لەم هەلومەرجەدا بوو کە کۆمەڵەی ژ ـ ك لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ پێك هات، شەهید دوکتور قاسملوو لە ٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا دەڵێ: "کومەڵەی ژ ـ ك لە لایەکەوە رێکخراوێکی ناسیونالیستی رووت بوو لە لایەکی دیکەوە رێکخراوێکی داخراوو نهێنی بوو". بۆیە وەلامدەری ئەو دۆخە نوێیەی کە لە کوردستاندا پێك هاتبوو نەبووو جووڵانەوەی کوردستان کە رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی دەگرت پێویستی بە رێکخراوێکی ئەوتۆ بوو کە بتوانێ کۆمەلانی بەرینی خەلك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەر لەبەر ئەو خالانە بوو کە رێبەرانی کومەڵەی ژ ـ ك بەتایبەت پیشەوا قازی محەمەد بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە ئیدی ئەو کومەڵەیە توانای رێبەری کردنی ئەو جوولانەوەیەی نیە، بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناخەی تەشکیلاتی کومەڵەی ژ ـ ك راگەیەندراو کۆمەڵەی ژ ـ ك هەڵ وەشێندرایەوە.

رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ لەو رۆژە مێژووییانەیە کە لە مێژووی نەتەوەی کورددا وەك ئەستێرەی پرشنگداری گەلاوێژ دەدرۆشێتەوە. گرنگیی ئەو رۆژە بە ئەندازەیەکە کە دەتوانین مێژووی هاوچەرخی کورد بە دوو بەش واتە، بەرلە ٢٥ی گەلاوێژو دوای ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دابەش بکەین. ئەو رۆژە مێژووییە کە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، نوختە گورانێکە لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردو سەرەتایەکە بۆ دامەزرانی حیزبو رێکخراو، بەشێوەی مودێرنو سەردەمییانە. چوونکە پێش لە حیزبی دێموکرات لە سەرجەم مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد دا حیزبێك بە بەرنامەیەکی ئەوتۆ، کە وەلامدەری پێویستییەکانی سەردەم بێو بەشێوەیەکی سەردەمیانەو پێشکەوتووانە داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە بەرنامەیکی رێكو پێکدا گەلاڵە بکا بەدی ناکرێ. بۆیە دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەو بەرنامە دێموکراتیكو سەردەمیانانەیەوە، لە خەباتی نەتەوەیی کورد وەرچەرخانێك بوو لە شێوازی سوننەتییەوە بەرەو مودێرنیزە بوون.

لە مێژووی نەتەوەی کورددا زۆر راپەرینو سەرهەلدان بەدی دەکرێن کە تا رادەیەکی زۆر بەرەو سەرکەوتن رویشتوون، بەلام بەهۆی ئەوەوە کە ئەو راپەرینو سەرهەلدانانە بەستراوە بە تاکەکەس بوون، بە لە نێوچوونی ئەو تاکە کەسانە، راپەرینو سەرهەلدانەکانی کورد بە تەواوی، بێئاکام ماونەتەوە، بە واتایەکی دیکە بە ئاکام گەیشتنی شورشەکانی کورد لە گرەوی مانەوەی سەروکەکانی بووە.

بۆ وینە شورشی شێخ عوبیدولا نەهریو شێخ سەعید پیران کە بە لە نێو چوونی ئەو دوو رێبەرە شورشەکانیش دامرکاونەتەوە. بەلام بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئەو شێوە خەباتە گورا،بە چەشنێك تەنانەت ئەگەر سەرکردایەتی شورشەکە لە سێدارە بدرێ شورشەکە لە نێو ناچێ. ئەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەو راستییە کە پێشتر کومەلانی خەلك لە دەوری تاکە کەسدا کۆ بوونەتەوە کە بە لە نێو چوونی ئەو تاکە کەسە ئەو کومەلە خەلکە لێك بلاو بوونەتەوە. بەلام لە قۆناخی نوێدا کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤وە دەستی پێکردوە، خەلك لە دەوری بەرنامەو ئەساسنامە کۆ دەبنەوە، بۆیە لەوە بەدوا رەنگە دوژمنان بتوانن سەرکردە لەبەین بەرن، بەلام قەد ناتوانن بەرنامەیەك کە داخوازییەکانی کومەلانی خەلکی گەلالە کردوە لەبەین بەرن. بە سەرنجدان بەو راستییەیە کە تا ئێستا چەندین جار ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، لە بەرزترین ئاستدا، شەهید کراون، بەلام ئەو حیزبە شێلگیرتر لە جاران درێژە بە خەباتی خۆی دەدا.

هەروەك ئاماژەی پێکرا پێش لە ٢٥ی گەلاوێژ لە کوردستاندا زۆر شورشو سەرهەلدان کرابوون کە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بە درندانەترین شێوە سەرکوت کرابوون، بۆیە دەریایەك لە ویستو داخوازیو ئارەزوو لە نێو دلی کومەلانی خەلکدا کۆ ببووە کە پێویستی بە پێکهاتنی رێکخراوێك بوو تا لە رێگای ئەو رێکخراوەوە خەلك رێك بخرێو ویستو داخوازییەکانیان لە قەوارەی بەرنامەیەکی مودێرندا بێننە ئاراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات پێویستییەکی مێژووی بووە، جیا لەوە بە هۆی سەرکوتی جوولانەوەکانی کوردو نەبوونی حیزب یان رێکخراوێك لە کوردستاندا بوشایییەکی سیاسی پێك هاتبوو کە دەبوایا پر بکرابایاوە. هەر بۆیە دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەو بەرنامە مودێرنەوە کە هەلگری ویستو داخوازییەکانی کورد بوو، لە لایەکەوە پێویستییەکی مێژوویی بووو لە لایەکی دیکەوە پر کەرەوەی ئەو بۆشایییە سیاسییە بوو کە لە کوردستاندا پێك هاتبوو.

هەرچەند بەرنامەی حیزبی دێموکرات، ئەوکات لە هەشت خال کورت کراوەتەوە بەلام دەتوانین بلێین لەسەر سێ بنەمای سەرەکیو بە پێ پیوانەکانی سەردەم دامەزراوە، کە هەتا ئێستاش لە بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبدا بەدی دەکرێن کە ئەو سێ خالە بریتین لە:

١ـ دێموکراسی
٢ـ ئۆتونومی
٣ـ ئینترناسیونالیزم

ئەو بەرنامە پێشکەوتنخوازانەیە کە بایەخەکانی مودێرنیتەو بایەخە مرۆڤانییەکان تێیدا رەنگیان دابووە هێلی جیاکەرەوەی ئەو جوولانەوە نوێیە لەگەل جوولانەوەکانی پێش لەخۆیەتی، بۆیە توانی سەرنجی هەموو چینو توێژەکانی نێو کومەلگای کوردەواری بۆ لای خوی رابکێشێ. بە پێ ئەو بەرنامەیە، جوولانەوەی کورد جیا لە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی، لەوە بەدوا دوو سیاسەتی دروستی دیکەی گرتە پێش، یەکەم هەولدان بۆ دێموکراتیزەکردنی ئەو ولاتانە کە کوردیان تێدا دەژی، دووهەم گرتنە پێشی رێگەی دۆستایەتیو هاوخەباتی لەگەل نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، چوونکە رێبەرانی جوولانەوەی نوێی کورد، بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە دەستە بەربوونی مافی نەتەوەییو دێموکراتیز کردنی ولات تەنیا بە کورد ناکرێ، بەلکوو دەبێ هەموو نەتەوە بندەستەکان، خەباتێکی هاوبەش لەو پێناوەدا بەرێ بخەن.

لە سێبەری بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانەی ئەوتۆدا بووە کە دوای چەند مانگ لە دامەزرانی حیزب، دەولەتێك هەر چەند تەمەن کورتیش بوو، بە پێی بنەماو بایەخەکانی سەردەمو لەسەر شێوازی کۆماری دێموکراتیك، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوەو بە سەروکایەتیی دامەزرێنەری حیزب، پیشەوا قازی محەمەد پێك هاتوە، کە نە تەنیا لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەلکوو لە مێژووی نەتەوەکانی ناوچەکەدا هاوتای نەبووە، هەر لە بەر هەبوونی ئەم تایبەتمەندییە مودێرنو دێموکراتیکە بووە کە هەموو چینو توێژەکان وەك ژنان، لاوان، رەنجبەرانو ... خۆیان لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا دییەوەو دەستان کرد بە کارو چالاکیی تایبەت بە خۆیان. جیا لەوانە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش خۆیان لە دەوری ئەو بەرنامەیە دییەوە. بۆیە دەتوانین بلێین کە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی بزووتنەوە رزگاریخوازانەی کورددا رونێسانسێك بوو.

ئێستا دوای تێپەربوونی ٦١ سال لە تەمەنی ئەو حیزبە، رەنگە ئەو پرسیارە بێتەگۆرێ کە ئاوەها حیزبێك کە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە دامەزراوە، لە بەر چ هۆیەك بە ئاکام نەگەیشتوە؟

کوردستان وەك کومەلگای ئامانجی حیزبی دێموکرات، لە ناوچەیەکی هەستیارو ئێستراتیژیكو دیکتاتۆر لێدراوی رۆژهەلاتی ناڤین هەلکەوتووە، کە لەوێدا هەر چەشنە دەنگی مافخوازییەك بە توندترین شێوە کپ دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە رۆژهەلات ناڤین لە سەردەمی شەری سارددا سەنگەری بەربەرەکانێ دوو جەمسەری سوسیالیستیو سەرمایەداری بووە کە ئەمیش بۆخۆی کاریگەرییەکی قوولیلەسەر بزووتنەوە رزگاریخوازانەکانی ئەم ناوچەیە هەبووە. جیا لەوانە رۆژهەلاتی ناڤین دابینکەری ٦٠٪ وزەی جیهانە، کە بەو بۆنەوە ولاتانی جیهان بەتایبەت ولاتانی پێشکەوتووو سەنعەتیو زلهێزی جیهان لە سەرکوتی بزووتنەوە رزگاریخوازانەکانی ئەم ناوچەیە چاویان نووقاندوەو ئەو بزووتنەوانەیان فیدای ساتو سەودای ئابووری کردوە، ئەمانەو کومەلێك هۆی نێوخۆیی بوونەتە هۆی ئەوە کە جوولانەوەی کورد لە کوردستان بە رێبەراتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاکام نەگا. بەلام بەو حالەش ئەو حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا بێوچان لە پێناوی مافەکانی کورددا شێلگیرانە خەباتی کردوەو قۆناخگەلێکی جوراوجوری وەك دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سەردەمی موسەددیق، خەباتی چەکدارانەی ٤٧ ـ ٤٦ و بە دەستەوەگرتنی زۆربەی هەرەزۆری خاکی کوردستان لە دوای شورشی ١٣٥٧و خەباتی چەکدارانە دژی رێژیمی خومەینی، تێپەراندوە.

ئێستا لە کاتێکدا بەرەو جێژنی ٦١ سالەی دامەزرانی ئەو حیزبە دەروین کە بە تەواوی بارودۆخی جیهان بەگشتیو رۆژهەلاتی ناڤین بەتایبەت گۆراوەو چاوەروانیش دەکرێ بەرەو ئالوگورێکی قوولتریش بروا. چوونکە شەرێکی قوول داوێنی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوینی گرتۆتەوە، شەرێك کە لە نێوان بەرەی دژە تیرۆرو بەرەی تیرۆردایە. فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك نایەوێ لەو ناوچەیە سیستمگەلی نوێی حکومەتی بە پێ بایەخەکانی سەردەم دابمەزرێن. واتە ئەو شەرە شەرێکە لە نێوان مودێرنیتەو سوننەتدا، کە ئێستا لەو ناوچەیە گەیشتوتە بەرزترین ئاستی خۆی. رێژیمی فەندەمنتالیستی ئیسلامی ئێران کە کێشەی ئەتۆمییەکی بە بنبەست گەیشتوە بەردەوام بۆ بەلارێدا بردنی بیرورای گشتیی جیهان لەسەر ئەو کێشەیە، بە دوای ئاژاوە خولقێنییەوەیە.

شەری نێوان ئیسرائیل لەگەل حیزبولاو فەلەستین هەروەها شەرو ئاژاوەکانی عێراقو ئەفغانستان سەرچاوەیان دەگەرێتەوە بۆ ئێران هەر بۆ گەیشتن بەو مەبەستەیە، بۆیە بارودۆخەکە بەروو ئەوە دەروا کە ئێران توانایی دەرباز بوونی لەو گێژاوە نیەو لەوانەیە لە نێویدا نوقم بێ، بە لە بەرچاو گرتنی ئەم هەلومەرجە حیزبی دێموکرات دەبێ خۆی بۆ قوناخێکی دیکەی خەبات رێك بخاتو ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە خەریکە دێتە ئاراوە، بە قازانجی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کورد بقۆزێتەوە، چوونکە بە دلنیایییەوە ئەوە ئاخێوی مودێرنیتەیە کە لە ئاکامدا بە سەر سوننەتدا زال دەبێت. بە ئاوردانەوەیەك لە مێژوو دەردەکەوێ کە ئاخێوی سوننەتی بە ئاسانی جێگەی خۆی بە ئاخێوی نوێو مودێرن نەداوە. بۆیە ئەو شەرەش کە ئێستا لە رۆژهەلاتی ناڤین دەکرێ دەبێ لەو سونگەیەوە سەیری بکرێو نابێ حیزب دێموکرات تووشی هەلە بێ، چوونکە ئەو حیزبە لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە بەرەی مودێرنخوازیدا بووە.

لە بەرەبەری جێژنی ٦١ سالەی حیزبدا، کۆماری ئیسلامی لەگەل قەیرانگەلی جوراوجوری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگیو کومەلایەتی بەرەو روویە، دەنگی مافخوازی نەتەوە بندەستەکانی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ بەرزو بەرزتر دەبێتەوە. دەنگی مافخوازیی چینو توێژە جوراوجورەکان وەك ژنانو کرێکارانو ... بەشێوەیەکی بەرچاو خەریکە پەرەدەستێنێ. جیا لەوانە گوشاری نێونەتەوەی بۆ سەر رێژیم بەهۆی قەیرانی ناوکیی ئەو رێژیمە، پشتیوانی لە تیرۆریزمو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ... رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێ کوی ئەو رووداوانەی ناوچەو جیهانو قەیرانگەلی نێوخۆ، رێژیم بەرەو ئاسویەکی ناروون دەبەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبی لەو هەلومەرجە ناسكو هەستیارەدا بە تێبینیو بەرنامەی تایبەتەوە هەنگاو هەلێنێتەوەو وەك حیزبی پێشرەوی خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دەبێ ئەو روداوانە بەجیددی بخاتە بەرباسو لێکولینەوەو خوێندنەوەیەکی زانستییانەی بۆ ئەو رووداوانە هەبێو بیانخاتە خزمەت جوولانەوەی کوردەوە، تاکوو ئەو ئامانجانەی کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤وە بۆیان تێدەکۆشێ دەستەبەر بن.

**دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەو بەرنامە مودێرنەوە کە هەڵگری ویستو داخوازییەکانی کورد بوو، لە لایەکەوە پێویستییەکی مێژوویی بووو لە لایەکی دیکەوە پڕ کەرەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە بوو کە لە کوردستاندا پێك هاتبوو.**

**ئەو بەرنامە پێشکەوتنخوازانەیە کە بایەخەکانی مودێرنیتەو بایەخە مرۆڤانییەکان تێیدا رەنگیان دابووە هێڵی جیاکەرەوەی ئەو جووڵانەوە نوێیە لەگەل جووڵانەوەکانی پێش لەخۆیەتی، بۆیە توانی سەرنجی هەموو چینو توێژەکانی نێو کومەڵگای کوردەواری بۆ لای خوی رابکێشێ.**



## سەرەنج وردە

مەسعوود بابایی

سەرەنجی پانزدەهەم:

ـ عەقڵیەت ـ پێش بوار ـ هارمۆنیی دەنگو وێنە

لە سەرنجەکانی پێشوودا باسمان لەوە کردوە کە عەقڵو زمان پێکەوە گرێدراونو زمان لە ئاوەزدا گەشە دەکاو لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یەو خاوەنی سیستمی کولتوری ـ سیاسی‌یە، بۆ دروستکردنی پەیوەندی ناچارە "دەنگ" بەکار بێنێو وێنەی سروشتی لە وێنەی زەینی‌دا تێهەڵکێش بکاو بگاتە ئاستی دەنگی زمان کە هەمان دەربڕینە(Diction).

هەموو کەرەستەیەکی زمانی خاوەنی پێش بوارە. پێش بوار ئاخێزگەی وشەیەو پشتی بە دیاردەی دەرەکیو کارلێکی عەقڵی بەستوە. هەندێ جار هارمۆنیی نێوان دیاردەی دەرەکیو کارلێکی عەقڵی هارمۆنیی دەنگو وێنە دروست دەکا. پێش بوار هەموو ئەو راڤە عەقڵیانەی مرۆڤ لە دنیای زەینی خۆیدا سەرقاڵیان دەبێ، سەرچاوەی بیری فەلسەفیو قۆناغی یەکەمی دۆزینەوەی داهێنان، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. دەنگی زمانی (Phoneme) لە دەنگە سروشتی‌یەکانەوە هاتوە. واتە مرۆڤ لە رێگەی لاسایی کردنەوە توانیویەتی دەنگە سروشتی‌یەکان کە پێیان دەوترێ دەنگی فیزیکی (Phone) لە دەنگە ژێ‌کانی خۆیدا تاقی بکەنەوەو لە سەرەتادا لاسایی ئەو دەنگانە بکاتەوە کە لە سروشتدا هەن. هەندێ جار مرۆڤ بە یارمەتی لاسایی کردنەوەو جووڵەی دەستو ئەندامانی لەش (پانتۆمیم) مەبەستەکانی خۆی دەربڕیوە. بەڵام بە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پێویست بوو قۆناغێکی دیکە ببڕێنو ئیدی لەوە بەدواوە مرۆڤ ئەلفو بێی وێنەیی داهێنا کە راستەوخۆ چاو بۆ تێگەیشتن لە وێنەکان بوو بە زمانی بێ دەنگ. واتە زمانێك تەنیا لە رێگەی وێنەو راڤەی عەقڵیەوە، دروستبوو.

پێ بە پێی گەشەکردنو پەرەگرتنی کۆمەڵایەتی‌و ئاڵۆزبوونی پێوەندیگەلی رامیاری‌و ئابووری‌و بەریەك کەوتنی هزرەکانو دیالۆگو دواجار سەرهەڵدانی یەکێك لە بەرهەمە گەورەکانی مێژووی هزری مرۆڤ واتە دیالکتیك ئیدی زمان گەیشتە ترۆپکی پێگەیشتنو تۆکمەبوونی خۆی. لەم قۆناغەدا زمان لە هەناوی خۆیدا هارمۆنیەکی لە نێوان دەنگو وێنە دروستکرد.

لە سیمانتیك ( واتاناسی) بابەتێك بە ناوی "کەرەستە"ی تاریكو کەرەستەی رون" هەیە. ئەم بابەتە یەکێك لەسەرنجراکێشترین بابەتەکانە. بەڕای من ئەم بابەتە دەتوانێ وامان لێ‌بکات تیۆریی ئەفلاتونی لەمەڕ زمان بەئاسانی پەسەند نەکەین: ئەفلاتون لەو باوەڕەدایە ناو/ ناولێنراو / دەنگو وشە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە. بەڵام لە بابەتی "کەرەستەی تاریكو کەرەستەی رون"دا هارمۆنیی نێوان دەنگو وشەو وێنە لانیکەم لە وێنەو دەنگ دا دەبینرێ:

کەرەستەی تاریك: بریتی‌یە لەو کەرەستە زمانییەی کە وێنەیەك بەو چەشنەی کە هەیە ناگوازێتەوەو ئێمە لە روی وێنەی زمانییەوە ناتوانین لە رێگەی وشەکەوە دیاردەکە بێنینە بەرچاومان واتە (تداعی) شتێك ناکات. زۆربەی کەرەستەکانی زمان تاریکن. زاراوەو وشە فەلسەفیەکانو زۆربەی دیاردە سروشتی‌یەکان بەم چەشنەن.


کەرەستەی روون: بریتی‌یە لەو کەرەستە زمانیانەی کە راستەوخۆ وێنەیەك لە زەیندا دروست دەکەنو دەبنە هۆی دروستبوونی (تداعی). بۆ نموونە: گوڵو گەنم دوو وشەن کە ئێمە وێنەی جۆراوجۆرمان لێیان هەیە، واتە هەموو جۆرەکانی گوڵو گەنم بە ناوهێنانیان دێتەوە بیرمانو بەڵام بەڕاستی تەنیا واتای گوڵ لە دۆخی گشتی‌و هەمەکی دێتەوە یادمان نەك جۆرێکی تایبەتی، ئەمانە کەرەستەی تاریکن.

بەڵام کاتێك کە دەڵێین گوڵەگەنم: گوڵ + ئامرازی لێکدەری ە + گەنم

دنیای زەینی ئێمە لە کەرەستە زمانیەکانی دیکە دادەبڕێو وێنەیەکی روون لەو وشەیە پێکدێت کە تەنیا یەك جۆر وێنەیە واتە وێنەیەکی رووتو تاقانەیە، نەك وێنەیەکی ئاوێتە، بەمە دەوترێ کەرەستەی روون.

هارمۆنیەکی دەنگو وێنەش هەر بە پشت بەستن بە کەرەستەی روون لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێ، هەڵبەت ئەمەیان بە هۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژیك تەمو مژی تێدایە. بەڵام بە ئاگادار بوون لەم تەمو مژەو رەواندنەوەی، هارمۆنیی دەنگی‌و وێنەیی‌و واتایی‌یەکەش دەردەکەوێ. ئەم تەمومژە، تەمو مژێکە بە هۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژیك دروستبووە.

نموونە:





کورد لە رێگەی (خۆر) هەڵاتنو (خۆر) ئاوابوون، ئاراستەی ئاسۆیی جوگرافیایی دەوروبەری خۆی ناسیوە: خۆرهەڵاتنو خۆرئاوابوون بە مانای دروست بوونی : رۆژو شەوە. لێرە لە رێگەی (بینین)ەوە وێنەی دو دیاردەی سروشتی راڤەی دەکرێو ناسینێکی عەقڵانی دروستبووەو لە خەزێنەی کولتووری‌دا بنەجێ بووە.

باکورـ باشوور: تەمو مژی فۆنۆلۆژیك لێرەدا وای کردوە کە ئێمە بەراستی واتای ئەم دوو وشەیە نەناسین، نەك نەزانین. ئێمە واتای ئەم دوو وشەیە دەزانین. واتە ئەم دوو وشەیە هاو واتای (شمالو جنوب)ی عەرەبی‌و فارسین. بەڵام واتاکەی ناناسین، زانینو ناسین دو بابەتی جیاوازن. با بزانین باکوورو باشوور لە چیەوە هاتونو تەمو مژی فۆنۆلۆژیك بڕەوێنینەوە:

با + کووڕ = (با) بە شێوەیەکی چەماوە کە ئاراستەکەی بۆ خوارەوەیە. باکوور هەمان باکووڕە . ڕــ بۆتە ← ر

با + ژوور = (با) بە شێوەیەکی بەرەوژوور، کە ئاراستەی بۆ سەروەیە. باشوور هەمان باژوورە.
ژ ـ بۆتە ش

واتە کورد لە رێگەی ئاراستەی (با)وە توانیویەتی (شمال و جنوب) کە ئاراستەیەکی جوگرافیایین بناسێت. ئایا دەتوانین بڵێین کورد زانیویەتی زەوی خڕە؟! من پێم وایە زانیویەتی‌و ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوانی‌و ئەو بابەتەی کە باسم کرد، دەسەلمێنرێ:




# دنیایەك شێتی !!!

ئەفراسیاب گرامی

خۆت کردۆتە قوربانی چی؟ ئێمە هەموو قوربانییەکانی تر بووین کە بۆ رۆژانێك، دەست لە ئەژنۆ، خەممان لەباوەش بوو. تۆ چی؟ تۆ کە بۆ یەکجاریش، خۆت نەکردە ساحێبی ئەو بازەڕاوو گورگە ڕاوە. ئێرەت کردۆتە جێگاو مەنزڵگای ئێوارانو لە ئێوارانیش بۆ ساتێك تێنەگەیشتی شەو بە چێ دەڵێن؟ ئێرەت کردۆتە ئەو شوێنەی کە هەلاجەکان هەموو جلە کۆنەکانی مێژووی ئەم ناوچەیان کرد بەسەرین. تا تۆ لەسەری بخەویتو بە ئارەزوو ... خەو ببینی. بە تەمای چیت؟ چایەکەی جاران، یان ...؟ چایت بۆ تێکەم، هەڵدەساو دەچووە بەر سەماوەرەکەو چاییەکەی لە سەرسینیەکی باریکی درێژ دادەناو لەدوورەوەبە قاچ رای دەکێشا بۆ لاتو شەکرەکەشی دوان دوان، بۆتی فڕە دەدا. ماوەیەك لە بوومەلێڵی لای پەنجەرەکە ورد دەبۆوە. دیسان دەستی پێدەکردەوە. دەی! باسی شێتیت بۆ بکەم. کوڕم لەم دنیایە شێتی وامان دەست ناکەوێ. زۆر بوون خۆیان بە شێت زانیوە. بەڵام قەد تێنەگەیشتن کە چین؟ ئەمە باسێکە کە لە مێژە خۆمم پێوە سەرقاڵ کردوە. یەکەم جار هاتم وەك پرۆژەیەك لە سەر باری دەروونی شێت لێکۆڵینەوە بکەمو بیناسم. کورد واتەنی ئەوەندە دۆزە دۆزەم کرد هەتا رۆژێك کە بیرم لەخۆم کردەوە تەواوی شێتخانەکان گەڕابووم. دنیایەکی سەیریان بوو. ئەوەندە لە گەڵ راستییەکان دەدوان، لەملاو لا باسم لە باسەکانی شێتو کۆبوونەوە لەسەر شێتخانەکان بوو. تەنانەت هەر شارێك چەندین شێتخانەم لێ کردەوە.

خۆی تێك نەدەدا. چاوی بەرز ڕاگرتبوو. جارجارێك تەزبێحەکەی بەتوندی هەڵدەسوڕان. بیرەکانی قوڵتر دەکردو کەمێك راوەستا. لەسەرخۆ قسەکانی باس دەکردو خۆشی پێداگری دەکرد. دەهاتەوە سەرباسەکەی. شێتی؟ لادێیەکان؟ ئەوانە شێتێکی سەیرن. بەڕاستی لە شێتی تێگەیشتبون. بروانە شێتەکەی ئاوایی ... بۆیەکجاریش جنێوێك نەهاتە دەمیاو بەڵام شێتی ئاوایی ... تەنیا بە جنێوە گرتوویەتی. لێی گەڕێ! ! بائەوەندە باسی نەکەین! ئێوارەیە، چاییەکی دیکەت بۆ تێکەم؟ قورشکەکەم لەسەر سینیەکە دادەناو دیسان بە قاچی سینیەکەی دەگەڕاندەوە. ئەمجارە چایەکەی رەش تێدەکرد و دەی‌گوت: ئەم چاییەش وەك تەزبێحەکەمان وایە، هەرچەند هەڵی دەسوڕێنین، ئێستاش نازانین چەند دەنکە. چاییەکەش وایە.

ئەمە هەموو ئەو قسانە بوو کە لە سەرەمەرگیشدا دەی‌کردو دڵی خۆیشی لێی هاڵ دەبۆوە، شەوان کاتێك خۆی لە بن باخەڵی سەرینەکان دەکرد، خۆی لە خۆیدا، دنیادیدەیەکی شێت، شێتی بە شێت بوون دەکرد، هەمیشە شێتبوونو فەلسەفەی بۆ شەوو بۆ دارەکانی سەرمیچەکە باس دەکردو لێی دەکۆڵیەوە. چرا فانۆسێکی تۆزگرتووی، لەتاقەکە دانابوو، لە شوقەکەیشی بێزاربوو، بەڵام خۆی لە برقو لە رۆشنایی دەشاردەوە. دەیگوت چیت دەست دەکەوێ؟ چی‌یە؟ ئەمە هەموو دەبێ دەرسی شێتی بخوێنن، ئەگینا ناتوانن لە حیکمەتی ئەم چرایە تێبگەن؟! چیە بۆ وا سەیرم دەکەیت! شێتێکی تەواوم؟ ئەوەندەش کە لەم تاریکیە دانشتووم سەیری شێتەکان دەکەمو لێیان تێدەگەم. بریا ئەوەندەی شێتەکان دڵم راست بوایەو هەموو نهێنیەکانم لەم تەزبێحە مورو خڕانە کۆکردبایەو بەسوڕێك ئەوانە کە خۆیان دەیانتوانی خۆیان بگرتایەو ئەوانەش کە نەیانتوانایە بکەوتنایە خوارەوە. ئەوانەش کە خۆیان نەگرتایە با بکەوتاینو فریان بەسەر راسەوە نەدەما. هەڵسە دەی! هەڵسە! موشکیلەی من ئەوەیە کە راستیەکان هەموویان کەوتنە خوارەوەو ناوێرن سواری ئەم هەڵسوڕ هەڵسووڕە بن. خۆت چاك دەزانی من ئێستەش نەمزانی چەند دەنکە ئەم تەزبێحە؟ نە نامەوێت بزانم. ئەوەندەم بەسەکە راستیەك سوارکەمو بتوانێ خۆی بگرێتەوە. نا ! ! ! ناتوانن خۆیان بگرن....نا،

ئەمەی گوتو خۆی کردە نێو پێخەفەکەی‌و سەری نایەوە. بەڵام ئێستاش نەمانزانی کە ...؟

# چاوەڕوان

هەرمان

پەنام بردە بەر شێعر
بۆ گەیشتن بە تۆ، هەتوان!
بارِانی، چۆم خنکانی
هانام بردە پردەباز
منی مەلە نەزان
پردەبازی لەرزۆکی رێبوار نەدیوا؟
هەژا، لەرزا
هەڕەشە ... لەترساو
وەرینی چەمکی وتەی
لە شەقامی نەزۆر چۆڵی بەناو ژوان
ئەمنی لەرزان
ئەو لە چاوم پردەباز و ...
من لە چاوی ... دڵدارێکی ... ڕێگرێك ....!؟
هەنووکەیش
تۆ لەوبەرو
لەمبەر منی لە چیبکەمداڕۆ چوو
هۆ بەهار، بەهاری ژیان
دەترسم لە بیستنی خشپەخشپی گەڵا ڕەنگینەکان و
وەرینی گوڵی فەرشە ڕێ
بۆ نەخوازراو ژوانی پڕ دەردوژان
لە گەڕانەوەی کیژە باڵغبووی وەرزی لەدایك بوون و
نرانەوە لە بێشکە خەزان
سەرگەردانی گیرخواردووی تراویلکە و گومان
پێت سەیر نەبێ
سێبەری گەڵامێو کەوتوەتە سەر شێعرەکانم
ڕستەکان لەتر لێدەدەن
ئەگرین، پێدەکەنن، جارجاریش وتەی تاڵ و ...؟!
تۆ پێم بڵێ
گۆرانیت لە کوێ بۆ بخوێنم لە کام ژوان!؟
لە شایی ...
پەنجەت، پەنج قاڕە بوون بۆ یەکێ دی!!
لە حەمامۆك نازەنین ...
کە تەنیا خوا گیان نەتی دی...!!
بۆ ناڵێی کاممان ببین بە چاوەڕوان!؟
قەت غرووری شاخێکم نەشکان
ڕوونی فرمێسکم نەدا بەنێو چاوی بارانا
کەچی ئەو شنەی خۆشی ویستم
قەت یاوی ئەوینمی بە ساردی جۆبار نەشکان،
نەشکان!

## بێ دوان



# ئەدەبیات و دەستێوەردانە ئیدئۆلۆژیکەکان

ن: عەلیشاد لوربەچە

و: شەریف فەلاح (هێژا)

به ژماردنێکی لاوەکی و سەرقامکیانە نازانستی، بەڵام لێکۆڵینەوەیی دەکرێ مەزندەی بکەین کە "گێئۆرگ لۆکاچ" (lokacs,1885-1971Georg) مێژوونووسی مارکسیستی ئەدەبیات، لە دایك بووی مەجارستان، دەشێ نزیك بە یەك میلیۆن لاپەڕە بابەتی ئەدەبی، فەلسەفی، مێژووی و سیاسی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا خوێندبێتەوە، چونکە لەمەڕ بەرهەمی زۆربەی نووسەران، فەیلەسووفان و خەباتکارانی کۆمەڵایەتی سێ سەدەی دوایی ڕۆژئاوا بیروڕا دەردەبڕێ. لۆکاچ نەتەنیا ڕۆمانە گەورەکانی بالزاك، داستایۆفسکی، تۆلستۆی، تۆماس مان، زۆلا، گوتە و کەسانی دیکەی خستە بەر ڕەخنە، بەڵکوو لە بەرهەمەکانی، مارکس، ئێنگلس، هێگڵ و لێنین و ماکس وێبر وەك سەرچاوە کەڵکی وەرگرت و بەڵگەی دەهێناوە. لە بواری ئێستاتیکا و زانستی جوانیناسی دا دەکرێ لۆکاچ وەکوو مارکس لە قەڵەم بدەین. بە پشت بەستن بە بەرهەمەکانی لۆکاچ دەکرێ بە مۆراڵیستی دابنێین هەروەك بە پێی ئیعترافەکانی، بوون بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستیش هەڵوێست و بڕیارێکی ئەخلاقی بوو. پەندێکی پێشینیان دەڵێت: مرۆڤی شارەزا و لێوەشاوە هەموو کات لە ڕێگای راست لا دەدات، لۆکاچ نووسی کە هیچ ئیدئۆلۆژییەك بێ هەڵە و کەموکوڕی نییە و راگەیەنی بێ لایەن لە جیهانی ئیدئۆلۆژیدا ئیمکانی نییە، نەتەنیا ئیمکانی هەڵوێستێك بۆ مرۆڤێکی بە ویژدان هەیە، ئەویش هاودەنگ یان دژایەتییە لەگەڵ ئەو ئیدئۆلۆژییەدا. کۆمەڵێك دژایەتی و خەباتی لۆکاچ لەگەڵ بیرمەندانی تردا بە پاکانە کردنی خۆی لەگەڵ خۆیدا دادەنێن، چونکە لۆکاچ پێشتر ماوەیەك قوتابی هەرکام لەوان بووە.

هەروەك "جولە دفریت" دەنووسێت، لە نموونە تراژیدییەکانی دوگماتیك ئەمەیە کە باشترین تێئۆریسینیەکانیان ڕۆژێك دەبنە ڕەخنە گرانی ئاشتی هەڵنەگر. و ئەم ریسایە ڕەنگە لەمەڕ لۆکاچ وەڕاست بگەڕێ.

لۆکاچ لە ماوەی تەمەنی خەباتی خۆیدا، چەندین جار کەوتە زیندانی چەند وڵاتی جۆراوجۆر.

ڕەنگە ئەمڕۆ بە نەختێ درەنگی و دوو دڵییەوە بکرێ ئەو بە مارکسیستێکی ئازادیخواز دابنێین. ئەو دوای بە دەسەڵات گەیشتنی نازییەکان لە بەشێك لە ئورووپا، پەنای بردە بەر یەکیەتی سۆڤیەت و لەوێ بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبیاتی نیونەتەوە.

بەم پێیە حەسانەوە و پەناگرتن لە باوەشی شۆڕەویدا، لە ماوەی ساڵەکانی نێوان دو شەڕی جیهانی دا ناوی لۆکاچ لە وڵاتەکانی بلۆوکی ڕۆژهەڵاتی پێشوو، بیرهێنەرەوە و زیندووکەرەوەی ئیتیهام و تاوانی "رویز یۆنیستی" بوون بوو.

بەدناوی ئەو لە کاتی مەرگ، لە وڵاتانی ئاماژە پێکراودا لە ئاستێك دا بوو کە ڕۆژنامەی "پراودا" لە ساڵی ١٩٧١ تەنیا لە هەواڵێکی ٤ دێڕیدا مەرگی ئەوی ڕاگەیاند، لە حاڵێکدا ڕۆژنامەی "لۆمۆند" لە فەرانسە زیاتر لە یەك لاپەڕە لە لاپەڕەکانی خۆی بۆ ئەو تەرخان کرد. لۆکاچ کولتووری لەمێژینە و کۆن بە سێ قۆناغی: حەماسی، تراژیدی و فەلسەفی دابەش دەکا و دەڵێ: کە لە سەدەی ئێستادا حماسە سەرایی دوور لە ئیمکانە و لە جێی ئەو، ژانری ڕۆمان هاتە ریزی ئەدەبیاتەوە. فۆرمی ڕۆمان دەربڕی جورێك لەسەر لێشواوی و بێ نیشتمانی و هەستیاری و هزری مرۆڤی مۆدێرنە، ژانری ڕۆمان ئەمڕۆ قارەمان و پاڵەوانی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە کەسێك کە هەمووکات و بەردەوام لە حاڵی گەڕان بە دوای ڕێگا و ئامانج دایە. پاڵەوانی حەماسەش خوازیار و گەڕیدەی ڕێگا و ئامانج بوو. بەڵام ئەو بۆی ببووە باوەڕکە بە مەبەستی دەگات و یا لە ڕێگای ئامانجی دیاریکراوی خۆیدا شکست دەخوات و لەبەین دەچێ و وەکوو پاڵەوانێك لە ئوستوورەکاندا درێژە بە ژیانی کولتووری دەدا. بەڵام لە ژانری ڕۆمانی ئێستادا، نە ڕێگاو نە ئامانجی پاڵەوان و مرۆڤ بە شێوەی ڕاستەوخۆ دیار و روون نییە. هۆگریی لۆکاچ بە مەسەلە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی مرۆڤی زەحمەتکێشەوە بوە هۆی ئەوەی کە بایەخ و گرینگییەکی تایبەت بدا بە ڕۆمانی مێژوویی. ئەو دەڵێ: کە تەنیا ڕۆمانی مێژووییە کە دەتوانێت تۆتالیتر بوونی مێژوو نیشان بدات. بە پشت بەستن بە لە دایك بوون و سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی ١٩ لە لایەن والتێر ئیسکاتی ئینگلیزییەوە، لۆکاچ نووسی: کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسە بەدواوە بۆ یەکەم جار مرۆڤ بینەری نمایشی بزووتنەوەی خەڵکی بوو لە ئەدەبیاتدا بەڕای لۆکاچ بە بەرهەمەکانی، بالزاك و تۆلستۆی، ڕۆمانی مێژووی گەیشت بە قۆناغی ڕۆمانی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، و دوای ئەوانە دەکرێ مرڤدۆستی و ئینسانگەرایی ئازادیخوازانەی ئەدەبی لە ڕۆمانەکانی، ڕۆمن ڕۆلان، ئاناتۆل فرانس، ئیستێفان ستوایك و هاینرش مان دا ببینین. دژایەتی لۆکاچ لەگەڵ "زۆلا" بە هۆی دڵ ڕەنجاندنییەوەیە لە ناتۆراڵیزم و ڕەخنەی ئەو لە ناتۆراڵیزم و فۆتوریزم لە ڕەخنە و دژایەتییەکانی مامۆستاکەی واتە: هێگل لە سێمبۆلیزم و ڕۆمانتیکەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو بە پەیڕەوی کردن لە لێنین بە نووسەرانی چەپی دەگوت وهانیانی دەدا کە لە بەرهەمگەلی پڕبایەخی کلاسیکی فەرهەنگی پێشووی بورژوازیی کەڵك وەرگرن و بیانخەنە خزمەتی خۆیانەوە، نووسەرانی کلاسیکی ڕیالیستی وەکوو: شێکسپێر، سێروانتس، گوتە و بالزاك کە دەتوانن مامۆستایەکی لێهاتوو بن بۆ نووسەرانی نوێخواز.

ئێنگلس لە تاریف و پێداهەڵگوتنی ڕیالیزم دا گوتبووی کە توانایی بالزاك لە ڕاڤەکردنی کۆمەڵگای فەرانسە و مێژووی لە میناکە دەستکەوتەکانی ئەو قۆتابخانە و ڕێبازەیە و لۆکاچ بە پشت بەستن بەم ڕایەی ئێنگلس، پێچەوانەی بیروڕای دەسەڵاتی ئەو کاتی حیزبی کۆمۆنیست، پشتگیری لە نووسەرانێك وەکوو: پووشکین، گووگوول، داستایۆڤسکی، ئێستاندال و فلوبێر کرد کە داوای ئەستاندنەوەی حەسییەت و شەڕەفی لێیان کرد. لۆکاچ دەیگوت قووڵایی مانا و مافی بەرینی ڕیالیزمی ڕاستەقینە ئەوەندە بەربڵاوە کە بەرهەمەکانی، شێکسپیر، گوتە، بالزاك، ئێستاندال، دیکێنز و تۆلستۆی دەکرێ بخرێنە ئەو خانەیەوە. ئەو درێژە دەدات کە ئێمە ئەدەبیاتی باش یان خراپمان هەیە، ناکرێ بە بیانووی سوسیالیست نەبوون شێکسپێر و گوتە، بسڕێینەوە، جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ئەدەبیاتی باش و پۆزەتیڤی سۆسیالیستیو یان بورژوازی دا نییە.

تێئۆرییەکانی لۆکاچ گەیشتنە ئەو ئاستەی کە لە ساڵی ١٩٥٦دا داوای ئازادیی ڕەها وبێ ئەملا و ئەولای بۆ ئەدەبیات کرد. ئەو بە وتەی "گوتە" بوو بە ڕاگەیەنەر و وتەبێژی ئەدەبیاتی جیهانی، تەنانەت کاتێکیش کە لەسەر، والتێر ئیسکات، ئۆلستۆی و بالزاك بیروڕای دەردەبڕی.

لۆکاچی مۆراڵیست دەستی دایە ڕەخنەگرتن لە ئێستاتیکا لە هونەردا.

وتی کە پڕوپاگەندەی ئێستکاتیکای ڕەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە سنوور و ئاستی ناسینی باش و خراپ خەوش دار بکرێ. بەڕای ئەو بنەما و ئەساسی ئەدەبیاتی ڕاستەقینە دەبێ ڕیالیزم بێت. هونەری ڕاستەقینە بۆ لۆکاچ هەمووکات نارەزایەتی بە بێ دادی و بوون لە مەیدان لەم جیهانەدا بوو نەك گرینگی دان و خەریك بوون بە مەسەلەگەلی جیهانی بێ سەروبەرە. ئەو دەیگووت: سەرەکی ترین ئەرکی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ڕەخنە گرتنە لە سەردەمی ترسناکی ئێستالین، قوناغێك کە بەڕای ئەو ناتوڕالیزمێکی دەوڵەتی، ڕیالیزمی ڕاستەقینەی وەلانابوو و خستبوویە پەراوێزەوە. ئەو بە ڕەخنە گرتن لە ئەدەبی کرێکاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەنووسێت: ئەوانە زۆرکات بایەخی ئیستاتیك و هونەری پێویستیان نییە و ئیدئۆلۆژی مارکسیزم هیچ گەرەنتییەکی بۆ ئەدەبیات و فەرهەنگی مۆدێرن نییە. هەرچەند کە مارکسیزم، لێنینیزم هیمالیای جیهانی بینی یەکانە، بەڵام ئەگەر کەروێشکێکی لەرزۆکی کەلەزات لەسەر لووتکەیەك هەڵبەزدابەز بکات، هیچ کات گەورەتر لە فیلێك نیە کە لە دەشتگەلی ویشك و قاقڕی داوێنی کێو دابێت. بەڕای ئەو زۆربەی قەڵەم بە دەستانی سەردەمی ئێستالین، بەڵگەهێنەر و ئاماژە پێکەرانی بێ سوودو کەڵك بوون، چۆنکە بۆ خەریك بوون بە هەر بابەتێك، تەنیا بەس بوو کە نووسەر دەست بداتە کو کردنەوەی وتەکانی ئێستالین و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە پێکەوەیان بلکێنێ. بە ڕای ئەو دوای شۆڕشی ئۆکتۆبری شۆڕەوی، ئەدەبیاتێکی شۆڕشی ـ ڕۆمانتیك و ئەدەبیاتێکی ئاوانگارد بە سەرپەرەستی و ڕێبەری مایاکۆفسکی هاتە ئاراوە. بەڵام ڕاگەیاندنی ڕیالیزمی سۆسیالیستی مەیدانی دا بە کەسایەتی پەرستی ئێستالینیستی. ڕیالیزمی سۆسیالیستی سەردەمی ئێستالین وەکوو ساڵەکانی حکومەتی هەر دیکتاتۆرێکی تر، دژی هونەر و ئەدەب بوو. لۆکاچ دژی تاریفی هونەر بە واتای ڕاگەیەن و پڕوپاگەندەی ڕاستەخۆ بوو. ئەو دەڵێت: هەموو بەرهەمەکانی نەمری ئەدەبیات نیشان دەدەن کە مێژوو و ئێستاتیکا لە پێوەندییەکی چڕوپڕدان. هەروەك لە وتارەکانی دا، ئەم دوو تەوەرە پێکەوە یەك دەگرن و لە پێوەندی لەگەڵ زانست و ڕاستی و واقیعیەتەکانی کۆمەڵایەتی دا یەکدەگرن. بەم پێیە لۆکاچ یەکجار نوێخواز بووە، چونکە بە پێی بەڵگە و وتەی خاوەن تێئۆرییەکان وەکوو: مارکس و ئێنگلس، زانستی ئێستاتیکی سیستمی یان لەخۆ بە جێ نەهێشت. وتە و قسەکانی مارکس لەمەڕ هونەر و فەرهەنگی یۆنانی کۆن و کارو سەرگەرمی یە ئەدەبیەکانی ئێنگلس لەمەڕ بالزاك و ڕیالیزم لە ڕۆماندا ڕەنگە بکرێ بە سەرەتایەك بۆ باس لەسەر ئێستاتیك و لە جوانیناسی لە مارکسیزمدا لە قەڵەمی بدەین.

ئەوەی کە لەمەڕ ژیاننامەی لۆکاچ بە شێوەی کورت دەکرێ بیڵێین، ئەمەیە کە ئەو لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٥ـ١٩٧١ لە مەجارستاندا بە شێوەیەکی دابڕ، دابڕ ژیا. باوکی سەرۆکی بانك و دایکی لە ئەشراف ونەجیب زادەکان بوو. باوك و دایکی هەردووکیان ڕیشە و ڕەچەڵەکی یەهوودی ـ ئاڵمانیان هەبوو.


به وتەی خۆی کۆمەڵناسیی ئەدەبی ئەو بێجگە لە مارکس، لە ژێر کاریگەریی دوو کتێبی ((فەلسەفەی پارە)) لە نووسینی "زمیل" و یاداشتەکانی پڕۆێستانی ماکس وێبردا بوو. ئەو "هاینە"ی بە یەکەم شاعێر و بیرمەندی شۆرشگێڕی ئورووپا و "تۆماس مان"ی بە ئاخرین نوێنەری ڕۆمانی ڕیالیستی ڕەخنەیی دادەنا، و لە ڕوانگەی ئەوەوە "والتێر ئێسکات" بناغەدانەری ڕۆمانی مێژوویی و گەورەترین نووسەری مێژوو بوو و تەنانەت "پورشکین"، "گوگوول" و "ئێستاندال"ی بە درێژە دەری ڕێگای "والتێر ئێسکات" دەزانی.

لۆکاچ "بێرتۆلت بێرشتی" بە گەورەترین شانۆنامەنووسی سەدەی رابردوو دادەناو هەروەها "نیچەی" بە دانەر و بنیاتنەری رەت کەرەوەی عەقلانیەت و ئاوەزی سەدەی ئەمپریالیزم دەزانی. چونکە بەڕای ئەو نیچە لە سەرەتاوە دژی دیمۆکراسی، سۆسیالیزم و مافی ژنان بوو. ئەو هەروەها دژی نووسەرانی ئاوانگارد وەکوو: دووبلین، جوویس و دۆس و پاسوس بوو. بەرهەمەکانی لۆکاچ بریتین لە ((تێئۆری ڕۆمان، مێژوو و زانیاری چینایەتی، ڕیالیزمی رووس لە ئەدەبیاتی جیهانی دا، سەردەمی گوتە، و وتارگەلێك لەمەڕ ڕیالیزم، بالزاك و ڕیالیزمی فەرانسەیی، هێگڵی لاو، جۆری تایبەتی جوانیناسی، بەرهەمی هونەری و ئاکاری جوانیناسانە، هونەر وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی، و نیچە پێشگام و پێشەنگی ئێستاتیکی فاشیزم)). وەك دەبینرێ بەرهەمەکانی زیاتر لەسەر ئەدەبیاتی سەدەی ١٩ و ٢٠ و مێژووی ڕەوتی ئەندیشەن لە ئاڵماندا.

دوو کتێبی ئەو "مێژوو و زانیاری چینایەتی و تێئۆری ڕۆمان" لە گرینگترین بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم بوون. کتێبی "تێئۆری ڕۆمان"ی لۆکاچ نووسەرانی وەك: تۆماس مان، ئێرنێست بلوخ، والتێر بینیامین، لوسین گلیدمەن و ئادورنۆ،ی لە بواری ئەدەبی و کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە خستە ژێر کاریگەریی خۆی. لە ماوەی ژیانی دا ناوو ناتۆرە و ئیتیهامی زۆریان بۆ لۆکاچ هەڵبەست: ڕۆشنبیری مۆراڵیست، مارکسیستی زانستگایی، ڕویزیۆنست، بلشویك، جوانیناس، مامۆستای ئێستالینیست، ڕیالیستی سوسیالیست، و... لە هێندێ لە وڵاتانی پێشووی بلووکی ڕۆژهەڵات دا ڕەخنەیان لە لۆکاچ دەگرت کە ئەو شێوەی نوێی ڕەت کردنەوە ئاوەزتارێنی، واتە مەزهەب پشت گوێ دەخا و تەنیا گرینگی بە خەبات دژی عەقڵ تارێنی واتە دژەخوایی دەدەات.

سەرچاوە: ئینتێرنت

Emil:heja_sh2004@yahoo.com



---

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

بەشی چوارەم

## وەرگێڕان و پێوەندی

ن:حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی

**هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی زمانێکی هاوبەشی جیهانی ڕێگاچارەیەکی کۆنی دیکەیە کە بۆ چارەسەرکردنی لەمپەری زمانی پێشنیار کراوە. بلیمەتەکان و زانایان هەمیشە ئاواتی ئەوەیان هەبووە کە هەموو خەڵکی جیهان بە یەك زمانی تاك بدوێن چونکە پێیان وابوو کە زۆربەی شەڕەکان لە نێوان کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بەرهەمی خراپ لێك تێگەیشتن و بە واتایەکی دیکە بەرهەمی جیاوازییەکانی زمانی بووە و ئەگەر هەموو خەڵکی جیهان بە یەك زمان بدوێن دەکرێ پێشگری لە زۆرێك لەم شەڕانە بگیردرێ. ئەم بیرو باوەڕە بووە هۆی ئەنگێزەیەکی باش بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە هەوڵی دۆزینەوەی زمانێکی جیهانیدا بن. ئەوان پێیان وابوو ئەگەر مرۆڤەکان زمانێکی تاك و یەکەیان هەبوایە یا لانیکەم هەمووان وەك دووهەمین زمان فێری زمان ببوونایە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ناو پێوەندی مرۆڤەکاندا پێك دەهات. چونکە هەر کام لە کۆمەڵگاکانی زمانی وابەستەبوونێکی توونددیان بە زمانی خۆیەوە نیشان دەدا و لە لایەکی دیکەوە بە پێی هۆکارگەلێکی سیاسی و نەتەوەیی هیچکامیان ئامادە نەبوون زمانی نەتەوەیەکی دیکە بە سەرووتر و بەرزتر بزانن و وەك زمانێکی نێونەتەوەیی کەڵکی لێ وەرگرن، لەم ڕووەوە هێندێك کەس بیریان لەوە کردەوە کە دەبێ بۆ ئەم مەبەستە زمانێك پێك بێ بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بە کەڵك وەرگرتن**

**لە ڕێساگەلی ساکار و ڕێك و پێك لە دروستکردنی ئەو زمانە، ڕاهێنان و فێرکردنی هاسان و سانا بێ و لە لایەکی دیکەوە چونکە زمانی نەتەوە یا کۆمەڵگایەکی تایبەتی نیە، کارلێکی پێچەوانە پێك نەهێنێ و زۆر زووتر قەبووڵ بکرێ. لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە هەوڵێکی زۆر بۆ ئەفراندنی زمانە دەستکردە جیهانییەکان شێوەی گرت بەڵام تا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ئەم زمانانە بە سەرنجدان بە ستراکتۆری تیۆری و سەربەخۆبوونی زاتی و دەروونییانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆ لە زمانە سرووشتییەکان نەکرا. لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا زانایان بە سەرنجدان بە ناکارابوونی زمانگەلێکی ئەوتۆ روویان لە پێکهێنانی گەلێك زمان لە سەر بنەمای زمانە سرووشتییە کلاسیکی و مۆدێرنەکان کرد بەڵام لە نێو سەدان پرۆژەدا تەنیا چەند پرۆژەی کەم و دەگمەنی وەك ڤێلاپووك، سپرانتۆ و ئادیدۆ هێندێك سەرکەوتنی ڕێژەییان وەدەست هێنا. گەلێك زمانی دەستکردی دروستکراو وەك زمانێك کارایی کردەیی و پڕاکتیکییان نەبوو و کەسانێك کە کارگێڕی پێکهێنەری ئەوان بوون نەیاندەزانی ئامانجوازی فانتازیاییان خراپترین لەمپەری سەرکەوتنیان بوو و وەك دەڵێن، خراپترین دوژمنی باشە، لە هەمان باشترە. بۆ وێنە خولقێنەری زمانە تیۆرییەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا سەمبوول نوێنی بۆ دەربڕینی بیرۆکەی مرۆڤ بکەن. بۆ وێنە پێکهێنەرانی زمانی لۆگلێن هەوڵی ئەوەیان دەدا تەواوی ناڕوونییەکان لە زمانی مرۆڤدا لە نێو ببەن، دەتگوت نەیاندەزانی مرۆڤ هەر لە بنەڕەتدا لە دەربڕینەکانی خۆیدا حەزی لە ناڕوونییە (میتافۆر و پەندی پێشینیان بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە). سپڕانتۆ، وەك سەرکەوتووترین زمانی دەستکرد دوو جیاوازیی بەرچاوی هەبوو. لە لایەکەوە هاسانی و ڕەوانی کارایی و ستراکتۆری دەروونی زمان، و لە لایەکی دیکەوە خاوەنی هەلومەرج و دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبار، وەك هۆکاری دەرەکی سەرکەوتنی زمان بوو.**

**—ئەنگێزەی داهێنەرانی زمانە دەستکردەکانیش جیاواز و جۆراوجۆر بوو بەڵام لە نێوانیاندا دەکرێ ئاماژە بە دوو ئەنگێزەی سەرەکی و گرینگ بکرێ:**

**—ئەنگێزەی مرۆڤانی، ئاشتیخوازانە و حەزکردن لە پێوەندی نێونەتەوەیی. داهێنەرانی ئەم جۆرە زمانانە باوەڕیان بەوە بوو کە دەکرێ بە هۆی زمانی جیهانی یا نێونەتەوەییەوە گەلێك کێشە و گرفتی نێونەتەوەیی و ڕەگەزەکان کەم بکرێتەوە یا نەمێنێ.**

**ئەنگیزەگەلی فەلسەفی و عیرفانی کە بە تایبەتی ڕۆڵێکی سەرەکیان لە ئەنگیزەی پێکهێنەرانی زمانە ئیستقراییەکاندا هەبوو. فەیلەسووفەکانی سەدەی حەڤدەهەم وەك دێکارت و لایبنیتس گەلێك ئایدیای جۆراوجۆریان لەمەڕ زمانە ئارمانجەکان هەبوو کە بە شێوەیەکی لۆژیکی دروستکرابێ.**

**ئالبێرت لیپتای (١٨٩٢) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی *زمانی کاتۆلیك* رەوتی کاملبوون کە لەودا زمانە ئەورووپاییەکان مەیلیان لە پەرگرتن و بەرین بوونەوە هەیە، نیشان دەدا. تیۆرییەکانی ئەو لە گەڵ بیرو راکانی ئۆتۆیسپێرس (١٨٩٤) لەمەڕ پێشکەوتنی کامڵ بوونی زمانی و تیۆری نیکۆلای مار لە سەر دەرەتانی ئەفراندنی زمانێکی یەکەی مرۆڤایەتی لە ئاکامی تێکەڵ بوونی زمانەکانی هەنووکەیی دەگونجێ. هەڵبەت تەواوی ئەم تیۆرییانە قەرزاباری تیۆری پلووچە لە یەکەمین بەرگی *ئینسکلۆپیدیا* گەورەی دیدرۆ بوون کە لەوێدا بانگەشەی ئەوە کرابوو کە یەکەمین دابەش بوون و بەرینبوونی زمان لە سەردەمی تۆفانی نووح دا روویداوە. پلووچە گوتی پرسی بەربڵاوبوونی (یان بە دەربڕینێکی روونتر ئاڵۆزی زمانی) ڕاستییەکی سرووشتی تەواو زیاترە و لە ڕاستیدا بوارێکی کۆمەڵایەتی هەیە. (ئاکۆ، ١٩٩٧: ١٨٦ — ١٨٦).**

**یەکەمین سەرنجی جیدی زانایانی زمانناسی لە پرسی زمانە دەستکردەکان پێوەندی بە نیوانی نیوەی یەکەمین سەدەی بیستەمەوە هەیە. لە ساڵی ١٩٢٤دا ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی زمان بۆ یارمەتیدان بە هەوڵی زمانناسی مەزن، ئۆتۆیسپێرسۆن بۆ لێکۆڵینەوە و تاو و توێ کردن لە بیاڤی زمانە دەستکردەکاندا پێکهات، ئەو کومیتەیە لە ژێر ڕێنوێنی و راوێژە ڕاستەوخۆکانی یسپێرسۆن دەستی بە کار کرد. دوای بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٩٢٥دا، یسپێرسۆن بڕیاری دا شێوە و فۆرمێکی دیاریکراو بە ئایدیاکانی لە بواری ڕەهەندە تایبەتییەکانی لەمپەری زمانیدا بدا. بە پشتیوانی پرۆفیسۆر کالێنسۆن (ئەندامی بزاڤی سپڕانتۆ) و دوکتۆر ئامەن. ئابراچ (ئەندامی بزاڤی ئادیۆ) ئەو توانی کتێبەکەی خۆی لەمەڕ ستراکتۆری زمانە دەستکردەکان بە ناوی *زمانێکی نێونەتەوەیی* لە ساڵی ١٩٢٨دا بڵاوبکاتەوە. ئەو لەم کتێبەدا، باسی لە سەر بنچینە و ڕێساگەلی پێویست بۆ دروستکردنی زمانێکی دەستکرد کردووە.**

**لە دەیەی پەنجا بەملاوە زمانناسان بە بینینی سەرنەکەوتنی پڕاکتیکی ئەم جۆرە زمانانە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لێیان دڵسارد بوونەوە و ئەوانیان بە شێوەگەلێکی ناکارامە لە چارەسەرکردنی پرسی لاوازبوونی پێوەندی هەڵسەنگاند. هێندێك کەس بۆ پاساودانی شکستی زمانە دەستکردەکان باسی گەلێك هۆکاریان کردووە کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر ئەم پرسە داناوە. بۆ وێنە ئەوە کە پەرەگرتن و فێربوونی هەر زمانێك، ئەنگیزە یا پێویستی و پێداویستییەکی بەدوادا دێ کە لە فێربوونی زمانی دەستکردی ئەنگیزەیەکی ئەوتۆدا نیە" ئەورووپای بنەڕەتی، دژایەتی هێندێك دەوڵەت و کەمتەرخەمی زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان بۆ پێکهێنانی هاسانکاری و هاندانی فێربوونی ئەم چەشنە زمانانە لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەیانەوە لەو هۆکارو باندۆردرانەن لە سەرنەکەوتنی زمانە دەستکردەکاندا.**

# ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەردەم دووڕیانێکی دژواردا

عەولا بەهرامی



سەرەنجام لە گەرمەی ئەو قەیرانە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوەو لە کاتێکدا کە خاوەنڕایان‌و ــ بە تایبەت کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش - پێیان وابوو جارێ بیروڕای گشتی‌و ئەنجومەنی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناپەرژێنە سەر کێشەی ناوکیی ئێران، شوڕای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران دەکرد. لەو گەڵاڵەیە (١٦٩٦)دا کە ١٤ ئەندام لە ١٥ ئەندامەکەی ئەم خولەی ئەنجومەنی هێمنایەتی دەنگی ئەرێیان پێ‌داوە، داوا لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی کراوە تا کۆتایی مانگی ئووت هەموو ئەو چالاکییانەی پێوەندییان بە بەرهەمهێنانی چەکی کوشتاری بە کۆمەڵەوە هەیە ڕاگرێ، ئەگینا لەگەڵ سزای ئابووری‌و سیاسی بەرەوروو دەبێ. هەروەها لەم بڕیارنامەیەدا داوا لەو هەموو وڵاتان کراوە بەر بە گوازرانەوەی ئەو کاڵاو تێکنۆلۆژییانە بگرن کە لە پرۆگرامە ناوکی‌و مووشەکییەکانی ئێراندا شیاوی کەڵک لێ‌وەرگرتنن.

پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیە ئەویش ڕاست لەو کاتەدا کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە هەڵگیرساندن‌و خۆش کردنی ئاگری شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان توندڕەوە بونیادگەراکانی فەلەستین‌و لوبنان (حەماس‌و حیزبوڵڵا)و ئیسرائیل، پێیان وابوو، سەرنجی بیروڕای گشتی‌و ئەنجومەنی هێمنایەتی لە کێشەی ناوکیی ئێران دوور دەخەنەوە، لە لایەک بە سەرکەوتنێک بۆ سیاسەتی دەرەکی‌و دیپلۆماسیی ئەمریکاو هاوپەیمانانی‌و لە لایەکی دیکەوە بە شکستێک بۆ سیاسەتی لاڕێ‌کەرانەو فریوکارانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەژمێردرێ. چونکە کاربەدەستانی ڕێژیم پێیان وابوو دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لەو ناکۆکییانەی لە نێوان پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا لە گۆڕێ دایە ئەگەر نەشتوانن خۆیان لە دژکردەوەیەکی نێونەتەوەیی بپارێزن لانیکەم توانیویانە کاتێکی زیاتر بۆ درێژەپێدانی چالاکییە ناوکییەکانی خۆیان بکڕن.

ئەوە کە سەرەنجام چین‌و رووسیەش دوای چەند حەوتوو وتووێژ لەگەڵ سێ ئەندامە هەمیشەییەکەی دیکەی ئەنجومەنی هێمنایەتی‌و ئەڵمان دەنگی ئەرێیان دا بەو بڕیارنامەیە کە لە لایەن وڵاتانی ئاڵمان‌و فەڕانسەو بریتانیاوە داڕێژرا بوو، دەتوانێ تا ڕادەیەک ئەو دڵنیاییە پێک بێنێ کە ئەم وڵاتانە (چین‌و روسیە) بە بیانووی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەی لە ئێران هەیانە، چی دیکە یارمەتی بە زێدەخوازییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەکەن‌و سەرەنجام ڕێگا بۆ شکڵ گرتنی ئیرادەیەکی یەکگرتووی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمدا خۆش بێ.

بە دەرچوونی ئەم بڕیارنامەیەی ئەنجومەنی هێمنایەتی تۆپەکە کەوتۆتە گۆڕەپانی ئێران‌و ئەوە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامین کە ئەمجارەیان ناچارن لەم دوو ڕێگایە کە خراوەتە بەردەمیان یەکیان هەڵبژێرن.

کاربەدەستانی ڕێژیم بەر لە دەرچوونی بڕیارنامەکە هەڕەشەیان کردبوو ئەگەر بڕیارنامەیەکی ئەوتۆ لە دژی ڕێژیمەکەیان دەربچێ بەستەی پێشنیارەکانی وڵاتانی ئورووپایی وەلادەنێن‌و لەوانەیە لە پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ناوکی بێنەدەرەوە. لە یەکەم کاردانەوەشدا نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم بڕیارنامەیەی ڕەت کردەوەو سەرکۆماری ڕێژیمیش ڕۆژی چوار شەممە (٢ی ئووت) وێڕای پێداگرتن لەسەر مافی ئێران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم ئەم بڕیارنامەیەی بە سیاسی لە قەڵەم داو لە دژی ڕاوەستا.

ئێستا نزیکەی مانگێک کات لەبەر دەست کاربەدەستانی ڕێژیم دایە تاکوو یەکێک لەو دوو ڕێگایەی لە بەردەمیان دایە هەڵبژێرن. بەڵام هەم بە پێی کاردانەوەکانی تا ئێستای ڕێبەرانی ڕێژیم‌و هەمیش بەم پێیە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی دەسڕاگەیشتن‌و تەیار بوون بە چەکی ناوکی بە کارتی مانەوەی ڕێژیمەکەیان دەزانن‌و سەرەڕای ئیددیعاکانیان لە مەڕ ئاشتیانەبوونی پرۆگرامە ناوکییەکانی ئێران بە هەموو توانایانەوە بە شوێن ئەم ئامانجەوەن، بە دوور دەزانرێ ڕێگای هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەڵبژێرن.

# ماستەرنامەی "د.قاسملوو، ژیان‌و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا"

ئا: عەلی بداغی



بەیانیی ڕۆژی شەممە، ١٤ی گەلاوێژی ١٣٨٥ی هەتاوی، کۆڕێک بۆ وتویێژ لە سەر ماستەرنامەی هۆشمەند عەلی مەحموود، لە هۆڵی کۆلیژی ئەندازیاریی زانکۆی کۆیە، گیرا کە تێیدا بەڕێز هۆشمەند عەلی* لە بەرانبەر لیژنەی دیالۆگ لە سەر ماستەرنامەکەیدا بەرگری لە تێزەکەی بە ناونیشانی "عەبدورەحمان قاسملوو ـ ژیان‌و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازایی کورد دا" کرد.

کۆڕەکە بە ناساندنی خوێندکار هۆشمەند عەلی مەحموودو باسکردن لە کورتەیەک لە ژیان وی لە لایەن پرۆفسۆری یاریدەر دوکتۆر محەمەد عەلی دەستی پێ‌کرد. پاشان نیوکاتژمێر کات بە هۆشمەند عەلی درا تا پوختەیەک لە تێزەکەی پێشکەشی ئەندامانی لیژنەی دیالۆگ‌و ئامادەبووان بکا.

دواتر پرۆفسۆر دلێر ئەحمەد محەمەد، ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ لە سەر ماستەرنامەی هۆشمەند عەلی، هاتە سەر هەڵسەنگاندنی زانستیی ماستەرنامەکەو سەبارەت بە کەسایەتیی قاسملوو گوتی:" د.قاسملوو ئەو سەرکردە گەورەیەی کورد بوو کە لە هەمان کاتدا کە هەموو ڕێگەیەکی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکەی لەبەردەم خۆیدا بە ئاوەڵا دەدی، بەڵام



لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە ئاشتیخواز بوو کە ئامادە بوو تەنانەت گیانیشی بەختی ئەم پێناوە بکا کە هەر کردیشی".

پرۆفسۆر دلێر لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە ماستەرنامەکەی هۆشمەند عەلی گوتی:"حەز دەکەم ئەو ماستەر نامەیە سەرەتایەک بێ بۆ وردبوونەوەی‌و خوێندنەوەی زانستیی ژیان‌و ڕۆڵی سیاسی قاسملوو، چونکە دوکتور قاسملوو مرۆڤێک بوو خەباتگێڕو پێشڕەوی نەتەوەکەی کە لانیکەم ٢٠ ساڵ پێش لەگەلەکەی بیری دەکردەوەو هەنگاوی دەنا. قاسملوو بە هێنانە گۆڕیی سۆسیال دێمۆکراسی گەورەترین دەسکەوت‌و شانازی بە ناوی خۆی‌و بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد".

لەبەشێکی دیکەی ئەم کۆڕەدا پرۆفسۆر ئیسماعیل شوکور ڕەسووڵ، یەکێکی دیکە لە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ بە ئاماژە بەوەی چونکە کە هۆشمەند عەلی یەکەم کەس‌و تا ئێستا تاکەکەسە کە توانیویەتی ماستەرنامەکەی لەسەر کەسایەتیی د.قاسملوو وەرگری. دەتوانێ خۆی بە میراتگری قاسملوو بزانێ‌و لە داهاتووش دا دوکتوڕا نامەکەشی هەر لەو پێوەندی‌یەدا وەرگرێ. لیژنەی دیالۆگ لە سەر ماستەرنامەی "د.قاسملوو، ژیان‌و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا" پاش ٣ کاتژمێر باس‌و لێدوان پلەی "زۆرباش"ی بە ماستەرنامەکەی هۆشمەند عەلی بەخشی. ئەم کۆڕە لەسەر داوای ئەندامانی لیژنەی زانکۆی کۆیە بە قسەکانی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، یارو هاوڕێی دێرینی د.قاسملوو کۆتایی پێ‌هات.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: کەسایەتیی ئاکادیمیی د.قاسملوو ئەوە دەهێنێ کە لانیکەم زانکۆیەک یا کۆلێژێک لە کوردستانی ئازاددا بە ناوی ئەو کرابا.

هۆشمەند عەلی لە پێوەندی لەگەڵ ئەنگیزەی هەڵبژاردنی د.قاسملوو بۆ ماستەرنامەکەی بە هەواڵنێری " کوردستان" ئۆرگان کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند:" کەسایەتی‌یەکی وەک دوکتور قاسملوو دەهێنێ نەک ماستەرنامە، بەڵکوو دەیان تێزی دوکتوراو کتێبی مێژووی‌و زانستی لەسەر بنووسرێ‌و ئەوەی کە تا ئێستا هیچ کام لە زانکۆکانی کوردستان‌و تەنانەت ئوروپاش توێژینەوەیەکی زانستی یان لەسەر د.قاسملوو نەبووە، ئەوە هاندەری سەرەکیی من بوو. پاشان ئێمە دەبێ‌و ئەوە ئەرکمانە کە لەسەر کەسایەتیی د. قاسملووو دەرخستنی پێگەی ئەو لە سیاسەت‌و دێپلۆماسی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەی نەتەوەکەماندا زۆر شت ڕوون بکەینەوەو خەڵەو خەرمانێکی زانستیی لێ دروست بکەین تا نەوەی داواڕۆژی کورد، لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەیان باشتر تێبگەن‌و سوودی لێ‌وەربگرن".

یەکێک لەو خاڵە بەهێزانەی تێکرای ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ بۆ ئازایەتی و بوێریی هۆشمەند عەلی یان گەڕاندەوە، نەبوونی سەرچاوەو ئارگۆمێنتی پێویست بۆ ئەم توێژینەوەیە بووە، بەڵام هۆشمەند عەلی بە ماندوو بوونێکی زۆرو لە ماوەی دووساڵدا توانیویەتی پتر لە ٢٦٠سەرچاوە بۆ توێژینەوەکەی وەدەست بێنێ. هۆشمەند عەلی سەبارەت بە گیرو گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکەی ئاوا دەڵێ: هەموو هەوڵم ئەوە بوو زۆرترین سەرچاوە بۆ ئەم نووسینەم بەکار بێنم هەر بۆیەش بە چوار زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیسی‌و فارسی چیم دەسکەوتبێ، کەڵکم لێ وەرگرتووە. لەو نێوەدا ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بۆ من سەرچاوەیەکی زۆر باش بوو. بیرەوەریی ڕێبەرانی حدکاو ئەم چەند کتێبەی کە ئەندامانی حدکا لەو چەند ساڵەدا بەچاپیان گەیاندوون ـ دیارە ئەوانە زۆربەیان نوسینەکانی خودی د.قاسملوون کە کۆکراونەتەوە و لە بۆنەو یادەکان لەسەر نەمر قاسملوو نووسراون. ئەوانە بۆ من بەکەڵک بوون‌و زیاتر



لەهەموو ئەوانە ڕێنوێنی‌و ئەم کۆمەڵە سەرچاوەیەی مامۆستا عەبدوڵاحەسەنزادە لەبەردەستی دانام‌و بۆخۆشی بۆ من سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ بوو".

هۆشمەند عەلی سەبارەت بە توێژینەوەکەی‌و پۆلێن بەندییەکی سەر پێی ماستەرنامەکەی دەڵێ:"ماستەرنامەکەی من لە ٥ بەش داخۆی دەبینێتەوە لەگەڵ پێشەکی‌و پاشکۆو سەرچاوەکان. هەر بەشێکی ئەو ٥ بەشەش خۆی دابەش دەبێ بە چەند تەوەرێکدا بۆ وێنە بەشی یەکەم خۆی ٣بەشە، بەشی دووهەم ٣تەوەرەو بەشی سێهەم بە هەمان شێوە، بەڵام بەگشتی بەشی یەکەم تەرخانکراوە بە ژیانی دوکتور قاسملوو، بنەماڵەکەی‌و خوێندن‌و ...

بەشی دووهەم تایبەت کراوە بە ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە سەردەمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ ١٩٧٨ کە ئەویش خۆی دابەش بە چەند قۆناغێک کراوە. لە بەشی سێهەمدا ڕۆلی سیاسی د.قاسملوو لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٩ توێژینەوەی لەسەر کراوە. بە شێکی دیکەی توێژینەوەکەم، تایبەتە بە هەوڵە دێپلۆماسییەکانی د.قاسملوو لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان‌و دوایین بەشی توێژینەوەکەشم تەرخان کراوە بە هەوڵە دێپلۆماسییەکانی د.قاسملوو لە دەروەی کوردستان، وەک پێوەندیی لەگەڵ حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران‌و وڵاتانی عەرەبی‌و ڕۆژئاوا. لەو بەشەدا تیشک خراوەتە سەر کێشەی کورد لە لایەن د.قاسملووو ئەو هەوڵە نێونەتەوەیی‌یانەی د.قاسملوو لەم پێناوەدا داویەتی.

** هۆشمەند عەلی مەحمود ساڵی ١٩٨٠ لە شاری هەولێر لە باشوری کوردستان لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردوە. قۆناغی ئامادەیی لە قەڵادزێ بەسەرکەوتوویی بڕیوە. ساڵی ٢٠٠٣ بکارلیۆسی مێژووی لە زانکۆی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سلێمانی وەرگرتوە. ساڵی ٢٠٠٦ ماستەری مێژووی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردوەو ماستەرنامەکەی بە پلەی باش وەرگیراوە.*

# باسێك لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون

## وتوویژ لەگەڵ رامین جەهانبەگلوودا

(بەشی یەکەم)

**وەرگێڕان: حامید ئەردەڵان**

**رامین جەهانبەگلوو لە ناو کۆڕو کۆمەڵە رووناکبیرییەکانی ئێرانیو رۆژئاواییەکاندا ناوێکی ناسراوە. جەهانبەگلوو بە روونکردنەوەی رێکوپێكو سادەی چەمکە ئاڵۆزەکان، بەناوبانگە. دەیانو بگرە سەدان وتووێژی وی لەگەڵ گەورە بیرمەندانو فیلسووفانی ناسراوی جیهانی بە زمانەکانی فەرانسەویو فارسی بڵاو بوونەتەوە. ئەم وتووێژەی لەبەر دەستتان دایە، لەمەڕ چەمکی هاووڵاتیبوون لەگەڵ جەهانبەگلوو کراوە کە بە شێوەی نامیلکەیەکی چکۆڵە، (وێڕای هێندێك نامیلکەیتر کە باسی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە چەمکە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیان لە خۆ گرتووەو لە بنەڕەتدا بە نیازی فێرکاریی رێك خراون) لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی "اگر"ەوە چاپو بڵاو بۆتەوە.**

◆ **کاتێك باسی چەمکی هاووڵاتیبوون دەکرێ، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا کەسێکی خەڵکی گوندیش دەتوانێ خاوەنی مافی هاووڵاتی بێ؟**

➢بەڵێ گوندییش دەتوانێ هاووڵاتی بێ، بەو مەرجەی بە شێوەیەکی راستەوخۆو هەڵسووڕاو، بەشداریی لە چالاکییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شوێنەی ژیانی لێدەباتە سەر، بکا.

◆**کەواتە هاووڵاتی بە مانای دانیشتووی شار نیە. ئەم زاراوەیە چۆنو لە کەیەوە سەری هەڵداوە؟**

➢بۆ یەکەم جار لە مێژوودا یۆنانییەکان کەڵکیان لە وشەی هاووڵاتی وەرگرتوە. بەر لە هەموان ئەرەستوو لە کتێبی "سیاسەت"دا باسی هاووڵاتی دەکا.

◆ **لەو سەردەمەدا شارۆمەندیی مانایەکی هەبوو؟**

➢هاووڵاتی بە کەسانێك دەگوترا کە لە کاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتیی "دەوڵەت ـ شار"دا بەشداریی راستەوخۆیان بوو.

◆ **مانای "دەوڵەت ـ شار" چیە؟**

➢"دەوڵەت ـ شار" بریتی بوو لە کەشوهەوایەکی تاکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کە خەڵکی ئاتێن لە چاخی کەونارادا بۆخۆیان ساز کردبوو. دەوڵەت ـ شار، شارێك بوو کە لەباری سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە سەربەخۆ بوو.

◆ **ئایا هەر بە تەنیا شاری ئاتێن "دەوڵەت ـ شار" بوو؟**

➢نا، سپارتیش دەوڵەت ـ شار بوو. کاتێك ئێمە باسی یۆنانی کۆن دەکەین، مەبەستمان کۆمەڵێك لەو دەوڵەت ـ شارانەیە کە بە گوتەی هێندێك لە فیلسوفان ژمارەیان لە پێنج هەتا پەنجا هەزار مەزندە کراوە. خراپ نیە بزانین یۆنانییەکان لەوە کە ئێرانی کەونارا قەڕاڵستان یان ئیمپراتۆریی هەبوو، (واتە وڵاتێکی هەراوو بەربڵاو بوو کە تاقە دەوڵەتێکی هەبوو) ئێگجار سەرسووڕماو بوون.

◆ **مەبەستت ئەوەیە لەوێ هەر شارە دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبوو؟**

➢دەوڵەت بە مانا مۆدێرنو ئەمڕۆییەکەی نا، بەڵام چەشنێك دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبووو خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە ئاتێنی سەدەی پێنجی بەر لە زایینیدا، حاکمییەتی دەوڵەت ـ شار دێموکراتیك بوو. ئەمڕۆ بەو شێوە دێموکراسییە دەڵێن دێموکراسیی ئاتێنی.

◆ **باسی ئەوەتان نەکرد هاووڵاتیبوون لە کەیەوە پێك هات.**

➢هاووڵاتیبوون بۆ یەکەمجار لە دێموکراسیی ئاتێندا بیچمی گرت. لە ڕوانگەی ئاتێنییەکانەوە هاووڵاتی کەسێك بوو کە گرینگی بە کاروباری سیاسیی دەوڵەت ـ شاری خۆی بداو خۆی لە بەرانبەریدا بە بەرپرس بزانێ. هەڵبەت بە بۆچوونی ئاتێنییەکان هەر بە تەنیا پیاوانی باڵغی سەرووی ١٨ ساڵ بە هاووڵاتی حیساب دەکران. ژنان، کۆیلەکان، بیانییەکانو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بوو، هاووڵاتی نەبوون.

◆ **کەواتە هاووڵاتی کەسێك بوو کە دەیتوانی لە کاروباری سیاسیی دەوڵەت ـ شاردا بەشداریی هەبێ؟**

➢بەڵێ رێك وایە. بەڵام کەسێك کە سەرەڕۆ بوایە بۆی نەبوو هاووڵاتی بێ. چونکە هاووڵاتی لە ڕوانگەی ئەوانەوە کەسێك بوو کە بۆ بەختەوەریی مەدەنیی کۆمەڵگا تێدەکۆشا، نە بۆ لەناوبردنی. سەرەڕۆیی، بە بۆچوونی ئەوان بەختەوەریی مەدەنیی دەبردە ژێر پرسیار. هەربۆیە کابرای سەرەڕۆ ملهۆڕ بۆی نەبوو ببێ بە هاووڵاتی.

◆ **هاووڵاتییانی ئاتێنی بە چ شێوەیەك لە کاروباری دەوڵەت ـ شاردا بەشدارییان دەکرد؟**

➢ئەوان بە یەکەوە کۆدەبوونەوەو بڕیاریان لەسەر بابەتی وەك شەڕ، ئاشتی، چالاکیی رۆژانەو... دەدا. ئەو دێموکراسییە کە لە ئاتێندا ڕەمێنی هەبوو، بە دێموکراسیی بێ نێونج یان دێموکراسیی راستەوخۆ بەناوبانگە.

چونکە ئەوان لە شوێنێکدا کۆدەبوونەوەو پاشان دەنگیان وەردەگرتو بڕیاریان دەدا. تەنانەت وا هەبووە لەبەر ئەوەی رێبەرەکەیان هەڵەی کردوە، بۆ دەورەیەکی شەش مانگە لایان بردوەو دەسەڵاتیان لێستاندۆتەوەو سەرلەنوێ هەڵیان بژاردۆتەوە. لەوێ دوو بابەت ئێجگار گرینگ بوون. یەکیان "پاریزیا" بوو. واتە تۆ بتوانی بە بێ هیچ ترسو دڵەڕاوکەیەك، راستەوخۆ قسەی خۆت بکەی. بابەتیتر "ئیزۆنۆمیا" بوو. واتە هەموو پێکەوە بەرابەرن. بەرابەریو ئازادیی رادەربڕین. گرینگترین تایبەتمەندییەکانی هاووڵاتیبوون بوون.

◆ **یانی لە ناوچەکانیتری جیهاندا هاووڵاتیبوون مانایەکی نەبوو؟**

➢نا تەنانەت "ماکس ڤێبەر" کۆمەڵناسی ئەڵمانی، پێی وابوو کە لە جیهانی ئیسلام، چینو هیندا شتێکمان بەناوی هاووڵاتیبوون نەبووە.

◆ **ئەی لە جیاتی "هاووڵاتی" چیمان هەبووە؟**

➢رەعیەتمان هەبوو. رەعیەتەکان کەسانی گوێڕایەڵی حکوومەت بوون. وا نەبوو حکوومەتەکان گوێڕایەڵیی ئەوان بن. دوای یۆنانی کەونارا ئێمە لە قەڕاڵستانی ڕوومدا هاووڵاتیمان هەیە. کەسانێك کە شارەکان دروست دەکەن. کەسانێك کە بە یەکەوە بەرابەرن. دەورەی ئیمپراتۆریی ڕۆم، دەورەیەکی دێموکراتیك نیە. بەڵام هاووڵاتییانی ڕوومی ئیزنی هەندێك کاریان پێ دەدرا کە کەسانی ناهاووڵاتی بۆیان نەبوو

هاووڵاتیبوون بۆ یەکەمجار لە دێموکراسیی ئاتێندا بیچمی گرت. لە ڕوانگەی ئاتێنییەکانەوە هاووڵاتی کەسێك بوو کە گرینگی بە کاروباری سیاسیی دەوڵەت ـ شاری خۆی بداو خۆی لە بەرانبەریدا بە بەرپرس بزانێ. هەڵبەت بە بۆچوونی ئاتێنییەکان هەر بە تەنیا پیاوانی باڵغی سەرووی ١٨ ساڵ بە هاووڵاتی حیساب دەکران. ژنان، کۆیلەکان، بیانییەکانو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بوو، هاووڵاتی نەبوون.

بیکەن.

◆ **کەواتە مانای هاووڵاتیبوون لە یۆنانەوە هەتا ڕووم گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە؟**

➢بەڵێ لە یۆنانەوە هەتا ڕووم چەمکی هاووڵاتیبوون گۆڕانکاریی بەسەردا هات. لەبەر ئەوەی لە ڕووم نیزام دێموکراتیك نیە. ئەوەی لە ڕووم لە چاو یۆنان گرینگایەتیی پێ درا، یاسادانان بوو. ڕوومییەکان زۆر زیاتر لە یۆنانییەکان لەبارەی هاووڵاتیبووندا یاسایان دادەنا.

◆ **لەوانەیە یۆنانییەکان لەبەر ئەوەی خاوەنی دێموکراسییەکی راستەوخۆ بوون، بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێك لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوەو بڕیاریان دەداو پێویستیان بە یاسا نەبووبێ؟**

➢هۆیەکی هەرئەمە بوو. هۆیەکیتری ئەوە بوو کە ڕووم، دەوڵەت ـ شاری نەبوو، بەڵکوو قەڕاڵستان بووو هاووڵاتییانی ڕوومی کەسانێك بوون کە لەم قەڕاڵستانەدا دەژیانو حکوومەت بۆ زاڵبوونی بەسەر ئیمپراتۆریدا پێویستییەکی زیاتری بە یاسا هەبوو.

◆ **واتە هەموو ئەو کەسانەی لەو ئیمپراتۆرییەدا دەژیان، بۆیان هەبوو هاووڵاتیی ڕوومی بن؟**

➢جگە لە کۆیلەکان ئەواتر بۆیان هەبوو هاووڵاتی بن.

◆ **بەم پێیە ئایا ژنانیش بە هاووڵاتی دادەنران؟**

➢بەڵێ ژنانیش بە هاووڵاتی حیساب دەکران. بەڵام بۆیان نەبوو چالاکیی سیاسییان هەبێ. بۆ نموونە ژنان بۆیان نەبوو ببن بە ئەندامی سێنای ڕوومو سیاسەت هێشتا هەر لە پاوانی پیاواندا بوو.

◆ **باشە خۆ لە ڕوومدا دێموکراسیو هەڵبژاردن نەبووو خەڵکی بەکردەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان نەبوو. ئەی چۆن دەتوانین ناوی هاووڵاتی لەسەر ئەو خەڵکە دابنێین؟**

➢لە ڕوومدا "بۆچوونی خەڵك" گرینگ بووەو مەجلیسی سێنا لە نوێنەرانی خەڵك پێك دەهات. ڕاستە ئەو خەڵکە نەیاندەزانی دەورێکی دێموکراتیك ببینن، بەڵام دەیانتوانی دەوری هاووڵاتیی خۆیان ببینن. ئەوان پێوەندی بازرگانییان بە یەکەوە هەبوو. بێگومان ئێوە ئەو دروشمە بەناوبانگەی قەڕاڵستانی ڕوومتان بیستوە کە دەڵێن: "نانو سیرك بۆ گشت خەڵکی".

◆ **کەواتە ئەو مافانەی هاووڵاتییانی ڕووم بوویانن لە دوو بواری ئابووریو خۆش ڕابواردندا بوون؟**

➢نا، زیاتر لەمە بووە. ئەگەرچی حکوومەتی ڕووم دواجار حکوومەتێکی نادێموکراتیك بووە، بەڵام کاتێك کەسێك دەبوو بە هاووڵاتیی ڕوومی، هێندێك مافی دەدرا کە جگە لەم حاڵەتە پێی نەدەدرا. یەکێك لەم مافانە ئەوە بوو کە دەیتوانی لەگەڵ ڕوومییەکانی دیکە بازرگانی بکا. یەکێکیتر ئەوە بوو کە دەیتوانی لەگەڵ ڕوومییەکانیتر زەماوەند بکا. بەڵام کەسێکی بیانی کە لە شوێنێکیترەوە دەهات، ئەم مافانەی نەبوو.

◆ **دوای دەورانی ئیمپراتۆریی ڕووم، لە دەورانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاووڵاتیبوون چ تایبەتمەندیگەلێکی هەبوون؟**

➢لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەبەر ئەوەی کڵێسە زاڵە، ئەم جیهانە گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێ و جیهان پاش مردن بە گرینگ دەزانرێ. هەر بۆیەش هاووڵاتیی ئەم جیهانە بوون، گرینگایەتیی پێ نادرێ. فیلسووفانی ئەو دەورانە شاری مرۆڤیان لە شاری یەزدانی بە جیا دەزانی. لەڕاستیدا ژیان سەر لەبەری بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی بۆ چوون بۆ شاری یەزدانی ئامادە بکاو ببێ بە هاووڵاتیی ئەوێ. لەم دەورانەدا کڵێسە مرۆڤی بە گوناحبار دەزانیو گشت مرۆڤەکان دەبوایە هەوڵیان دابایەو چالاکیی ئەوتۆیان نواندبا، هەتا عافوو بکرێن. هەموو دەبوایە بۆ خزمەتکردن بە کڵێسەو مەسیحییەت هەڵسووڕابان.

◆ **مەبەستت ئەوەیە مافێك بۆ مرۆڤ لەبەرچاو نەدەگیراو مرۆڤ هەر بە تەنێ ئەرکو راسپێردراویی لەسەرشان بوو؟**

➢بەڵێ، لەڕاستیدا مرۆڤ کە هەتا ئەو کاتە بە گوێرەی سروشتی خۆی بە بوونەوەرێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەناسرا، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە بوونەوەرێکی گوناحبار دەزانرا کە چاوەڕوانی لێبووردنەو چاوەڕێی ڕۆژی پەسڵانەو چ مافێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیتری نیە.

◆ **کەی سەرلەنوێ چەمکی هاووڵاتیبوون دێتەوە گۆڕێ؟**

➢چەمکی هاووڵاتیبوون لە دەورانی نوێدا بۆ یەکەمجار بە ڕەخنەگرتن لە هاووڵاتی سەدەکانی ناوەڕاستو بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی ڕوومو یۆنان لە دەورانی ڕێنسانسدا دەست پێ دەکا. ڕێنسانس دەورانێکی ئێگجار گرینگەو لەم دەورانەدا، یەکەم کۆمارەکانی ئورووپا واتە ڕۆم، ڤێنیزو فلۆرانس پێك دێن.

◆ **کۆمار بە چ مانایەك؟**

➢بەم مانایە کە لەم ناوچانەدا حکوومەتی پاشایەتی کە وەچە بەوەچە ڕادەگوێزرا، کۆتایی پێ دێ. لەم شارانەدا بازرگانی بە شێوەی نوێ بەڕێوە دەچێ. دەکرێ بڵێین ئەخلاقی ڕوومی بەرەبەر جێگای ئەخلاقی سەدەکانی ناوەڕاست دەگرێتەوە. لەم دەورانەدا سەرمەشقێکی نوێ لە چەمکی هاووڵاتیبوون جێگای بە سەرمەشقی سەدەکانی ناوەڕاست لێژ کرد. سەرمەشقێکی مۆدێرن کە لەسەر بنەمای ئەو، "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"و "سەربەخۆیی سیاسەت" دێتە گۆڕێو سیاسەت سەربەخۆیی خۆی لە کڵێسە مسۆگەر دەکا.سگ

◆ **گرێبەستی کۆمەڵایەتی یانی چی؟**

➢لە دەورانی کەونارادا کاتێك قسە لە حاکمییەتو حکوومەت دەکرا، بە بابەتێکی سروشتی دادەنراو بڕوای زاڵ ئەمە بوو کە مرۆڤ بەهۆی سروشتییەوە سیاسییە. لە دەورانی نوێدا بەو ئەنجامە گەیشتن کە دەوڵەتو حاکمییەت سروشتی نینو ئەوانە دەبێ دروست بکرێنو دروست کردنیان بەهۆی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوە دەچێ. لەڕاستیدا گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێپەڕین لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی مەدەنین.

◆ **ئەم ڕەوتە هەڵگری چ مانایەکەو ئەم ڕووداوە چۆن دەقەومێ؟**

➢بڕوانن، لە دەورانی نوێدا ئێوە تا ئەو کاتەی لە دۆخی سروشتی دان، هاووڵاتی نین. ئێوە بۆ ئەوەی ببن بە هاووڵاتی دەبێ دۆخی مەدەنی پێك بێنن. دۆخی مەدەنی پێویستیی بە پەیمان یان گرێبەست هەیە کە لەگەڵ حکوومەت یان لە نێوان گشت شارۆمەندانو ئەندامانی کۆمەڵگا دەبەسترێ.

◆ **مەبەستت ئەوەیە یاسا پێك دێ؟**

➢یاسا لە دەورانی کەوناراشدا هەبووە.

◆ **یاسا لە شێوەی مۆدێرنەکەیدا؟**

➢بەڵێ، یاسا لە شێوە مۆدێرنەکەیدا پێك دێ. بۆ نموونە لەم دەورانەدا پەیمانێکمان هەیە بەناوی "ماناکارتا". ئەم پەیمانە زۆر چاك دۆخی ئەم دەورانەمان پیشان دەدا. ئەو پەیمانە لە سەدەی سێزدەهەمی زایینیدا لە نێوان پادشایەكو تاقمێك لە فێئۆداڵەکان دەبەسترێ، هەتا پادشا لێی نادا.

◆ **واتە لەڕاستیدا دەسەڵاتی پادشاکان بەرتەسك دەبێتەوە؟**

➢بەڵێ، دەوڵەتی مۆدێرن دەوڵەتێکە کە چاوەدێریی بەسەردا دەکرێو دەسەڵاتێکی سنووردارە. هاووڵاتی کەسێکە بۆ تێپەڕین لە دۆخی سروشتی بۆ دۆخی مەدەنی دەبێ لەگەڵ حاکمییەتدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی ببەستێو حاکمییەت قبووڵ بکا.

دواتر هێندێك باسیتریش دەوروژێن لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن دا باسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیش دەکرێو چەمکی "بەشەرییەت" گرینگی پێدەدرێ. لەم دەورانەدا کە لە ئورووپا بە دەورانی ڕۆشنگەری ناسراوە، ئیتر ئێوە هەر بە تەنیا هاووڵاتیی وڵاتێکی تایبەت نین، بەڵکوو هاوکات هاووڵاتیی جیهانیشن.

بەڵێ، دەوڵەتی مۆدێرن دەوڵەتێکە کە چاوەدێریی بەسەردا دەکرێو دەسەڵاتێکی سنووردارە. هاووڵاتی کەسێکە بۆ تێپەڕین لە دۆخی سروشتی بۆ دۆخی مەدەنی دەبێ لەگەڵ حاکمییەتدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی ببەستێو حاکمییەت قبووڵ بکا.

◆ **لە کەیەوە باسی "شارۆمەندیی جیهانی" دێتە گۆڕێ؟**

➢بۆ یەکەمجار لە شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٧٨٩دا داخۆیانییەك نووسرا کە خۆیان ناوی "داخۆیانیی مافی جیهانیی مرۆڤو هاووڵاتی"یان لەسەر دانا.

◆ **هاووڵاتیی جیهانی چ جیاوازییەکی لەگەڵ هاووڵاتیی میللی هەیە؟**

➢شۆڕشگێڕەکانی فەرانسە، واتە کەسانێکی وەك "رۆبسپیەر" مافی جیهانیی مرۆڤیان هێنایە ئاراوە هەتا بڵێن شۆڕشی فەرانسە، شۆڕشێکی جیهانییەو هەڵگری هەندێك دەسکەوتی جیهانییە. دەسکەوتی وەك مافی مرۆڤ کە هەر بە تەنیا بۆ فەرانسەوییەکان نیە، بەڵکوو بۆ ئاڵمانییەکانو ئامریکاییەکانو ئینگلیزییەکانو خەڵکی وڵاتانیتریشە. ئەم مافانە جیهانین. هەر بۆیە هەندێك لە بیرمەندانی کۆنەپارێزی ئینگلیزی دژایەتییان لەگەڵ شۆڕشی فەرانسەدا دەکرد. چونکە لە ڕوانگەی ئەونەوە مافی ئینگلیزیی لەو مافە مرۆڤەی ئەوان باسیان لێوە دەکرد، گرینگتر بوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە چەمکی هاووڵاتیبوون، ناتوانێ جیهانی بێ. هاووڵاتیبوون هەر بە تەنیا دەتوانێ لەسەر بنەمای یاسا نەتەوەییەکان بێ. بەگشتی ئەوان سوننەتە ئینگلیزییەکان زەق دەکەنەوە.

◆ **ئایا ئەو باسو خواسانە هەر بە تەنیا لە ئینگلیزدا دێنە گۆڕێ؟**

➢نا، ئەم باسە لە ئەمریکاشدا دێتە گۆڕێو هێندێك کەس باسی چەمکی هاووڵاتیبون لە شۆڕشی ئامریکا دا دادەبەزێنن و مشتو مڕەکە لە سەر ئەوەیە کە شارۆمەندێکی مودێرن کە شۆڕشی ئامریکا دەیخاتە روو، چۆناوچۆنە؟ باسی تریش دەوروژێ. باسی وەك "ئاشتیی بەردەوام"و پێك هێنانی"کۆمەڵگای نەتەوەکان". دوای شۆڕشی فەڕانسە ڕوانگەو باسی گرینگ دێنە ئاراوە. یەکێك لەم باسانە پێوەندیی بە جیاوازیی نێوان هاووڵاتییانی جیهانی کۆنو جێهانی نوێوە هەیە. هەندێك لە بیرمەندان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە هاووڵاتییانی مودێرن واتە هاووڵاتییانی دوای شۆڕشی فەڕانسە، بۆیان هەڵ ناسوورێ وەکوو هاووڵاتییانی ئاتێنی هەموو رۆژێ بێنو لە پانتاییە گشتییەکاندا بەشداری بکەنو دەنگ بدەن. ئەوان دەیان گوت ئێمە لە دەورانی مودێرن دا هەر بۆمان هەیە دێموکراسی بە نێونجمان هەبێ.لە ڕوانگەی ئەم بیرمەندانەدا ئەگەر ئێمە دێموکراسی بە نێونج یان حکوومەتی بە نێونجمان هەبێ. هاووڵاتییان چاك تر دەتوانن بە پانتاییە تایبەتەکانی خۆیان رابگەن. ئەم بیرمەندانە دەڵێن لە جیهانێکی کۆنی وەك ئاتێن پانتاییە گشتییەکان زۆرترو زۆر گرینگ تر لە پانتاییە تایبەتییەکان بوون. بەڵام مرۆڤی جیهانی ئەمڕۆ گرینگییەکی زیاتر بە پانتایی تایبەتی دەداو ناتوانێ هەرچی ڕۆژە بێو لە ڕیفراندۆم یان دەنگداندا بەشداری بکا.

لە ڕاستییداجیاوازیی نێوان چەمکی کۆنی هاووڵاتیبوون لەگەڵ چەمکە نوێیەکەیدا، لەوەدایە کە پانتایی تایبەتی بۆ هاووڵاتییانی دەورانی نوێ گرینگییەکی زۆری هەیەو کاروباری ئەم پانتاییە نابێ دەنگی لەسەر وەربگیرێ.

ئەوە ڕێك ئەو شتەیە کە دواتر لە سەدەی بیستەم دا هەندێك لە بیرمەندان سەرنجی پێدەدەنو بەبڕوای ئەوان هاووڵاتیانی جیهانی نوێ گرینگییەکی زۆرتر بە کاروباری سیاسیی پانتایی تایبەتی دەدەن. یانی لە پانتایی گشتیدا واتە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن هەتا بتوانن سەربەخۆیی پانتایی تایبەتییان بێ؟

لەوایە ئیتر بەشدارییش نەکەن. وەکوو دەورانی ئاخرو ئۆخری سەدەی بیستەم یان ئێستا لە سەدەی بیستو یەکەمدا کە ئامادە بوونی هاووڵاتییان لە پانتاییە گشتییەکاندا هەر دێو کاڵ تر دەبێتەوە.

# پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

**قسەکانی د. میرۆ عەلیار لە ژووری "ئێران، ئەهواز گوتاری مەدەنی"**

**(بەشی سێهەم و کۆتایی)**

**و:لوقمان عەبدوڵلازادە**

**بەکارهێنانی وشەگەلی کەمینەی قەومی یان قەومەکان لە جێگەی نەتەوە:**

بەکارهێنانی وشەی کەمینە قەومی، یان قەومەکان لە جێگەی نەتەوەکانی نیشتەجێی لە ئێران لە بنەڕەتدا نادرووستە. چونکە یەکەم: نە فارس و هیچکام لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بواری حەشیمەتەوە لە زۆرینە (سەروی ٥٠٪ەوە)دا نین. هەر بۆیە زمانی زۆرینەمان نیە، هەر بۆیە بە شێوەی مەنتقی دەکرێ بڵێین کەمینەشمان نیە!؟

دووهەم: هەر کام لە نەتەوە ژێردەستەکان خاوەن فاکتەرو مەرجگەلی پێکهاتنی نەتەوەبوونیان تێدایە. بە بێ ئەوەیکە دەوڵەتیان هەبێ، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ.

زیادە لەوەش، ئەو نەتەوانە تەنیا لە ئێران دا ناژینو بەڵکوو بەشێك لەوانە لە وڵاتانی دیکەدا، نەك تەنیا هەن، بەڵکوو خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشیانن.

بۆ نموونە: لەسەر بناخەی چ پێوانەیەك ٨/٥ میلیۆن ئازەری لە کۆماری ئازەربایجاندا وەك نەتەوە ناسراوە بەڵام ئەو مافە لە نزیك ٢٠ میلیۆن ئازەری لە ئێران دا زەوت کراوە؟ یان عەرەبەکانی وڵاتانی عەرەبی وەك نەتەوە سەیر بکەین، بەڵام عەرەبەکانی دانیشتووی ئێران بە قەوم ناوبەرین. ئەو نموونانە نەتەوەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

تەنیا مەنتقی شۆڤێنیستی ئیزن دەدا نەتەوەیەکی یەکپارچەو دوو پەیمانەی جیاواز بەکاربێنێ. دیارە زۆر شتێکی سەیرو سەمەرە نیە کەناسیۆناڵیستەکانی نەتەوەی باڵادەست کە لە خۆ بەزلزانیدا نقوومبون چاوی دیتنی ڕاستییەکانیان نیەو وڵاتانی عەرەبیو کۆماری ئازەربایجانیش لە بەرانبەر خۆیان دا وەك قەومو تایفە چاویان لێبکەن؟!

نموونەیەکی زۆر جیددی وەبەرچاو لە ئورووپادا، کە زۆربەی زۆرتان بیستووتانە، ڕۆژی ٣ی ژووئەنی ٢٠٠٦ "مۆنتێنێگرۆ" لە یەکیەتیی سێربێستان هاتە دەرو سەربەخۆیی ڕاگەیاند. ئایا دەکرێ بڵێین خەڵکی مۆنتێنێگرۆ ڕۆژی ٣ی ژووئەنو یەك ڕۆژە بوونەتە نەتەوەو پێشتر هیچ مێژوویەکیان نەبووە؟!

ئەگەر لە هەموو ئەوانە گەڕێین، هۆکارێکی زۆر گرینگو چارەنووس سازو بۆ سەلماندنی نەتەوە هەیە کە، ناسونالیستەکانی نەتەوەی دەسەڵاتدار چاوی دیتنو قبووڵکردنیان نیە! ئەویش ئیرادەو باوەڕی قووڵی نەتەوە ژێردەستەکانە کە نەتەوەبوونی خۆیان دەسەلمێننو بۆ سەلماندنیش پێویستیان بە تەئییدو ئیجازەی کەس نیە.

کەواتە کەڵك وەرگرتن لە وشەگەلی کەمینەی قەومی یان قەومەکان بۆنەتەوە غەیرە فارسەکان لە لایەن گرووپو حیزبە بەناو سەرانسەرییەکانەوە، کارێکی ئەنقەستە. یەکەم: دەیانەوێ بەم جۆرە بیروڕای گشتی چەواشە بکەن. کە بەڵێ: تەنیا نەتەوەی فارس لە ئێراندا شیاوی دەوڵەتو دەسەڵاتە.

دووهەم: دەیانەوێ نەتەوەکانی دیکە لە پەراوێزدا بهێننەوەو، هەمیشە بکەونە لای خوارەوەی هاونیشتمانە فارسەکانیان!!

**نەتەوەخوازی کوێرو دواکەوتوانە**

هەروەك هەموومان ئاگادارین،— نەتەوەکانی ئێران بەتاوانی داواکردنی مافە ڕەواو پێشێلکراوەکانیان هەمیشە بەنەتەوخوازی کوێرو دواکەوتوانەو بە ئاژاوەچیو شەڕهەڵایسێنی نێوان نەتەوەکان، بە هاندانی بێگانە تاوانبار کراون.

نموونەی خوارەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە بەداخەوە هێندێك تەنانەت وشەکانیش لە بەکارهێنانندا هەڵیاندداوێرن: ئەگەر هاووڵاتییەکی فارس خەونی ئێرانێکی گەورە بە یەکەوەلکانی دووبارەی ئەفغانستانو تاجیکستانو بەشێك لە باکوورو باشووری ڕۆژئاوای کوردستانو کۆماری ئازەربایجانو... هتدی بە مێشکدا بێ، نەتەوەکەی وەك ناوەندی قورسایی دنیا ناوی بەرێو، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە قەرزداری شارستانییەتو فەرهەنگی خۆی بزانێو، مەوجوودییەتی مافی دەیان میلیون مرۆڤی غەیرە فارس لە ئێراندا ڕەت کاتەوە، بەئیدیعایەکی سروشتیو ڕەواو پێشکەوتوانە لە قەڵەم دەدرێ و، خودای نەخواستە هیچ پێوەندییەکی بە ناو ناسیونالیستی کوێرانەو دواکەوتوانەو، هزرێکی نەخۆشەوە نیە؟!

بەڵام نەتەوەگەلی ژێر دەستە کە خوازیاری ئازادی، مافی نەتەوەییو ئینسانیی خۆیانن، ئەویش لە چوارچێوەی ئێرانداو، داوای مافی وەك یەك دەکەن لە هەمبەر برا فارسەکانیاندا، بەنەتەوەخواز، دواکەوتووو جودابیخواز، دژە فارس، خائینو پیاوی بێگانە لە قەڵەم دەدرێنو خوێنیان حەڵاڵەو بۆ لە ناوبردنیان پێویستە پاڵ وە ڕێژیمێکی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بدرێ.

**دژایەتیکردنی فیدراڵیزم بۆ...**

ئەو پاساوەی بۆ ڕەتکردنەوەی فیدراڵیزم دەیهێنkەوە کە، گوایە وڵاتانی فیدراڵ لەبەیەکەوەلکانی دەوڵەتگەل، یان ناوچەگەلی سەربەخۆو نیوە سەربەخۆ پێك هاتوونو، یەکپارچە بوونەتەوە. ئێستا کە ئێران یەکپارچەیەو، بۆ پیادەکردنی فیدراڵیزمیش دەبێ سەرەتا وڵات دابەش بکرێو پاشان یەکبگرنەوە!؟ یان بە وتەی هێندیکیان سەرەتا دەبێ پچڕ پچڕ بکرێو پاشان لێکی بدرویەوە.

بە چاوپۆشین لەوەیکە لایەنگرانی ئەو تیۆرییە لە ڕووی چەمكو بنەمای زانستیو کۆمەڵناسانەوە نارواننە فیدراڵیزم بەڵکوو تەنیا بە ئامانجی چەواشەکردنی مافی نەتەوە غەیرەفارسەکان ئەو قسانە دەکەن. بەڵگەی سەرەوە لە بنەڕەتدا دروست نیە. ئەگەر لە ڕووی بێئاگاییەوە نەبێ، هۆی بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتییە. ئەویش لانی کەم بە دوو هۆ:

ئەلف: ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی فیدراتیف هەن کە، لە ناوچەگەلی جیاواز پێك هاتوون، بەپێچەوانە بۆ ئەوەی پێش بە جوداییو پارچە بوونی هەرێمەکانیان بگرن لەسیستمی فیدراڵی کەڵکیان وەرگرتووە. وەك بێلژیك، هێندوستان، پاکستانو...هتد. هیچ وڵاتێك لە سونگەی دێموکراتیزە بوونو فیدراتیزە بووندا لەیەك هەڵنەوەشاوە. تا ئێران دووهەمیان بی.

ب: ئەگەر تئۆریو بیروڕای سەرەوەش وەك بناخەی سەقامگیر بوونی سیستمی فیدراڵ سەیر بکەن، بە بڕوای من هەرچی زووتر دەبێ ئێران بە شێوەی وڵاتێکی فیدراتیف بەڕێوە بچێ.

ـ لانیکەم وەرن لەگەڵ خۆتاندا ڕاست بنو، دان بەوەدا بنێن کە، لە ڕاستیدا ئێران تەنیا لە سەر "نەخشە" و لە ڕوانگەی حقوقییەوە یەکپارچەیەو بەس! بۆ چی؟

سەرکوتە سیستماتیکە خوێناوییەکان، زوڵمو زۆری نەتەوەییو زمانی، ناشیاوترین بوختانەکانو لەژێر پێنانی لەڕادەبەدەرو، سەرئەنجام هەڵاواردنو بێعەدالەتیگەلێك کە لە ماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا، لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوەندەوە، هەروەها ئەو ڕەوتە شۆڤێنیستییەی کە دژی نەتەوە غەیرە فارسەکان کەوتۆتە گەڕ، لە هەر لایەکەوە کە سەیری ئێران بکەی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری) بە کردەوە لەت بووە.

ـ لە هەموو ئەوانە مەترسیداتر، سیاسەتی شۆڤێنیستی لەو ماوەدا بۆتە هۆی ئەوەکە، ئێران لە مێشکی نەتەوەکانو کەمینەکاندا لەت بێ. کێ هەیە کە نەزانێ جوداییی لە مێشك پەروەردە کردن، ڕێگە خۆشکەرە بۆ جودایی لە کردەوەدا. ئەو سیاسەتە دیوارێکی بێمتمانەیی قووڵی لە نێوان نەتەوەی دەسەڵاتداری فارس لە لایەكو، نەتەوە ژێردەستەکان لە لایەکی دیکەوە، دروست کردوە. ئەمڕۆکە درێژەی زوڵمو سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیم لە لایەكو پێداگریی بەشگەلێکی ئۆپۆزیسیۆن لە خۆ گێل کردن لە ناساندنو ڕێزدانان بۆ مافی نەتەوەکان ڕۆژ بەڕۆژ بە بەرز بوونەوەی ئەو دیوارە بێ متمانەییە زیاد دەکا.

سەرەڕای ئەوەی کە، نەیارانی فیدراڵیزم ئەگەر پاساوەکانی خۆشیان قبووڵ بێ، لانیکەم پێویستە چاویان کەمێك بکەنەوەو، بارودۆخەکە لەبەر چاو بگرن، هەست بە جییدی بوونی کێشەکە بکەن. بۆ بەرژەوەندی خۆشیان بێ، بەدژایەتی کردن دەگەڵ مافی نەتەوەکانو فیدراڵیزمدا بچنەوە. دەڵێن کە مافی هاووڵاتیبوون وەڵامدەری ویستە نەتەوەییەکانە! ئەگەر وابێ بۆچی لە وڵاتانی فرە نەتەوە، کە هەم دێموکراسی و مافی هاووڵاتییان هەیە، بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیو دابین کردنی مافی میللی سیستمی فیدراڵیزمیان هەڵبژاردوە؟ وەك: سۆیس ـ کانادا ـ هێندوستان ـ بێلژیكو...هتد.

**دێموکراسیو هەڵبژاردنی خەڵك ...**

بەردەوام ئەو ڕاستییەمان لە بەر چاوە کە تەواوی گرووپگەلی نێو ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری بەردەوام لە مەڕ دێموکراسی ـ کۆمەڵگای مەدەنی ـ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ـ مافی یەکسانی بۆ هەموانو، هەڵبژاردنی ئازادو ڕای خەڵك قسە دەکەنو دەنووسنو بەڕەواڵەت ئاڵوگۆڕی بیروڕاشیان هەیە. بەڵام هەرکات مەسەلەی نەتەوەکان دێتە گۆڕێ لە پڕێکا هەواکە دەگۆڕێو، عەقڵیەتی ناسیۆنالیستانەی نەتەوەی باڵادەست بەسەر کەشو هەواکەدا زاڵ دەبێ. ئەم ڕاستییە لە گشت کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریدا بە زەقی وەبەرچاو دەکەوێ. لە ناکاو مافە سەرەکییەکانی نەتەوەکان دەبنە چەمکێکی لاوەکیو، بۆچوونی فیدراڵیزمیش دەگۆڕێ بە جوداییخوازیو مافی هاووڵاتیش جێگەی مافی نەتەوەیی دەگرێتەوەو ...هتد.

هەموو دەزانین کە دژایەتی دوو چەمکی "ئیسلامییەت"و "جمهورییەت" لە نیزامیی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە کاتی بە دەسەڵات گەیشتنییەوە هەتاکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆکە، قەیرانی بۆ ڕێژیم خوڵقاندوە. بەداخەوە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لەمەڕ پێوەندی دەگەڵ کێشەی نەتەوەکان دووچاری وەها تەنگەو چەڵەمەیەك بووی یانی دژایەتیی نێوان ئیدۆلۆژی و بەرنامەی سیاسی. هێندێك لەکەسانو ئۆرگانیزاسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەك باس لە ئازادی دەکەنو، لەبەرنامەو پرۆگرامەکانیاندا باوەڕ بە دێموکراسیو ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤیان کردۆتە بناخەی سیاسەتو کردەوەکانیانو، لەلایەکی دیکەوە زۆر بە توندی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئیدئۆلۆژیی پان فارسیزم. ئەوە لە حالێك دایە کە ڕوانگەی ئیدۆلۆژیكو شووینیستیو نەژادپەرەستانە هیچکات دەگەڵ بنەماکانی دێموکراسیو یەکسانیی نەتەوەکاندا یەك ناگرنەوە.

دەمهەوێ لە کۆتاییدا ئەوە دووبارە بکەمەوە کە، سیاسەت و ئامانجەکانی کونگرە، دۆستایەتیو هاوکاریی نێوان کەسایەتیو هێزە سیاسییە دێموکراتەکان، لە سەرانسەری ئێراندا لە بەرنامەی دایە. کۆنگرە ئەو سیاسەتە بەشێوەیەکی جییدی دەگرێتە بەرو هیواداریشە بە هاوکاریی دڵسۆزانەی هێزەکان، بتوانین ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیك دامەزرێنینو لەودا هەموو نەتەوەو کەمینەکان بەشێوەیەکی شارستانییانە لە پاڵ یەکتردا بژینو، مافی وەك یەکیان هەبێو هیچ کەس هەست بەوە نەکا کەوەك مرۆڤی پلە دوو چاوی لێ دەکرێ.

لابردنی ستەمی نەتەوەیی، لە سەرنەتەوەکانی غەیرە فارسو بەفەرمی ناسینی مافە نەتەوەییو ئینسانییەکان، لە نیزامێکی فیدراڵیی یەکگرتوو و دڵخوازانەی نەتەوەکانو کەمینەکاندا دێتە ئاراوە. گرەنتیی بۆ مانەوەو دەستەبەرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا دەکا.

بەهیوای ئەو ڕۆژە، دووبارە زۆرتان سوپاس دەکەم کە بە وردی سەرنجو دا قسەکانم.

---

## چاوپێکەوتنی بەرپرسی کومێسیۆنی پێوەندیە نێونەتەوەییەکانی لاوان لە فێستڤاڵی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست لە وڵاتی سپانیا

فێستڤاڵەکە لە ڕێکەوتی ١٨ جولای لە لایەن سەرۆکی یەکیەتیی لاوانی سۆسیالیستەوە، بەڕێز فیکیلە مبالولا کرایەوە. بەدوای ئەوەدا ناوی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشداربوون، خوێندرایەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا، چەند نموونەیەك لە دیدارو چالاکییە سیاسییەکانی لوقمان ئەحمەدی بەرپرسی کومیتەی پێوەندیە نێونەتەوەییەکانی لاوان بۆ خوێنەران دەخەینەڕو.

کاتژمێر ١٢ لە ڕۆژی دووهەمی فیستڤاڵەکەدا، لوقمان ئەحمەدی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نێونەتەوەی لاوانی سۆسیالیست، ئیڤۆن ئەوکاڵهان، و هەروەها سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەدا، لەیلا نارەغی، پێك هێنا.

کاتژمێر ٤ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، مێزگردێك سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوینی مەزن پێکهات کە لەوێدا لوقمان ئەحمەدی بەشداربووو باسێکی پێشکەش کرد. بەدوای ئەوەدا




ئەحمەدی دیدارێکی کورتی لەگەڵ سکرتێر گشتی سۆسیالیست ئێنترناسیونال هەبووو بیرو ڕایان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوینو ئێران ئاڵوگۆڕ کرد. شەوی هەمان ڕۆژ ئەحمەدی لەگەڵ لاوانی حیزبی لەیبەری بریتانیا دانیشتنێکی هەبوو و سەبارەت بە ئێرانو مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بە درێژی باسو موناقشەیان کرد.

لە نێوان ڕێکەوتی ١٩ تاکوو ٢٢ی جولای، لوقمان ئەحمەدی بەشداری چەندین سمینارو کۆبوونەوە بوو و هەوەها دانیشتنی لەگەڵ وەڤدی چەندین وڵات لەوانە، ئافریقای باشوور، ئەڵمان، ئیتالیا، ئیسرائیل، یۆنان، نیوزیلند، بورماو مۆنتێنێگرۆ مەسەلەی کوردو دۆخی سیاسی لە ئێرانو، ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی تەوەری باسەکان بوون کە لە دانیشتنەکان دا هاتنەگۆڕێ.

ڕۆژی پێش کۆتای هاتنی فیستیڤاڵەکە، مێزگردێك سەبارەت بە مەسەلەی کورد پێکهات بە بەشداری زیاتر لە ١٠٠ کەس. لەو مێگزدەدا، لوقمان ئەحمەدی بە دووروودرێژی سەبارەت بە مەسەلەی کوردو کوردستان دواو هەروەها دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە خەباتی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێراندا بۆ بەشداربووان شیکردەوە. بە دوای ئەوەدا، ئەحمەدی دیدارێکی کورتی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا بەڕێز خوسێ .ل.ر. زاپاتێرۆ، هەبوو،

---

## پارلمانی ئورووپا بەم زووانە دەنگ بەپرۆژە بریارێك دەدات سەبارەت بەرەوشی ڕۆشبیری کورد لەتورکیا

کەناڵی NTV تورکیا ڕایگەیاند: ڕۆسل جۆنستن، وەزیری پێشووی حکومەتی ئسکۆتلەندا ڕاپۆرتێکی لەسەر شێوەی پرۆژە بریارێك پێشکەش بە پارلمانی ئورووپا کردووە لەژێر ناونیشانی "ڕەوشی ڕۆشنبیریی کورد" و چندین خاڵی گرنگی لەخۆگرتووە لەوانەش:

١ــ پێویستە تورکیا مەرجەکەی وڵاتانی ئورووپا ئیمزاو پەسەند بکات کە بەو پێیە دەبێت پارێزگاریی زمانە ناوچەییەکانو زمانی کەمینەکانی ئەو وڵاتە بکات.

٢ـ تورکیا دەبێت لە سەرژمێری ئایندەدا ئامارێکی ڕاستەقینە بۆ ژمارەی کوردەکانی ناو تورکیا دابنێت.

٣ـ ڕێگە بە فێربونی زمانو ئەدەبی کوردی بدرێت لەنێو زانکۆکانی تورکیادا.

٤ـ زانیاری تەواو بە خێزانە کوردەکان بدرێت سەبارەت بە تواناو ئاسانکاری پێویست لەپێناو فێرکردنو خوێندنی زمانی کوردیدا.

٥ـ پێکهێنانی ناوەندو دامەزراوە لەتورکیا بە مەبەستی ناساندنی ڕۆشنبیریی کورد.

٦ـ پێدانی مۆڵەتی یاساییو پشتگیریکردنی چەند کۆمەڵێکی ڕۆشنبیریی کورد.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ژمارەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە بە "٢٥ ـ ٣٠" ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێنو یەکەم نەتەوەیشە لەجیهاندا لە ڕووی ژمارەوە کە خاوەنی وڵاتی خۆیان نینو کوردەکانیش بەم شێوەیەش دابەشبوون:

"١٥ ـ ١٢" میلیۆن کورد لە تورکیا، ٨ ملیۆن لە ئێران، ٥ ملیۆن لە عێراق،١ـ ٢ ملیۆن لە سوریا، ١/٢ ملیۆن کورد لە ئورووپای خۆرئاوا، ٢٠٠ هەزار لە ئەفغانستان، ١٥٠ هەزار لە ئازەربایجان، ٨٠ هەزار لە لوبنان، ٤٥ هەزار لە ئەرمەنستان، ٦٠ هەزار لە جۆرجیا، ٤٠ هەزار لە تورکەمەنستانو٢٠ هەزار لە ئەمریکاو ١٦ هەزار کوردیش لە کەنەدا نیشتەجێن.

ڕاپۆرتەکەش لە کاتێکدا دێت کە تورکیا شێوازێکی هەڵە لەهێرشەکانی دژبە PKK بەکار دەهێنێتو ئەو ڕەفتارەی تورکیاش بیرۆکەی جیابوونەوەی لەلایەن کوردەکان زیاتر کردووە.

لەساڵی ٢٠٠٤یشەوە جۆرێك لە گۆڕانکاریی لەتورکیا دروستبووە، بەڵام بە شێوەیەکی پێویست نییەو پێویستە لەسەر دامەزراوەکانی ئورووپا و هاووڵاتیانی تورکیا کە باوەڕیان بە پاراستنی گەلی کورد و ڕۆشنبیرییەکەی هەیە، فشار بخەنە سەر حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی زیاتر لەو بوارەدا بکات.

بڕیاریشە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ لەناو پارلمانی ئورووپا و لەشاری ستراسبۆرگ دەنگ بەو پرۆژە بڕیار بدرێت.

سەرچاوە: Pukmedia

# هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی خۆکوژیی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێراندا، چیە؟

چنوور قادری



" دوعام بۆ بکەن با زوو بمرم"، لەم ژیانەدا هەر ئازارو مەینەت بەشی من بووە"، "هاوار! هاوار! لێم گەڕێن با بە دەردی خۆم بمرم"ئەمانەو زۆر نموونەی دیکە لە وشەو رستە خەمناکانەن کە لە قوڵایی دڵی ژنانی چەوساوەو بێپەنای کورد لە گوندو شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێراندا بەرز دەبنەوەو رۆژ نیە کە ئێمە هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنو خۆسووتاندنی کچانو ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران نەبیسین، بەداخەوە ئەو رەوشە ساڵانێکی دوورو درێژە کە بەرەورووی ژیانی ژنانی کورد بۆتەوە، بەداخەوە لەم ماوەیەدا لەگەڵ بوونی ئەم دیاردە مەترسیدارە وەك راستییەکی حاشا هەڵنەگر، نەتەنیا هیچ رێگا چارەیەکی گونجاوو ئینسانیی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵکوو هەوڵ دراوە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بە شێوەیەك بشاردرێتەوەو بە کەمی باسی لێ بکرێت.

لەم پێوەندییەدا زۆر پرسیار بۆ ویژدانە هوشیارو دێموکراتەکان دێتە گۆرێ کە بۆ چی ژنان دەبێ لەو پەری بێپەناییو بێهیواییدا پەنا بەرن بۆ ترسناکترین شێوەگەلی خۆکوشتن، واتە ئاور بەردان لە جەستەی پڕ لە ئێشو ژانی خۆیان. تا چ کاتێك تاكو کۆمەڵگا کە بینەری راستەوخۆی ئەم دیاردەیەن بێدەنگو بێهەڵوێست دەمێننن؟ ئایا تەنیا بە هۆی ئەوە کە لە ئایینەدا خۆکوشتن دیاردەیەکی حەرامە، لەو ژنانە کە خۆ دەسۆتێننو ... بێزار بینو لە بیری هیچ رێگاچارەیەکی ئەساسی بۆ پێشگیریکردن لە درێژەدران بە ئەم چەشنە خۆکوژیو خۆسووتاندنانە نەبین؟ ژنانیش تاکەی دەبێ لە مافو ئازادییەکانی خۆیان لە بەرانبەر ئەم توندو تیژییەدا بێدەنگ بن؟

ناکرێ باس لە سەر خۆکوژیی ژنانو کچان لە کوردستان بکەین، بەڵام ئاورێکی هەر چەند کورتیش بێ لە هۆیەکانی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە نەدەینەوە. بێگومان ئەوە بێ هۆ نیە کە ژنان وەك دوایین رێگاچارە لە بەرانبەر کێشەو ئاریشەو توندو تیژیو پێشێلکاریی مافو ئازادییەکانی خۆیان دەست دەدەنە قوربانیکردنی خۆیان، بەو ئامانجە کە لە لایەك خۆیان لەو ژیانە پڕ لە مەینەتو ژانو ستەمە رزگار بکەنو لە لایەکی دیکەوە بەم شێوەیە نارەزایەتیو بێدەسەڵاتیی، خۆیان بەرانبەر بە تاكو بنەماڵەو کۆمەڵگا بسەلمێنن.

شك لەوەدا نیە کە خۆکوژیی ژنان ناتوانێ هەنگاوێکی ئەرێنیو گونجاوو بۆ رووبەروو بوونەوەو لە نێو بردنی چەوسانەوەو زوڵمو توندوتیژی بە حیساب بێ، چوونکە لەم حاڵەتەدا تەنیا کێشەکان قووڵترو بێچارەسەری دەمێننەوەو ئەوە هیچ خزمەتێك بە کەسانێك کە کێشەو گیروگرفتی وەك ئەوانیان هەیە، ناکا.

بە رای من یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان کە کاریگەرییەکی راستەوخۆی لە ژیانی ژنان لە هەموو بوارەکان دا هەیە، بوونی دەسەڵاتێکی توتالیترو نادێموکراتیكو دژی گەلی و دژی ژنی وەك کۆماری ئیسلامییە. لە ماوەی ٢٧ ساڵ دەسەڵاتی رەشی ئەم رێژیمە دواکەوتووو کۆنەپەرستەدا نەتەوەی کورد کەوتۆتە بەر شەپۆلی توندی کوشتن، سەرکوتو ئەشکەنجەو ئێعدامو...هتد. کوردستان بە کردەوە یەکێك لە ناوچە بێبەشو هەژارەکانی ئێرانە. نەتەوەی کورد لە بوارەکانی ئابوری،رامیاری ، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لە ژێر ستەمو چەوساندنەوەدایە. ئەمە وای کردوە کە ژیانی تاكو بنەماڵەو کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو بوارەکانی باس کراو باندۆرو تەئسیرێکی بەرچاوو راستەوخۆ وەربگرێ کە لە سەرەتاوە تا ئێستا رۆژ بە رۆژ ژیانیان تاڵترو وەزعیان خراپ تر بووە.

هەژاریو بێکاریی بەربلاو، ئێعتیاد، زاڵبوونی کولتووری پیاوسالاری، هەبوونی دابونەریتی کۆن لە سەر تاكو کومەڵگا، بەشوودانی زۆرەملیی کچانو دیاریکردنی هاوسەر بۆ ژیانی هاوبەش بەبێ ئەوەی کە ژیانی خۆیان لە هەڵبژاردنی دا رۆڵێکیان هەبێ، نەبوونی یاسای پشتیوانی لە ژنان و پێشێلکردنی مافی ژنان لە لایەن دامو دەزگاکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەخوێندەواریو پێشگیری لە ژنان بۆ درێژەدان بە خوێندن و... هتد.

ئەمانە و زۆر هۆی دیکە کێشەگەلێکی جۆراوجۆر لە ژیانی ژنانی کورددا پێك دێننو لە بەر ئەوەی کە زۆربەی کێشەو ئاریشەکانی ژنان بێ چارەسەر دەمێننەوەو بوونی کولتوورێکی دواکەوتوو لە کۆمەڵگا کە دەبێ ژنان لە بەرانبەر کێشەکانی ژیانیاندا بێدەنگ بنو تەحەمولیان بکەن، تووشی نەخۆشیو قەیرانگەلی دەروونیو رۆحیی کردون. هەر ئەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ کوتایی هێنان بەو کێشانە لە رێگای خۆکوژیی کە ئەمرۆ بۆتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان.

بۆ نەهێشتنو بن بڕکردنی دیاردەی خۆکوژیی ژنانو گشت پێشلکارییەکانی مافو ئازادییەکانی ژنان لە کوردستان پێویستی بە هەنگاوی جیددیو بەکردەوەو بەرپرسانەی هەموو لایەكو لە پێش هەموان، خەباتی ژنان بۆ بە دەست هێنانی مافو ئازادییەکانیان هەیە تا چی دیکە ئێمە بینەری دیاردەی دڵتەزێنی خۆکوژی لە نێو ژنانی کورددا نەبین.

بەو هیوایەی کە ئەم کپیو بێ دەنگییە بەرانبەر بە خۆسووتاندنو خۆکوژیی ژنان بشکێتو دەنگی ژنانی ژێر ستەمو چەوساوە بگا بە ویژدانە وشیارەکان.

**هەژاریو بێکاریی بەربلاو، ئێعتیاد، زاڵبوونی کولتووری پیاوسالاری، هەبوونی دابونەریتی کۆن لە سەر تاكو کومەڵگا، بەشوودانی زۆرەملیی کچانو دیاریکردنی هاوسەر بۆ ژیانی هاوبەش بەبێ ئەوەی کە ژیانی خۆیان لە هەڵبژاردنی دا رۆڵێکیان هەبێ، نەبوونی یاسای پشتیوانی لە ژنان و پێشێلکردنی مافی ژنان لە لایەن دامو دەزگاکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەخوێندەواریو پێشگیری لە ژنان بۆ درێژەدان بە خوێندن و... هتد.**

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(١٦)

وەرگێڕانی: ب.هانا

## ئامازوونەکان

Amazonasan

بەو ژنە شەڕکەرانەی باکووری ئەفریقاو ناوچەی دەریای رەش دەگوترا کە خودای مێیان دەپەرست. ئەو بەڵگەو نیشانانەی توێژەرانی فیمینیست کۆیان کردوونەوە، ئەمە دەگەیەنن کە لە کۆمەڵی ئامازووندا جۆرێك لە دایکسەرداری زاڵ بووە کە لەوێدا پیاوان یا کۆچەر بوون یا کۆیلە.

ئەگەرچی توێژینەوە نەریتییەکان بانگەشەی ئەمە دەکەن کە کەلتووری ئامازون شتێکی ئوستوورەییە، بەڵام فیمینیستە هاوچەرخەکان وشەکانو هێماکانی ئامازوونەکانیان (بۆ نموونە هیلالی مانگ) وەك هێماگەلێك بۆ دەربڕینی دەسەڵاتی فیمینیزم، کردوە بە هی خۆیان.

ماری دەیلی، ئامازوون دەکا بە خوازەیەك بۆ وەسفکردنی ژنانێك کە بۆ جێگیرکردنی شوناسی راستەقینەی دایەگەورەکانیان شەڕیان دەکرد. بەم جۆرە ناوبراو ددان بەوەدا دەنێ کە ژنان دەتوانن بۆ پێکهێنانی کەلتوورێکی بە تەواوی جیاو بێنیاز کەڵك لە شەڕخوازی وەربگرن (Daly,1978).

بۆ وێنە، مارلین ستۆن دەڵێ ئەم وشەیە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی خودای مێیان دەپەرستو بۆ پاراستنی پەرستگەکانی خۆیان شەڕیان دەکرد، بەکار هێنراوە (Stone, 1976).

تیۆردارێژانی فەرانسەیی،



ئامازوون وەك خوازەیەك بۆ هاوهەنگاوی (هاوئاهەنگی) بەکار دێنن (Wittig&zeig,1976).

فیمینیزمی رەش، سەرنجی هەمووان بۆ لای قۆناغە سەرەتاییەکانی رەگەزپەرستی رادەکێشێ کە لە نیشاندانەوەی ژنانی ئامازوون لە شێوەی ئاژەڵی مێینەی رەشدا، خۆی دەردەخا ( hooks, 1981).

## ژنانی رەش Blac Women

[لە زمانی ئینگلیزیدا] "پیتی یەکەمی وشەی "رەش" بە [پیتی ] گەورە دەنووسم چونکە نەك وەك رەنگێك، بەڵکوو وەك شوناسێکی سیاسی، کەسیو کەلتووری سەیری دەکەم (Joseph,1983,p.b4).

رەشو ژنبوون گوشارێکی دووقاتە، بەڵام ژنانی رەش لە هەوڵی پێکهێنانی چوارچێوەیەکی واتایی نوێ دان کە بڕواکان، بۆچوونەکان، هەڵسوکەوتەکانو بەهاسەربەخۆیەکانی ژنانی رەش بگرێتەوە. بیردۆزی دژ بە یەك لە بارەی ژنانی رەشەوە هەن، وەك ئەم بیردۆزەیە کە پێوەندیی ژنانی رەش لەگەڵ رۆڵ (نەقش)ە نەریتییەکان لە پێوەندیی ژنانی سپی [لەگەڵ ئەم رۆڵانە] لێلترە. "ئولیری" لە خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانەدا کە لە بارەی "دایکسەرداریی رەش"ەوە ئەنجام دراون دەگاتە ئەم ئاکامە کە دایکسەرداریی رەش ئوستوورەیەکە کە بۆ سەلماندنی هەبوونەکەی هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نیە ( O' Leary,1977).

واشینگتۆن دەڵێ، سەرەڕای ئەمەش لە ئەدەبیاتدا، وێنایەکی نەمر لە بارەی دایکی رەشەوە هەیە. وا دێتە بەرچاو تەنیا ئەو کاتە دەکرێ لە جۆری پێوەندیی دایكو کچی رەش تێبگەین کە مێژووی ئەوان بناسین (Washingtonk 1975).

سەرچاوە:

کتێبی: "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"، نووسینی مەگی هامو سارا گەمبل

وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، فرخ قرەداغی، نوشین احمدی خراسانی

لاپەڕەکانی ٣١و ٣٢و٥٩

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

**KURDISTAN**

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 442   6 Aug 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom

# بەر لەماڵاوایی

## لوبنان

## جارێکی دیکە لەژێر بارانی ئاگردا

ع. وریا

زیاتر لە سێ حەوتوویە خەڵکی لوبنان جارێکی دیکە تووشی شەڕێکی نەخوازراوی ماڵوێرانکەر بوونەتەوە. سێ حەوتوو زیاترە ئەرتەشی ئیسرائیل لە عەرزو ئاسمانو دەریا، شارو گوندەکانی ئەم وڵاتەی داوەتەبەر بارانی بۆمبو راکێتو گوللە تۆپو، وێڕای داگیرکردنەوەی بەشێك لە خاکی ئەم وڵاتە، نزیکەی ١٠٠٠کەس لە خەڵکی بێتاوانی لێ کوشتوە، بە هەزارانی لێبریندار کردوونو، سەدان هەزاریشی لە ماڵو شارو گوندو تەنانەت وڵاتی خۆیان ئاوارە کردوون. چڵەپۆپەی تاوانو جینایەتی ئەمجارەی ئەرتەشی ئیسرائیل لە لوبنان، ئەو کوشتارەی خەڵکی بێتاوانی "قانا" بوو کە زیاتر لە ٢٠ منداڵ لەگەڵ دەیان ژنو پیاوی دیکەی تێدابوون بە قوربانیو، بووە هۆی هەژاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا. لە بەرامبەر ئەو هێرشە بەربڵاوەی ئەرتەشی ئیسرائیلیشدا، حیزبوڵڵای لوبنان بە سەخاوەتەوە ئەو هەزاران مووشەکەی لە کۆماری ئیسلامییەوەو، زۆرتر بە ڕێگای سووریەدا، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بۆی ڕەوانەکراون، بە خەڵكو خاکی ئیسرائیلیانەوە دەنێو "شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم" دەستیان لێدەوەشێنێ.

هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بە دوای پەلامارێکی چەکدارەکانی حیزبوڵڵای ئەو وڵاتە بۆ سەر پێگەیەکی ئەرتەشی ئیسرائیل لە ناوچەی "شەعبا"دا کە بووە هۆی کوشتنی ٨ سەربازی ئیسرائیلیو رفاندنی دوو سەربازی دیکە، ڕوویدا. بەر لەم هێرشەی حیزبوڵڵاش، چەکدارە فەلەستینییەکانی سەر بە ڕێکخراوی حەماس لە باریکەی غەززە، سەربازێکی ئیسرائیلییان رفاندبووو، وەك بارمتەو هۆکارێکی فشار بۆ ئازادیی هەزاران زیندانیی فەلەستینی لە بەندیخانەکانی ئیسرائیلدا، لای خۆیان رایان گرتبوو. دیارە بە دوای خۆبواردنی حەماس لە دانەوەی ئەو سەربازە بە ئیسرائیل، دەوڵەتی ئیسرائیل هێرشێکی پانو بەرینی بۆ سەر غەززە دەست پێکردو، شانبەشانی گرتنو رفاندنی ژمارەیەك لە وەزیرانی دەوڵەتی خودموختارو ئەندامانی مەجلیسی فەلەستین، زۆر لە بنکەکانی حەماسو دامو دەزگای دەوڵەتیو، شوێنو ناوەندە غەیرە نیزامییەکانی بۆمبارانو وێران کرد. شەڕو تێکهەڵچوون لە نێوان ئەرتەشی ئیسرائیلو حەماسو لایەنگرەکانی لە غەززە ئێستاش درێژەی هەیە.

لەوکاتەوە کە جارێکی دیکە ئاگری شەڕ لەم ناوچەیە بڵێسەی سەندۆتەوە، ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبی دیسان بوونەوە بە جێگای سەرنجی میدیای عالەم، ناوەندە سیاسییەکانی جیهانو بیروڕای گشتیی دنیا. جارێکی دیکە بۆچوون، لێکدانەوەو هەڵوێستی جۆراوجۆر، لە بارەی کێشەی نێوان ئیسرائیلو دراوسێکانی خۆیان دەرخستۆتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم لێکدانەوەو هەڵوێستانە دەبنە سێ دەستە:

دەستەی یەکەم ئەوانەن کە ئەم شەڕە وەك شەڕی نێوان موسوڵمانانو دوژمنانی ئیسلام، وەك شەڕی گەلانی بندەستو زۆرلێکراو لەگەڵ سەهیۆنیزمو پشتیوانەکانی، یا بە وتەیەکی دیکە ئەم شەڕە وەك شەڕی نێوان حەقو نا حەق دەبینن. ئەمانە لە کاتێکدا هەموو سیاسەتو هەڵوێستو ڕەفتارێکی ئیسرائیلو، هەر چەشنە پشتیوانیو هاوپێوەندییەکی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەو وڵاتە، یا سیاسەتو هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بەم کێشە لە مێژینەیە مەحکووم دەکەن، بە توندی داکۆکی لە سیاسەتو کردەوەی حیزبو ڕێکخراوە توندڕەوەکانی فەلەستینو لوبنان دەکەنو هیچ عەیبو خەوشو چەوتییەکیان تێدا نابینن.

دەستەی دووهەم ڕاست بە پێچەوانەی دەستەی یەکەم، بە توندی داکۆکی لە سیاسەتو ڕەفتارو کردەوەکانی ئیسرائیلو پشتیوانیی ئەمریکا، بریتانیاو دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاوا لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەنو، شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ لوبنانییەکانو فەلەستینییەکان بە شەڕ دژی تیرۆریزمو فەندەمەنتالیزمی ئیسلامیو نفووزی دەوڵەتانی دیکتاتۆرو توتالیتێری ناوچە دەزاننو، لە سەرەنجامەکەیدا، هاتنە دیی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو جێگیربوونی دێموکراسی لە ناوچەکەدا، دەخوێننەوە.

دەستەی سێهەم ئەوانەن کە واقیعبینانەو بە دوور لە دەمارگرژیی ئایینیو سیاسیو هتد، گۆڕانو ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن. ئەوانە لە ئەگەری ڕووبەڕوو بوون لە گەڵ بوختانو ناوو ناتۆرەی ئەم یا ئەو دەستە ناترسێنو، پابەندیی خۆیان بە زۆر چەمكو ڕێساو بنەمای ئینسانی، دادپەروەرانەو جێگای پەسندی دنیای پێشکەوتووو شارستانی، بۆ دڵخۆشیی ئەم یا ئەو، پشتگوێ ناخەن. ئەمانە ئەو دەوڵەت، حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵەو کەسایەتیو مرۆڤە جۆراوجۆرانەن کە شتەکان چۆن هەن، ئاوا دەیانبینن. بۆ وێنە ئەگەر لە لایەکەوە کردەوەی تیرۆریستیو توندوتیژیی ڕێکخراوەکانی حەماسو جەهادی ئیسلامی بە دژی خەڵکی سیڤیلی ئیسرائیل مەحکووم دەکەن، لەولاشەوە لە مرۆڤرفاندنی بە ڕۆژی ڕوون لە لایەن ئیسرائیلەوەو، ئەو هەموو خەڵکە بێتاوانەی ئەرتەشی ئیسرائیل لەگەڵ هەر هێرشو پەلامارێکی نیزامیی خۆیدا لە نێویان دەبا، خۆگێل ناکەن. ئەگەر دژی کارشکێنیو دوژمنایەتیی ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەگەڵ هەر پرۆسەو پرۆژەیەکی ئاشتیو، خۆبواردنی ئەوان لە بەرەسمی ناسینی وڵاتێك بە ناوی ئیسرائیل دەنگ هەڵ دەبڕن، لەولاشەوە لەخۆبواردنی بە ئەنقەستی دەوڵەتی ئیسرائیل لە جێبەجێکردنی زۆر تەعەهودی خۆی کە بە پێی ڕێککەوتنەکانی ئاشتی کەوتوونە سەرشانیو، خەریکە یەك لایەنەو بەپێی بەرژەوەندی خۆی گرفتو بنبەستەکان ببڕێنێتەوە، بێدەنگ نین. ئەمانە هەر وا کە ڕۆڵی تێکدەرانەی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆر، دواکەوتووو دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامیو سووریە لەم ناوچەیەداو، کایە کردنیان بە چارەنووسی گەلانی لوبنانو فەلەستین بۆ بەرژەوەندە ناڕەواکانی خۆیان لە قاو دەدەنو، خوازیاری ئەوەن ئەم ڕێژیمە نامەسئوولانە لێبگەڕێن خەڵکی لوبنانو فەلەستین بۆخۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵاتانی خۆیان بدەن، ئەم ڕاستییەش ناشارنەوە کە زلهێزێکی وەك ئەمریکا لە جیاتی ڕێگربوون لەسەر ڕێی جێبەجێبوونی سیاسەتو نیازە ڕەگەزپەرستانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەداخەوە هاندەرو ڕێخۆشکەریەتی.

هەر لە ئێستاوە دەکرێ هێندێك لە ئاکامەکانی هێرشی بەرینی ئەمجارەی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، پێشبینی بکەین. وەدەرنرانی حیزبوڵڵا لە باشووری ئەو وڵاتەو، چەك کرانیو، جێگیربوونی ئەرتەشی لوبنان لەم ناوچەیە، یەکێك لەو ئاکامانەیە. گومانیشی تێدا نیە کە گوشارێکی نێونەتەوەییو ناوچەیی لە جاران زیاتر دەخرێتە سەر دوو ڕێژیمی سووریەو ئێرانو، بواری خۆتێهەڵقوتاندنیان لە کاروباری لوبنانو فەلەستیندا، لێتەسکتر دەکرێتەوە کە ئەمە ئارەزووی هەموو مرۆڤێکی دێمۆکراتو بەرپرس لە سەرانسەری جیهانو بە تایبەتی خەڵکی لە ئازادی بێبەشی سووریەو ئێرانە. ئەمەش لە تەوێڵی داهاتووی ئەم قەیرانەدا دەخوێندرێتەوە کە ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان، دیسانیش بە هۆی شەڕی نابەرابەر لەگەڵ ئیسرائیل، زیانی کەمەرشکێنو پرشو بڵاویی زیاتریان پێدەبڕێ. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئاشتیو ئارامیو سەقامگرتوویی یەکجاری لەم ناوچەیەدا جێگیر نابێ. هەتا عەقڵییەتی لایەنە پێوەندیدارەکان گۆڕانی بەسەردا نەیەو، بڕوا بە پێکەوە ژیان لە تەنیشت یەك لەسەر بناغەی قەبووڵی یەکترو دانانن بە بوونو مافەڕەواکانی یەکتر، لە مێشکی نوێنەرانو بڕیاربەدەستانی گەلانی ئەم ناوچەیەدا جێگیر نەبێ، ئاشتیو تەباییو تەناهی ڕوو ناکاتە ئەوان. ئەزموونی مێژووی ٦٠ ساڵەی کێشەی نێوان ئیسرائیلو دراوسێکانی پێمان دەڵێ سەرکەوتن لە شەڕەکانو باڵادەستی سوپایی، یا خۆدزینەوە لە قەبووڵی یەکترو خۆبواردن لە دانان بە مافی ژیانو هەبوونی کیانی سیاسیو نەتەوەیی یەکتر، ناتوانێ چاری ئەم کێشەیە بکاو، بێجگە لە هەڵگیرسانەوەی شەڕەکانو زیاتر بوونی ژمارەی قوربانییەکانو رادەی وێرانییەکان، ئاکامێکی دیکەیان لێناکەوێتەوە. ئایا بەم ئەزموونەوە بڕیاربەدەستانی ئەم ناوچەیە، نابێ ڕێگایەکی دیکەی جیا لە دووپاتکردنەوەی ڕووداوە تاڵەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیان، بگرنەبەر؟



# چیاکانی کوردستان

## کوڕە میانە Kora Mianah

یەکێکی دیکە لە بەرزاییە جوان، ناسراو و پڕهاتوچووەکانی ناوچەی کەلاتەرزان (شاری مەریوان)، کوێستانی "کوڕە میانە"یە کە لە سەرسەوزی، دڵگری و، ئاو و هەوای خۆشدا، لە ریزی چیا کەم وێنە و سەرنجڕاکێشەکانی باشووری(ی ئێران) دایە.

ناوی ئەم دێیە لەگەڵ ئاوایی مێژوویی "نگل" گرێ دراوە. لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەدا تا نێوەڕاستەکانی پووشپەڕ، کوڕەمیانە دیمەنێکی ئەفسووناوی و شایانی بینینی هەیە. ئەم چیایە بە ٢٩٥٥ میتر بەرزاییەوە، لە ٧٠ کیلومیتریی ڕێگای سنە ـ مەریوان و لە ٦ کیلومیتریی شاری سەوڵاوا(ی مەریوان) هەڵ کەوتوە. زۆر ڕێگا بۆ سەرکەوتن لەم چیایە هەن. بۆ وێنە سەوڵاوا، نسڵ و گۆشخانی، نگڵ و ... کە بۆ شاخەوانەکان و سروشتدۆستانی ناوچە، ڕێگای نگڵ ناسراو(تر)ە. کانیاوە پڕئاوەکان، بنارە ڕەنگاورەنگەکان، گیابۆنخۆشەکان، دەنگی مەلان و هەورازو نشێوەکانی ئەم چیایە، هەموو ساڵێ دەبنە ڕووگەی هەزاران کەس لە دڵدارانی جوانی و سەرسەوزی.

کوڕەمیانە، حەشارگەی زستانی نیە، کەڵ(ەکێوی)، بزن، مار، "لنگ"، کەو، سمۆرە، هەڵۆ، ڕێوی و ... لە گیانلەبەرانی ئەم چیایەن.

گوڵو گیای وەك چنوور، وەنەوشە، ڕێواس، هەڵاڵەبرمە(شلێر)، لۆ، بەنا، بەڕەزا، وێڕای لێرەواری پێکهاتوو لە بەروو، بەتایبەتی لە داوێنەکانی ڕووکاری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی چیاکەدا، بەشی هەرەزۆری ڕووبەری گیایی پێك دێنن. ڕووەکەکانی ئەم چیایە، بە زۆری لە بنەماڵەی چەتربازەکانن.

ئاوەڕۆی کوڕەمیانە دەچێتەوە نێو چۆمی سیروان. چوون بۆ سەر ترۆپکەکانی کوڕەمیانە و هاتنە خوار، ١٠ سەعات دەخایەنێ.

سەرچاوە: "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اوّل: "کوهها"

ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## پەیامی پرسەو سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو سورەیا سیراجەدینی



بەڕێزان ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوور!

بەسلاو،

بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی مەرگی نابەوەختو لە نەکاوی خانمی "سورەیا سیراجەینی" جێگری سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد "KNC"و تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسیو چالاك لەبواری یەکسانی مافی ژنو پیاو لەکۆمەڵداو دۆستێکی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان بیستو خەمباری کردین.

بەم بۆنەوە وێڕای دەربڕینی پەژارەمان بۆ لەدەست چوونی ئەو خانمە هەڵسوورو دڵسۆزە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێزو هەموو دۆستانو ئاشنایانیو بە تایبەتی هاوسەرو بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەینو خۆمان بە بەشداری ئەم خەمەتان دەزانین. سەبرو سێبووری بۆ هەموو لایەك بەئاوات دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠٠٦/٧/٢٦ ـ ١٣٨٥/٥/٤**

## شاری حەسەنکێف وەبن بەنداوی "ئیلی سوو" دەکەوێ





پاش چەندین ساڵ کێشەو ناکۆکیی لەسەر دروستکردنی ئاوبەندێك لەسەر چۆمی دیجلە لە کوردستان تورکیە کە کۆمەڵێك شوێنەواری مێژوویی وەبن خۆیدەدا، سەرەنجام سەرۆك وەزیری تورکیە، ڕەزامەندیی خۆیی بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی دروستکردنی ئەم سەدە دەربڕی.

ئەوانەی لەگەڵ دروستکردنی ئەم بەنداوەدان دەڵێن: ئەم سەدە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە کە لە ناوچەکانی دیکەی تورکیە هەژارترن، ئاو، برقو کار بەرهەم دێنێ. بەڵام ئەوانەی دژی دروستکردنی بەنداوەکەن، دەڵێن ئەم بەنداوە شاری مێژوویی حەسەنکێف وێران دەکاو مێژوویەکی چەند هەزار ساڵە لەگەڵ خۆی نوقم دەکا.

ئەم بەنداوە کە بە ناو گوندێکی نزیك خۆی بە "ئیلی سوو" ناودێر کراوە، لە ٤٧ کیلۆ مێتریی سنووری سوریەو لە پارێزگەی کوردنشینی دیاربەکر، دروست دەکرێو، ئەگەر بێتە بەرهەم، لەباری زۆریی ئاوێك کە تێیدا پاشەکەوت دەکرێ، دەبێتە دووهەم بەنداوی گەورەی تورکیە. پێش بینی دەکرێ دروستکردنی ئەم بەنداوە ٧ ساڵ بخایەنێو زیاتر لە ١/٥ میلیارد دولاری تێ بچێ.

گەڵاڵەی دروستکردنی ئەم بەنداوە، نزیکەی ٣٠ ساڵە هەیە، بەڵام دژایەتی لەگەڵ دروستکرنەکەی ئەوەندە زۆر بووە کە پێنج ساڵ لەمەوبەر کۆمپانییایەکی بریتانیایی بە ناوی "باڵفور بیتی" کە گرێبەستی بۆ دروستکردنی بەنداوەوکە



مۆر کردبوو، گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوەو پاشانیش کۆمپانیای ئیتالیایی ئێمپرلیوو بانکی سویسی V.P.S.I لە گەڵاڵەی دروستکردنی ئەم بەنداوە کشانەوەو لە ئاکامدا گەڵاڵەکە ڕاوەستا. لەو ماوەیەدا ڕێکخراوە دەوڵەتیو نادەوڵەتییەکانو دامەزراوە مەدەنییەکانی تورکیەو وڵاتانی دیکەی جیهان، یەکگرتنیان بەمەبەستی دژایەتی لەگەڵ دروستکردنی ئەم بەنداوە بۆ پارێزگاری لە شوێنەوارە مێژووییەکانی شاری حەسەنکێف پێك هێنا، سەرەنجام کۆنسێرسیومێکی ئۆتریشی، ڕێککەوتننامەی بە مەبەستی دروستکردنی ئەم بەنداوە مۆر کرد.

تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ دەڵێن بەنداوی "ئیلی سوو" جگە لە وێرانکردنی شوێنەوارە مێژووییەکان بە ژێرئاو خستنی ١٩٩ گوندو شار، دەبێتە هۆی ئاوارەیی ٥٥ تا ٧٨ هەزار کەسو ئەمە کارەساتێکی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە. حەسەنکێف، کە شارێکی مێژووییەو لانی کەم ٣٨٠٠ کەسی تێدا دەژی، یەکێك لەو شارانەیە کە وەبن ئاو دەکەوی. شوێنەوارە مێژووییەکانی حەسەنکێف هی ١٢ـ ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرن. هەروەها هێندێك شوێنەواری شارستانەتییەکانی ئاشوور، ڕۆمو تورکەکانی سەلجووقی لەم شارەدا هەن.

BBC.persian

## دەلاقە



## فیدراڵیزم

یەکێك لەو پێناسانەی فیدراڵیزم کە هەموو خاسیەتە دیارەکانی سیستەمی فیدرالی دەگرێتەوە ئەم پێناسەیە:

" فیدراڵیزم بنەماو سترۆکتورو پرنسیپی ڕێکخراوەییو ئۆرگانیز کردنی سیستەمی سیاسییە، کە کەم تا زۆر ئەندامان بە سەربەخۆییو سەربەستی لەسەر پێکهێنانی بنچینەکانی ڕێکخستنی دەوڵەت پێك دێن (Beyme 1968, Oberreuter 1986).

لە ئەڵمانیادا فیدراڵیزم بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە یاساکانی دەوڵەتو دەستووری دەوڵەت (Vogel 1984).

گەر بمانەوێت هەموو ئەمانەی سەرەوە (خاسیەتە دیارەکانی سیستەمی فیدرالی) لە فۆرمێکی هاوئاهەنگ دا پێناسە بکەین دەتوانین بڵێین: بۆ ئەوەی فیدراڵیزم لە ڕووی کارکردنیەوە هاوئاهەنگ بێت، دوومەرجی گرنگی بوونی هەبێت، یەکەمیان: دەبێت هیترۆگینیەت/جوداوازیو هەمەڕەنگیی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبێت. ئەم هەمەڕەنگییە لە ئاستە ئابووریو سیاسیو سەربازییەکانیدا لەسەر بنچینەی تێکەڵبوونو دانپێدانان بە یەکترو ئۆتۆمیەتو سەربەخۆیی هەموو لایەك خۆی سەقامگیر دەکات. دووهەمیان: دەسەڵاتو تەرکیبەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت شاقۆڵی بێتو مافی کەمایەتییەکانو ناوچە جیاجیاکانو دانپێدانانی ئامانجی ئەو سیستەمە بێت Sehutze 1983:93.

سەرچاوە: کتێبی "فیدراڵیزم و ئەزموونە جیاوازەکانی"، ئامادەکردنو وەرگێڕانی لە ئەلمانییەوە: ئیسماعیل حەمەئەمین، لاپەڕەکانی ٢٤و ٢٥

## مرواریی دەریای وشە

ژن وەك مانگی چاردە وایە کە لەسەر سەری ئێمە بە ئاسمانی بێسنووردا دەخولێتەوە، بچێتە هەر جێیەك تیشکیخۆی پێشکەشی سروشت دەکا.

**(ئەلێکساندر پووشکین)**

شانازی، لە سڕینەوەی دڵۆپێك فرمێسك دایە نەك لە وەڕێخستنی لافاوی خوێندا. **(لۆرد بایرۆن)**

هەوڵ بدە تا بڵێسەی ئاگری ئاسمانی، یانی ویژدان و بەرپرسیارەتییەکانی، هەموو کات لە ئاورگی نێو سینگی خۆتدا بە زیندوویی رابگری.

**(جۆرج واشنگتۆن)**

ژیانی کەسانی مەراییکەر و زمانلووس بە بوونی ئەو کەسانە بەستراوەتەوە کە کڕیاری مەراییکردن و زمانلووسی ئەوانن. **(ژان لافۆنتێن)**